تەنانەت ئەو شەوانەش وا با ئەلووریێنێت و ئەسووڕێتە نێو دارەکاندا، هەر دەس هەڵگیر نیت .... حەزت لە باران و بەفر نیە .... جارانیش هەرکە با ئەیلووراند، ئەتگوت کەسێکی دیکەدێت و هێزێکی تایبەت دەرژێنێتە نێو جەستەتەوە، لە پڕ دەکەویتە جم و جۆڵ و هاوڕێکانت کۆ دەکردەوە .... با شەلاقتانی دەکێشا و تۆشێتانە قسەت دەکرد و نەخشەت دەکێشا و هەمووویان وەکوو جادووکراو، سەیری تۆیان دەکرد .... لە تۆ کۆ دەبوونەوە و گوێیان بۆت رادەگرت و تۆ هەر قسەت دەکرد و دەستورت دەدا و ئەوانیش قبوڵیان دەکرد .... شێخ دەیگوت: کاتێ کە با ئەلووریێنێت، رۆحی پاکی لە تۆدا زیندوو دەبێتەوە، رۆحی خەبات و هێرش بە هۆی تۆوە عەشیرەکەمان داگیر دەکات و هەمووومان هەڵدەخرۆشێنێت و .... ئێستاش تۆ هەر دەس هەڵگیر نیت .... کاتێ کە با هاژەی دێت .... با رەشەکان .... با زەردەکان .... با سوورەکان .... تۆشێت دەبیت .... شەو و رۆژ لێك ناکەیتەوە و لەو ژێرەوە دەردێت و دەرۆیتە سەر سەریان .... لەو ژێرەوە دەریان دێنیت و لە تەنیشت دارە پیرە زەیتوونەکەوە کۆیان دەکەیتەوە و دەس دەکەیتە

نەخشەکێشـــان و هەمـــوویان ســـەیرت دەکـــەن .... بـــە چـــاوە بـــێتینەکانـــیان و بـــە تاپـــۆە مانـــدوو و تۆزاوییەکانـــیانەوە گـــوێت بـــۆ ڕادەگـــرن .... تەنـــیا لـــە نێوانـــیاندا ئەمـــە تـــۆی کـــە هێشـــتا زیـــندووی، مات نەبوویتە، هێشتا ماوی، خۆت بڕوات پێیە کە زیندوویی ....

هـــەر کـــە بـــا ئەخـــەوێت ئەوانـــیش پـــەخش و بـــڵاو دەبـــنەوەو بـــە جـــێت دەهێڵـــێن .... بـــە تـــاك دەمێنیـــتەوە و جەلـــیل تەنـــیا کەســـێکە وا لـــە کۆبوونەوەکانـــتاندا بەشـــداری ناکـــات، .... کاتـــێ کـــە هەمـــوویان دەڕۆن و تـــۆبە تەنـــیا دەمێنیـــتەوە، جەلـــیل خـــەمت بـــۆ دەخـــوات .... دەنگـــی پرمەپرمـــی گریانەکانـــی جەلـــیل لـــەو ژێـــرەوەو دەبیســـیت و خـــەم دات دەگـــرێ و تـــۆش دەگـــریت و کفـــر دەکـــەی و .... نەفـــرین دەکـــەی تـــۆ و لـــەو ژێـــرەوە دەلـــەرزیت و بـــەردەوام چـــنگ دەکوتیـــتە نـــێو قـــوڕە تـــەڕەکان .... بەڵام ناکرێ .... نابێ .... نا .... ناکرێ ....

هەمـــوو شـــتێ لـــەپاش مردنـــی تـــۆوە دەســـتی پـــێ کـــرد .... تـــۆی کـــورتە بـــاڵای، چـــاو زەنگـــیانەی، کـــە پـــۆبەرز. کاتـــێ لـــە دوورەوە دەهاتـــی چـــەندە ســـامناك بـــووی، ســـروە دەســـووڕایە نـــێوان ریشـــەی رەشـــتیەکەتەوە و

ریشـــەکانی ســـەرتەوێڵتی دەهێـــنایە ســـەما .... ئـــەت کـــوت لـــە ســـەر هـــەواوە تـــێدەپەڕی، پێـــیەکانت نەدەکەوتـــنە ســـەر زەویـــەوە .... هـــیچ کاتـــێ ئەوشـــتە وا دەتپێچـــایە نـــێوان ئـــەو دەسماڵـــە رەشـــەوە و لـــە تـــۆی شاڵەکەتت دەدا، لە بیرت نەدەکردەوە . . . .

کـەس نەیدەزانـی ئەوشـتە چییە، بـەڵام لـەو رۆژەوە وا لەگـەڵ بـنەماڵە و تـڕوتایفەکەتەوە کوچـتان کـردە ئـەو کـۆڵانە پـان و بەریـنانە وا دووایـی نـێویان نابـوو کۆڵانـی کۆچـەریـەکان، ئەوشـتەت لـە خـۆ دوور نەکـردەوە .... شـێخ گوتـی: مـافی ئـەوەت نیـیە .... تەنانـەت .... سـەیری بکـەی .... هـیچ کاتـی .... تـا ئـەو جـێگاکە هەسـتت کـرد خەریکـی دەمـری .... ئـەو کاتـێ دەتوانـی سـەیری بکـەی .... گـوتت: ئەگـەر سـەیری بکـەم چـی؟ و بـەقاقا پێکەنـیت .... تـەواو جەسـتەی شـێخ هـەژا و مـۆڕی لـێت بـردەوە، مووچـڕك بـە لەشـتدا گـەڕا و تـۆ ترسـای .... گوتـی ئـەو ئیشـە ناکـەی .... چـۆنکە رۆحـی پشـتیوانی عەشـیرەکەمان، پشـتمان لـێ دەکـات و ئەوقسـانە تـا ناخـی دڵ و رۆحـت کـاری لـێت کـرد و هـیچ کاتـێ دەسـتت نەبـرد ئـەو گـرێیە بکەیـتەوەو بزانـی چـی تـێدایە ....

هەنــدێ كــەس دەیانگــوت دەمانچــەی كەمەریــە .... هەنــدێ دەیــان كــوت دۆعایـــە، بــۆ پاراســتنی خــۆی لـــە شـــاڵەكەی دای دەنـــێ و هەندێكــیش دەیــان گــوت گەوهەرێكــی پــڕ بایەخــە و بابەگــەورە هــیچ كاتــێ لــە خــۆی دووری ناخاتــەوە .... تەنانــەت دەیــان كــوت ئــەو گەوهــەرە، ئەوجــۆرە وا شــێخ كوتــوویە، مــەزنترین دارایــی عەشــیرەیە و خــەڵكان لــە هــەژاری و دەرد و نەخۆشــی دووردەخاتــەوە و دەیــان پارێــزێ و بــە حــەزەوە ســەیری خۆیانــیان دەكــرد و دەیــان كــوت بــۆیە ئــاوا ســاخ و ســـڵامەتین و مـــەرگمان لـــێ بـــە دوورە .... هەڵـــبەت كەســـێ، راســـتەوخۆ ئــەم قســانەی لــە زاری ئەوشــێخە بچــكۆلانە و كــەم قســە و پــاك و خاوێــنە نەبیســـتبوو .... بـــەڵام بیســـتبوویان كـــە بـــە بـــزەوە ئەیگـــوت: رۆحێكـــی پــاك و ســپی پشــتیوانی عەشــیرەكەمانــە و ئــەو كاتــە خــەڵك بــە غــرورەوە ســـەیری تـــۆیان دەكـــرد وا بـــرا گچـــكەی شـــێخ بـــووی و هـــەر بـــزەیان بـــە رووتانــدا دەبــردەوە .... ئەوانــەش وا لــە ئــەو حەوشــە گــەورە و پــڕ لــە سـپیدارە هـەرە مەزنانـەوە لـە سـەر زەویـنەكە، چـوار مشـقی بەرانـبەر بـە شــێخ دادەنیشــتن و كرنۆشــیان بــۆ دەبــرد و پاشــان هەڵدەســتان و دەســتی راسـتیان روولـە شـیخ درێـژ دەكـردەوەو دیانگـوت «مـن عەبـدی تـۆم یـا

شێخ» سەبارەت بە ئەو شتە وا تۆ لە شاڵەکەتت دەدا هیچ قسەو و باسێکیان لە شێخ نەبیستبوو شێخیش گوێ بۆ ئەو قسانە شل نەدەکرد و بەرانبەر بە ئەو هەموو کڕنۆشانە لە خۆی دەرنەدە چوو هەر وەکوو خۆی مابووەوە .... شێخە ئازیزەکە وا بە چەن وشە هەموو کارێکی ڕێك دەخست. هیچ کاتێ لە خۆی دەرنەدەچوو .... خەڵکی کۆڵانەکانی دراوسێ دەیان گوت: ڕۆژێ هەشت کوڕ و کچی گەنج بۆلای شێخ ڕۆیشتن و گوتیان: یا شێخ هەموومان عەبدی تۆین .... هەر شتێ تۆ بیلێی هەر ئەوە دەکەین .... شێخ گچکە وا لە سەر قورسینێك دانیشتبوو و تەشتێکی قوڕی سووری خاوێنی لە بەر دەستدا بوو، هەروا کە خەریکی درووس کردنی بووکە قوڕینەکانی بوو، پرسیاری کرد: بابەتان؟ کەس دەنگی نەکرد .... با گەورەتان؟ بێ دەنگی بوو .... مامەتان؟ کەس فزەی نکرد .... دایەتان؟ هیچیان نەگوت. شێخ دەستە قوڕاویەکەی هێنایە پێش .... کوڕەکان هەر کامەیان بەشێ لە دەستی ئەویان گرت: حەزت لێیە؟ .... هەموویان پێکەوە وەڵامیان دایەوە: با .... شێخ سەرلە نوێ بێدەنگ بوو .... کچەکان لە سەر ئەژنۆ خۆیانیان کشایە پێشەوە و

هەر کامەیان دەستیان لە دەستی عاشقەکەیان دانا. شێخ پرسیاری کرد: حەزت لێیە؟ کچەکان پێکەوە گوتیان: با .... شێخ بێدەنگ بوو .... دەستێ لە سەر دەست یان شانی شێخ و دەستیتر لە سەر ئەژنۆی خۆ، کچەکان لە لای چەپەوە و کورەکان لە لای ڕاستەوە، نیگا لە نیگای یەکتروە، شێخ لە نێوان قووتوویێکی زەرد رەنگدا، هەشت پاروونانی هەڵگرت و ژەندیە نێوان ئاوێکی سوورەوە وا لە نێوان کوپەیەکدا بوو و یەکە یەکە لەزاریانی ناوگوتی: لە ئێستاوە ئێوە بۆ یەکتر حەڵاڵن .... بەو سانایيە دەس بەدەستيانی داو بەڕێیانی کرد. کاتێ کە دەڕۆیشتن شێخ هەشت بووکە قوڕینەی پێشکەش کردن، وەختێ کە بووکەکانیان وەرگرت .... سەرسووڕمان و مات، ئەڵێی سەیری خۆیانیان دەکرد، سەیری بووکەکانیان کرد و ڕۆیشتن .... چیرۆکی «بووکە قوڕینەکانی هەشت بووك و زاوای نامۆ» کە بە دڵ و بە گیان ببوون بە عەبدی شێخ، دووایی ڕێگای ژیانی تۆیان گۆڕا .... تۆش ئەت بینی کە ئەو چ دەکات و هیچت نەدەگوت .... بۆ؟ .... خۆتیش نەتدەزانی .... هیچ کات هێزی ئەوەت نەبوو تەنانەت پرسیارێکیشی لێ بکەیت .... شێخ، ئەتۆ

خەریکــــی چـــیت؟ .... ســـەرومالّمان تـــێك دەدەی .... بـــنە و بـــنە چـــینەمان دەســـووتێنی .... نەتدەتوانـــی .... دەلـــەرزایت و قیـــنت دەکـــرد .... بـــەلاّم .... زمانـــت دەپســـا .... دەنگـــی تـــۆ کـــە دەرنـــەدەهات .... هەمـــوو کـــەس بێدەنگ دەبـــوون و هـــێدی .... هـــێدی .... شـــێخەکەی تـــۆ، تـــەواو یاســـاکانی گـــۆڕا .... ئـــای بابەگـــەورەی کـورتە بـالاّو دایمـە بێدەنـگ و قـوورس و قـایم وەکـو چیاکان .... ئەتـۆ بـەو دڵـە خـاوێن و میهـرەبانتەوە بـە ڕاسـتی چیت لـەو دونـیایە دەویست؟ .... ڕەنگـە کـەس لـەو عەشـیرە یـان لـە دراوسـێیەکانتان و ئەوانـیتـر نەیاندەزانـی ئەتـۆ چـەندە میهرەبانـی .... تەنانـەت ئەوکاتانـەش وا خـوێن لـە چـاوانتا شـەپۆلـی دەدا و پـێش چـاوی خـۆتت نـەدەدی و شەوانە لـە گـەڵ پـیاوەکانـت بـەرەو سـنوورەکان دەڕۆیشـتی بـۆ شـەڕکردن و بـۆ کوشـــتن، هـــەر میهـــرەبان بـــووی .... کاتـــێ کـــە مانـــدوو و زامـــدار دەگەڕایـــتەوە کـــۆلاّنە پـــان و بەرینەکانـــی ناوەنـــدی حکـــومەتەکەت، کۆلاّنەکانـــی کۆچـــەریەکان وا بـــە چـــادرە ڕەشـــەکان لـــە هەردوســـەرەوە دایانـت پۆشـاند بـوو، تـا هـیچ مرۆڤیکـی نامـۆ تەنانـەت مـافی سـەیر کردنـــی دەڤـــەری حکومەتەکەتـــی پـــێ نـــەدرێ، هـــەر میهـــرەبان بـــوویت

.... كاتێ کە دەڕۆیشتی کەس فزەی نەدەکرد و خەڵکان خۆیان گێل دەکرد .... ئەتگوت هەموویان لە پڕ کەڕ بوونە .... چ خەڵکانی کۆڵانەکانی دراوسێ و چ خەڵکانی کۆڵانەکانی دوورتر، بەڵام کاتێ کە دەگەڕایتەوە، خەڵك خێرا دەڕۆیشتن و گوێیان بە دەروازەکانیانەوە دەلکاند و بە چپەو سرتەوە دەیان گوت: گەڕایەوە .... هاتەوە .... دیسانەوە هاتەوە .... هەندێ جار خۆت گوێت لە چپە چپەکانیانەوە بوو، تەنانەت دەنگی هانکە هانکی هەناسەکانیانت لەو دیوی دەرگا داخراوەکانەوە دەبیست و تەنانەت بزەییێکیشت نەدەبردەوە .... بە چاوە ورد و بریقەدارانەکەتەوە، لە پێش خۆتت دەڕوانی و ڕاست لە سەر کۆڵی ئەسپەکەت دادەنیشتی و بێدەنگ خۆت و سوارەکانت ئەو هەموو کەل و پەلە ورد و درشتانەتان دەهێنایەوە و لە کۆڵانەکان تێدەپەڕین تا دەگەیشتنە گەڕەکی خۆتان .... هەر کە دەگەیشتن دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و پێکەنین و خۆشی لە خانووەکانتانەوە بەرز دەبوونەوە و چەن پیاوی گەنج و قایم ئەو چادرە ڕەشانەیان هەڵدەگرت و لە جیاتی ئەوانە چادرە سەوزەکانیان لە هەردوسەری کۆڵانەکاندا هەڵدەواسی .... تەنانەت لەو کاتانەش،

کـەس نەیدەوێـرا سـەیری کۆڵانەکانـی دەڤـەری حکومەتـی تـۆ بکـات، ئیشـك چیت دادەنـا بـۆ کـۆڵانەکانت، کـەس مـافی ئەوەشـی نەبـوو لـەو دەوروبەرانـەش تێبـپەڕێ .... چـەن جـار ئـیدارەی ژاندارمـری و ئـیدارەی پەنابـەران خـۆیان تـێگەیاندبـوو، بـەڵام هەمـوو جارێ کاتـێ کـە پیاوێکـی دەوڵـەت قـورس و قـایم دەهـات و ئەبـووە میوانـی تـۆ، پـاش چـەن کاتژمێـر، شـەرمن و بـێدەنگ بـە کـولمە سـوورەکانیەوە بـە هێواشـی لـە شـاکۆڵانی حکـومەتەکەت دەهاتـەدەرەوە و روو لـە دراوسـێیەکانت دەی گـوت: کـەس مـافی ئـەوەی نـیە ئازاریـان بـداتێ، ئیـنجا رێگـای دەگـرتە پـێش و دەڕۆیشـت تـا ئەوکاتـە کـە سـەر لـە نـوێ پیاوێکـی دیکـەی دەوڵەت بهاتبایێ ....

هـەر دەتزانـی بـۆ ئەوەنـدە شـەڕت کـردووە؟ .... شـەڕکردن هـەر لـە کوێـوە دەستی پـێ کـرد.؟ ئاگـات لـە خـۆت بـووە هـەر لە سەرچی شەڕت دەکـرد؟ .... خـەبات، شـۆڕش، بـراکوژی .... ئەمانـە بـوون درۆشمەکانـی تـۆ .... بـە ڕواڵـەت چـەن کـۆڵانت داگـیر کـردبوو، .... لـە ڕاسـتیدا، تـو بەشـێکی مـەزن لـە زەوینەکانـی ئـەو شـارەت داگـیر کردبوو، تۆو عەشیرەکەت ....

دەوڵــەت خانــووی بــۆ دروســتکردن، خانــووی چــیمەنتۆیی .... لــە ناوەنـدی هـەر گەڕەکـێکدا شـا لـوولەی ئـاوی بـۆ دامەزرانـد بـوون .... هــێدی هــێدی خەریکــی ســازکردنی کارەبابــوون بــۆتان .... دەوڵــەت کارەبـای دەداپێـتان .... مانگـێ جـارێ دوکـتۆرێ لەگـەڵ ئافرەتێکـی جــوان و رێــك و پــێك دەهاتــنە نــێو عەشــیرەو هەمووتانــی معایــنە دەکــردن .... دوخێکــی باشــتان بــوو، خــراپ نەبــوون، قاچــاخەکانتان بەڕێبـوون، بـێ پارەنەبـوون .... ئـیدی چـیتان کـەمبـوو .... دەردتـان چـی بــوو .... ســەیری خانــووە چــیمەنتۆییەکانتان دەکــرد و دەتــان گــوت: ســەیری کــە وەکــوو کولــێنی مریشــکە .... لــە کاتــی خۆشــۆردندا بــۆ حەمامــەکان نەدەڕۆیشــتن .... ئاوتــان دەهێــنایە کــوڵ و لــە خــوارەوەی ژوورەکانــــتانەوە خــــۆتان دەشــــۆرد .... بــــۆ هەنــــدێ لــــە خەڵکــــی عەشــیرەکەت وا لــە خانــووەکاندا ســەقامیان نەدەگــرت، ڕەشماڵــەکانت دامەزراندبـوو لـە بـنی کـۆڵانەکاندا ئـەو ڕەشماڵانـەت بەرێخسـتبوو .... لەوێـدا خەڵکـی نامـۆ هـەرهات و چـۆیان نەدەکـرد .... ئەوخەڵکـە وا هـیچ کاتـێ ئـەو کـۆڵانە سـەر سـووڕهێنەرانەیان نـەدی بـوو .... هەنـدێ جـاریش چـەن رۆژێ خـۆتت دەدزیـەوە و بـۆ نـێو یـەکێ لـەو ڕەشـالانە

کۆچـــت دەکـــرد، لەگـــەڵ دایەگـــەورەدا دەرۆیشـــتی .... زۆریـــان نەیاندەزانـی لـە کامـە شـوێنی، جگـە لـە «ماجـد» .... ئـەو دەیزانـی و لای کەسـیش نەیدەدرکانـد .... دایەگـەورە جـوان و ڕێـك و پـێکەکەت دەڕفانـدە نـێو ئـەو ڕەشماڵـە و لـە سـەر ئـەو حەسـیرە خـولاویانە وە دەتخولـۆپاندەوە و دەتلێسـتەوە و دەتگـا .... ئۆقـرەت دەگـرت لـە ئامێـزی ئـەو ئافـرەتە جوانەدا .... حـەزت لـە ئـەو ئافـرەتە جوانە بوو وا لـە گـەڵ دوکـتۆرەکە دەهـات و خەڵکـی ئامـادە دەکـرد بـۆ معایـنە کـردن .... حـەزت لـێ بـوو و نەتدەدرکانـد .... بـەڵام تـۆ چـۆن چـۆنت حەزەکـەت دەربـبڕیایێ بـاش بـوو؟ .... وەخـتە بووشـێت بـبی .... ماجـد .... ئـەو زیـرەك بـوو .... پـاش دوو سـێ جـار هـات و چـۆ، ئافـرەتەکەی سـاز کـرد بـوو بـۆ خـوی .... ئاگادارتـیان کـردوە .... ماجـد ئافـرەتەکەی بـە کامـە فـێڵ، نـیوە شـەوێك کشـاندبووە نـێو یـەکێ لـە ڕەشماڵـەکان؟ .... وەخـتە بـوو دیـق بکـەی .... کـەفت کـرد بـوو .... گـڕت گـرتبوو .... وەخـتە بـوو بمـری .... ڕۆژی دوایـی لـە ماجـد پرسـیارت کـرد .... ڕەنـگ بـێت و بـەرووی ماجـد دنـەما .... گوتـی .... نـا .... قسـەیان بـۆم سـاز کـردووە .... بـڕوامەکە .... جـاری

دووهـەیش هـەمان پـیاو هـات و ئاگادارتـی کـردەوە .... ڕۆیشـتی .... لـە گەڵـی رۆیشـتیتە تەنیشـتی رەشماڵەکـەوە .... دەنگـی هەناسـەکانی ماجـد و ناڵەناڵەکانـی ئافـرەتەکەت دەبیسـت .... تـەواو جەسـتەت دەهـــەژا .... گەڕایـــتەوە نـــێو پـــێخەفە ســـاردەکەت .... کلاشـینکۆفەکەت لـە ئامێـز گـرت و ڕاتکشـا .... نەخەوتـی، تـا بەیانـی نەخەوتـی .... هـــەر ئاخـــت هەڵدەکێشـــا .... پـــاش دوو، ســـێ رۆژ ســـەرگەردانی .... وەکـــوو شـــێتەکان، دایەگـــەورەت رفانـــدە نـــێو رەشماڵەکـە .... هـەر ئـەو رەشماڵـە وا ماجـد ئافـرەتەکەی لـە نـێویدا گـا بـوو .... زارت نایـە نـاو زاری دایەگـەورە و چـاوەکانت قووچـاند و لچـەکانیت مـژی .... مەمکـەکانت هەڵگلـۆفاند و هـەر چـاوەکانت نەکـردەوە .... وەکـوو ئاگـر بـووی و ئـەوت لـە ئامێـزدا، دەگووشـی .... ئافـرەتەکەت لـە ئامێـزدا دەگووشـی .... لـە دونـیای خـۆتدا .... لـە مێشـکی خـۆتدا .... بۆنـی عەتـرەکەی ئافـرەتەکە لـە کەپـۆتدا لـە هـات و چۆدا بـوو .... تـۆ لـە راستـیدا لەگـەڵ ئـەو ئافـرەتەدا جووت بـبووی و تـۆزێ ئۆقـرەت گـرت .... بـێ ئـەوە هـیچ کـەس بـزانێ .... تـۆ بـە ماجدت زانـی، بـەڵام ئـەو بـە تـۆی نەزانـی .... سـەرەڕای ئەو عەشقە

ڕێــبوارانە وا هەنــدێ جــار دەروونتــیان داگــیر دەکــرد، دایەگــەورەت زۆر خــۆش دەویســت .... زۆر .... بــاڵای دایــە گــەورە لــە تــۆ بەرزتــر بــوو .... زۆریــش لــە تــۆ جــوانتر و کــەم تەمــنتر بــوو، بــەڵام ئــەویش هــەر تــۆی دەویســت .... زۆر پــێش ئــەوە کــە بیــتە ئــەو وڵاتــە، لــە وڵاتــی خۆتدا، لە دەڤــەرەی خــۆتاندا، لــە نــێوان دارە زەیــتوونەکاندا، دایەگــەورە بــۆ یەکــەم جــار تــۆی بــینی و عاشــقت ببوو .... ئــەو لــە نــێو دارە زەیــتوونەکاندا بۆ تــۆی دەڕوانــی .... دڵــی دەلــەرزا لــە عەشــقی تــۆدا .... تەنانــەت ئــەو کاتانــەش کــە تــووڕە و قــورس لەگــەڵ جەلــیلدا دەدوای و هــەر قســەت دەکــرد و هــاوارت دەکــرد و شــەڕت بــەڕێ دەخســت، دایــە گــەورە هــەر تــۆی خــۆش دەویســت ....: ئاخــر ئــەو کــورتە باڵایــە چییە وا ئەوەنــدە حــەزت لێــیە کچــێ .... ئــەها ســەیری جەلــیل بکــە .... بــزانە .... بــاڵا بــەرزو ناوشــان پــان .... چــەندە دارایــی هەیــە .... خاوەنــی زەویــن و زارە .... ئاغایــە .... ئەتــۆ خــودا ســەری لــێت شــێواندووە وا دڵــت داوەتــە ئــەو خوێــڕیەی فشــەکەرە .... دایەگــەورە حــەزی لــە فشــە کردنەکانیشــت بــوو .... کاتــێ ســەیری دایەگــەورەت دەکــرد .... دەســت و پێــی ئــەو کچــە ناســك و جــوانە بــێ هێــز دەبــوەوە و زاری وشــك

هەڵدەگەڕا و سەری داخی دەکرد و فرتەفرت بۆ لای دایەی دەڕۆیشت و تۆ هەر سەیری شوێنی ئەوت دەکرد .... جەلیل پێکەنینی پێت دەهات .... بە بێ دەنگی پێتدەکەنی .... لە دڵیدا پێتدەکەنی .... تۆ هەژار و نەدار بووی .... ئەو ئاغا بوو .... شێخ بوو .... دەستێکی لە حکومەتدا بوو .... خاوەنی هێزی سیاسی بوو .... بەڵام تۆو براکەت هەر تەنیا، هزرتان بوو، شعرتان لە بەر کرد بوو و کتێب خوێن بوون .... جەلیل دەیگوت شیعر و میعر دەبێتە فلسێکەوە نانی پێ بکڕن؟ .... بەڵام تۆی شڕپۆش لە ئاکامدا کاری خۆتت کرد .... کاری خۆتان کرد .... تۆ و دایەگەورە شەوێکیان بەدزیەوە بێ ئەوە لای کەس بیدرکێنن، هەڵاتن .... دایەگەورەت رفاند .... دایەگەورە ڕەدووی تۆ کەوت .... ڕۆیشتن .... بۆ ئەودیوی سنوورەکان ڕۆیشتن .... دوورەوە کەوتن .... ئەمە ببوو بە یەکەمین کۆچتان .... لەوێدا خۆتان نوقم کرد .... نەمان .... خانووێکتان بەکرێگرت .... لە نێوان حەوشەکە تانەوە .... دارێکی پیری زەیتوون سەوز ببوو .... هەر کە دارەکەت بینی، خانووەکەت بەکرێ گرت .... بە دڵت بوو ئەو خانووە وا داری زەیتونی تێدا

سەوز ببوو .... ئەو خانووە ببوو بە یەکەمین ناوەندی عەشقی تۆ و دایە گەورە .... مندالەکانت هەر لەوێ لە دایك ببوون .... لە ژێر ئەوداره زەیتوونە دایەگەورە چوار بەچکەی کرد .... مندالەکانت وەکوو ئەو داره لەو مالەکۆنە بالایان کرد .... جەلیل تەنانەت کولێنی مریشکەکانیش گەڕا .... نەبوون .... نەمابوون .... نوقم ببوون .... لە هیچ کوێدا نەبوون .... ببوون بە دلۆپێك ئاو و ڕۆچوونە زەوینەوە .... کاتێ کە لەگەڵ ئەو چوار مندالەو ماڵ ودارایەوە، پاش چەن ساڵ دووری گەڕا بوونەوە نێوان عەشیرەکەتانەوە، جەلیل ئیدی نەمابوو .... ڕۆیشتبوو .... خەڵکی عەشیرەش وەکوو گەوهەرێکی پڕ بایەخ لە ئێوە کۆ ببوونەوە .... براکەت ببوو بە سەرۆکی عەشیرە .... شێخ بچکۆلە بە جلەرەشەکەیەوە، ڕێگای لێتان نەگرت .... لە ئامێزی گرتن شێخ .... هەمووتانی لە ئامێز گرت .... بالای ئەو تەنانەت لە بالای تۆش کورتتر بوو، بەلام ئامێزی ئەوەندە مەزن و بەرین بوو کە بە یەکجارە هەمووتانی لە ئامێزی خۆی ڕێگادا و ئێوە ئیدی

نەگەڕانــەوە و لــە وڵاتــی خــۆتاندا مانــەوە .... شــێخ دەســتوریدا لــە نزیکی دارە زیتوونەکاندا، ڕەشماڵێکی مەزنیان بۆتان دامەزراند ....

هەرکــە شــێخ ڕازی بــوو، هەمــوو خەڵکەکــە ڕازی بــوون .... ئــەو کــە حــەزی لێــتان کــرد، خەڵکــیش بــزەیان بەرووتانــەوە بارانــد .... حــەزیان لــە دایەگەورەبــوو و لــە ئامێــزیان دەگــرت، ئــەو ئافــرەتانە وا لــە کاتــی نــوقم بــوونەکەتاندا بــە قیــنەوە وەکــوو حیــز و قەحــبە باســیان لــێ دەکــرد، لــە کاتــی گەڕانەوەکــە دایەگــەورەیان کــردە بــبووبە شــاژنی عەشــیرە و ژنــان لــە ئــەو کــۆ دەبــوونەوە لــە بــۆ بــاس و پــرس کردن .... شێخ ببوو بە شــێخی بــووکە قوڕینەکانــی خــۆی .... ئــەو بــووکە قوڕیــنانە وا گەلــێ حــەزی لێــیان بــوو .... بــبوو بــە شــێخی ئــەو خەڵکــە عاشــقە وا تەنــیا بە بەیتێکــی چــکۆلەی شــیعر بــە یــەکتر حەڵاڵــی دەکــردن و تــۆ بــبووی بــە پــیاوی شــەڕ .... شــێخ تــۆی لــەمس کــرد .... بــە ئەســپایی قامکەکانــی دەســتی ڕاســتی کشــایە ســەر ســەری تــۆدا .... تــۆش جلی شــەڕت لە بەر کــرد .... شــێخ تــۆی وەکــوو موفەڕکــێك، پــیرۆز کــرد و ڕووی لــە خەڵکانــی عەشــیرە کــرد و گوتــی کــە تــۆ ئــیدی نەمــری .... تــۆ هەتاهەتاییــت .... تــۆش گەلــێ مــەزن بوویــتەوە لای خــەڵك و لــە خــۆت

گـۆڕای .... گەورەیـی تـۆ تـەواو عەشـیرە و تایفەکەتـی داگـیر کـرد .... تەنانــەت ســێبەری گەورەیــیەکەت، کەوتــە ســەر ئــەو دەڤەرانــەش وا لەگـەڵ حکـومەتدا شـەڕیان دەکـرد .... نـاوت دەرکـرد و ئەتـۆش لـە گـەڵ حکــومەتدا کەوتیــتە شــەڕ کــردن .... گەورەیــیەکەت مــەزنتــر بــبوو هـێدی هـێدی خـەڵکان شـێخەکەیان لـە بـیر بـردەوە و ئـەویش رازی بـوو .... هــەر ئەمــەی دەویســت .... دەیــان کــوت شــێخ دەمــێکە دیــنی گـۆڕاوە .... بـەڵام ئـەو قسـانە هـیچ شـتێکی نەدەگـۆڕا .... شـێخ وەکـوو هــەتاو دەدرەو شــایەوە و ئەوەنــدە ناســك و پــڕ نــوور بــوو کــە دەکــرا تێـپەڕینی خـوێن لـە نـێوان دەمارەکانـیدا ببـینی .... وەکـوو منداڵـێك بـوو .... هـەر ئەومـنداڵە وا هەنـدێ جـار خـەوت پێـیەوە دەبـینی .... دەس لـە دەسـتەکانی شـێخدا لـە سـەر ئـاوی زەریاکانـدا فـرتە فـرت تـێدە پــەڕین و لــە ئاسمانــدا دەســووڕانەوە و یاریــتان دەکــرد و تــۆ وەکــوو سـێحراویەکان، لـە خەوەکەتـدا، بـێدەنگ و مـت سـەیری ئـەوانت دەکـرد و ســەیری ئــەو پەلکــە رەنگیــنە مەزەنانــە وا بــە شــوێنیاندا ئاسمانــیان دەئــاخنی و روالەتــی ئاسمانــیان دەگــۆڕا، دەکــرد و ئێــرەیت پێــیان دەبــردەوە .... ئــەوان ئاسمانــیان بــە رەنگــە جــوانەکان دەنەخشــاند و

خۆیانــیان بــەو رەنگانــەوە هەڵدەواســی و تــۆ ســەیریانت دەکــرد و لــە خــۆت بــێخود دەبوویــتەوە .... ئەوەنــدە کــە پــاش خەوەکــەت هەمووشــتێکت نووقمــی رەنــگ و موســیقا و جوانــی دەبــینی و کــەس بـاش لـە قسـەکانی تـۆ نەدەگەیشت .... هەردووسێ مـانگ جارێ، ئـەو خەوتــە دەبــینی .... تەنــیا جارێکــیان خەوەکــەت بــۆ شــێخ گەڕانــدەوە، بــەڵام ئــەو تەنــیا پێکەنــی .... هــەر وەکــوو منداڵــێك پێدەکەنــی .... وەکوو منداڵێك ....

چـەندە حـەزم لـەو یاریانـە بـوو و تـۆش چـەندە بـاش بـوویت لە کاتی یاری کـردندا .... هـیچ هەسـتم بـەوە نەدەکـرد تـۆ مرۆڤێکـی مەزنـی .... پـێم وا بــوو ئەتــۆش وەکــوو منــیت، مــنداڵ و خــاوێنی .... بــیرت دێ ئــەو ڕاڕەوە باریکانــە وا پــێکەوە درووســتمان کــرد؟ .... بیرتــە؟ .... قــوڕە ســوورەکانمان لــە ســەر زەویەکــە وەکــوو شــوورایێکی کــورت درووســت دەکــرد و هــەر درێــژەمان بــەو شــوورا کــورتانە دەدا و بــان ئــەو ڕاڕەوانــەمان وەکــوو مــیچ درووس کـردبوو و دامـان پۆشـاند بـوو و پاشـان ئـەو تـوولە مارەمـان گـرت و ئـەو بێچـووە مشـکە و هـەردووکمان خسـتە نێوان ڕارەوەکانەوە؟ ....

مارەكـەمان لـە ئەمسـەرەوە و مشـكەكەمان لـە و سـەرەوە بـەردا .... ڕارەوەكـان پـێچ واپـێچ بـوون و مشـك و مـار یـەكترینیـان نەئـەدی .... مـن و تـۆ لـەو كـونە گچـكانەوە وا لـە سـەر میچـەكەوە دروستـمان كـرد بـوو، سـەیری هـەر دووكـیانمان دەكـرد .... هـەر كـە لەیـەك نـزیك بوونەوە و یـەكتریان بـینی، هەردووكـیان ترسـان .... لـە یـەكتر ترسـان .... مـن و تـۆ سـەیرمان دەكـرد .... لـە پـڕ تـوولە مارەكـە سـەری بـەرز كـردەوە و روو لـە بێچـووە مشـكەكە وەسـتا .... بێچـووە مشـك قـیژاندی و مـن لـەوێ هـەڵاتم .... ئـیدی نـەم توانـی سـەیری ئـەو بێچـووە مشـكە وا وەكـوو ژن قـیژاندی، بكـەم و لـەوێ هـەڵاتم .... شـێخ وەكـوو منداڵـێك پێدەكەنـی .... خـەڵك بەتایـبەت كڕنۆشـی بـۆ ئـەو مـنداڵە دەبـرد .... ئـەوان لـە حەقـیقەتدا شـێخیان دەپەرسـت .... وەكـوو خوداییێكـی گچـكە سـەریان بـۆی دادەنـواند .... شـێخ هـەر شـتێكی بگوتـبایا، راسـت، راسـت دەهاتـە ئـاراەوە .... بـەڵام .... سـێبەری تـۆ ئـارام و ئۆقـرەی لـێ بـڕا بـوو .... تـۆ ئەتەویسـت لـە زووتـرین كاتـدا، سـێبەرەكەت بـڵاو بكەیـتە سـەر تەواوەتـی ئـەو دەڤەرانـەدا .... بگـرە زۆر دوورتـریش .... تا ئەو شەوەگەیشت ....

دەڕۆیــتە کــنی بــووکە قوڕیــنەکانەوە .... بانگــیان دەکــەی .... لــێت کــۆ دەبــنەوە .... ئــەو هەمــوو بــووکە ژن و پــیاوانە، بــە ڕواڵەتــە ئەســتوور و ماتەکەیانــەوە، .... بــە چــاوە قوڕینەکانــیانەوە ســەیرت دەکــەن .... بــە قامکــی دەســتی چــەپتەوە بــۆ گــۆڕی جەلــیل ئامــاژە دەکــەی .... کۆمەڵــی بــووکە قوڕیــنەکان بــەرە و گــۆڕەکە ڕێدەکــەون .... لــە گــۆڕی جەلــیل کــۆ دەبــنەوە و شــەلاقەکانیان دەهەژێــنن و بــۆ هــەواوە هەڵیاندەفــڕێنن و دەیکوتــنە ســەر گــۆڕەکەی جەلــیلەوە .... دەنگــی ناڵــەناڵ و هــاور و هــەرای جەلــیل بــەرز دەبێــتەوە .... جەلــیل دەپاڕێــتەوە و عەفــووی دەبــێ و داوای بەخشــینت لــێ دەکــات جەلــیل .... دەگــری و دەناڵــێت، بــەڵام بــووکە قووڕیــنەکان تــێ ناگــەن .... حاڵــی نــابن .... قــبوولی ناکــەن .... جەلــیل هــاوار دەکــات .... تــۆڵە بەســە .... بەســیەتی تــۆڵە .... تــۆ بــە خــودایێ .... تــوڵە بەســە .... بــە .... ســە .... بــە .... بــا دەســووڕێتە ئــەو دەڤــەرە و ناڵەکانــی جەلیل لەگــەڵ خــۆ دەبــات و دەیــڕژێنێتە نــێوان ئــەو دەنگانــەوە .... ئــەو دەنگانــە وا بــەردەوام و هەمــووکاتێ خەریکــی چــپە چــپ کــردنن .... دەنگــی ئــەو دوو کچــە .... دەنگــەکان، ناڵەکانــی جەلــیل دەبیســن و

دڵـــیان پـــڕ دەبـــێت و لەگـــەڵ ئـــەو ناڵـــە ناڵانـــە وا «بـــا» لەگـــەڵ خـــۆی هێناویانـــیە، دەگـــرین و تـــۆ .... تـــۆی لەحنەتـــی .... هـــەر تـــۆڵە دەكێشـــی .... تـــۆڵەی ئـــەو مـــرۆڤانە وا لـــە ژێـــر شـــەلاقەكەی جەلـــیل گیانـــیان دەرچـــوو .... ئەوانـــە وا لـــە ســـەرزەوی و زارەكانـــی جەلـــیل ئیشـــیان دەكـــرد و جەلـــیل بـــە شـــەلاقەكەی گیانـــی رەش و كـــەوە دەكـــردن .... ئـــەو كۆڵـــبەرانە وا بـــە كـــۆڵە زامـــدار و شـــكاوەكەیانەوە قاچـــاخەكانی جەلیلـــیان دەگواســـتەوە و ئەگـــەر شـــتێ لـــەو نـــاوە بفـــەوتایێ جەلـــیل بـــە گـــوللەیەك قەرەبـــووی دەكـــردەوە .... بـــەڵام نـــا .... تـــۆ .... تـــۆڵەی خۆتـــی لـــێ دەكەیـــتەوە .... تـــۆ .... تـــۆ هێشـــتا هـــەر درۆزنـــی .... و ئەمـــە مـــنم وا تەنـــیا پـــێتی دەزانم .... تـــۆ .... تـــۆی شـــرپۆش و لەحنەتـــی وا ســـێبەرەكەت كەوتـــەوە ســـەر ســـەری ئـــەم خەڵكـــە ســـاكارانە .... تۆ .... تۆڵەی خۆتی لێ دەكەیتەوە ....

جەلـــیل ڕۆیشـــت .... ون بـــوو .... بـــەڵێ ئـــەو ڕۆیشـــت تـــا تـــۆ بگەڕێـــتەوە .... لـــە واقـــیعدا شـــەڕەكان هـــەر لـــە كاتـــی گەڕانەكەنـــەوە دەســـتی پـــێ كرد .... خۆتانـــیش بـــاش تـــێ گەیشـــتن .... تەنانـــەت ئەگـــەر جارێكـــی تـــر هەردووكـــتان، ئـــێوەی ژن و مێـــرد، مـــاڵ و منداڵەكانـــتان هەڵبگـــرداییت

و بڕۆیشــتاییێن، رەنگــە ئێســتا ئــەم شــەڕانە تائێــرە درێــژەی پــێ نــەدرایێ و ئــەم هەمــوو خەڵکــە نەدەکــوژران و ئــەم هەمــوو گــرفتە نەدەهاتــە ئــاراوە .... بــە قــەدر تــەواو چــاخەکان و ســاڵەکان و بیرەکــان و هــرزەکان و خوێــنەکان و هەمــوو شــتێ و هەمــوو شــتێ، چــونکە تــۆ نەڕۆیشــتی، بارۆدۆخەکــە گــۆڕدرا، تەنــیا بــە بــۆنەی مەنســوورەوە .... مەنســوورە گچــەکەی تــۆ حــەزی لــە بــووکە قووڕینەکانــی مامــە شــخەکەی هاتــبوو .... مەنســوورە کچــەکەی ئــێوە، گوتــی بــووکە قوڕینەکانــی مامــە شــێخ لەگــەڵ ئــەودا دەدوێــن، .... هــەر کــە بــە تەنــیا ئەمێنێــتەوە قســەی بــۆ دەکــەن و بەفــیکە فیکەکانــی ئــەو ســەما دەکــەن .... کــوڕە گچــکەکەت گەلــێ حــەزی لەبــووکەکان بــوو .... مامــە شــێخ بــەو هەمــوو میهــرەبانیەوە، تەنانــەت قبووڵــی نەکــرد دانــەی لــەو بــووکانە بداتــە بــرازاکەی .... رەنگــە شــێخ لــە ئەنقەســت هــیچ بووکێکــی بــە مەنســوورەکەی تــۆنەدا، تــا بەڵکــوو ئــێوە بمێنــنەوە .... رەنگــە خــۆی لــە ئەنقەســت نهــێنی بــووکە قوڕینەکانــی بۆمەنســورەکەتان خســتە دەرەوە تــا بەڵکــوو ئــێوە بمێنــنەوە .... لــە ئاکامــداش هــەر وای لــێ هــات وا مەنســوور و مامــە شــێخ ئەیانەویســت، ئــێوە مانــەوە و ئــەم ماندنــە

ببووه هۆی ئەو هەموو شەڕو مردن و کوشتارانە لە نێوان ئێوە و دار و دەستەکەتانەوە و جەلیل و دار و دەستەکەیەوە .... کێ بیری دەکردەوە تەنیا لە سەر چەن قلە بووکە قوڕینە ئەم هەموو کارە ساتانە بێتە ئاراوە .... بڕیا دەڕۆیشتن .... هەر لە یەکەمین ڕۆژانی گەڕانەکەتانەوە، ملتان ورد ئەکرد و ئەڕۆیشتنەوە تا ئەم دۆخە سامناکەتان بۆ ئەم خەڵکە هەژارە نەدە ڕەخساند .... ئێوە مردن .... هەر دووکتان مردن، بەڵام شەڕەکان خرابتر و تاڵتر و سامناکتر درێژەی پێ درا .... چ چارەنووسێکی ناحەز و پیس .... بەڵێ پیس .... گەلێ پیس، بەڵام پیستر لەوانە، جەستەی تۆیەوا لە نێوان گۆڕەکەتەوە دایمە لە هەژان دایە .... و دەلەرزی و بەردەوام ئەڵێی لە ناخی سەهۆڵێکەوە قەتیس بوویتە .... لە بیرت نییە کەی و چ کاتێ جەستەت هەستی بەگەرما کردبێت .... یان لانی کەم تۆزێ ئارەقت دەردابێت .... بەردەوام و دایمە دەلەرزیت و کفر دەکەی .... نەفرین دەکەی تۆ .... بە لەحنەت بیت .... یا خودا بە لەحنەت بیت ....

بــریا ئەوەنــدە میهــرەبان نەبــواتایت و هــەر بــەو ئەندازەیشــە ســامناك .... بــەو گــوێ کــوڵکن و مــەزنانەتــەوە، چــەندە پــیاو بــووی .... پــیاو بابەگــەورە .... بــە راســتی لــەو دونــیایە چــیت دەویســت .... پرســیارێکی تــریش .... بــە راســتی تــۆ کــێ بــوویت .... تــۆ .... تــۆ بابەگــەورەی کــێ بــوویت بــە ڕاســتی .... مــن؟ .... ئــەو .... کــێ .... کــێ .... کــێ یەکــەمین جــار بــانگتی کــرد بابەگــەورە .... نــازانم .... لــە واقــیعدا کــەس نەیدەزانــی تــۆ بابەگــەورەی کــێ بــوویت .... رەنگــە دووایــی .... پــاش چــەندین ســاڵ .... کاتــێ مــنداڵەکانت گــەورە بــوون و مــنداڵدار بــوون، ئەوکاتــە تــۆ لــە راســتیدا دەبوویــتە بابەگــەورە .... بــەڵام تەنــیا و تەنــیا بابەگــەورەی کــوڕەزا و کچــەزاکانی خــۆت و بــەس، ئــیدی نــە بابەگــەورەی ئــەو هەمــوو خەڵکــە کــە ئێســتا بــوونەتە دوژمــنی یــەکتر و هــەر لــە یــەکتر دەکــوژن و تەنانــەت خــوداش ناتوانــی لــە یــەك جــودایان بکاتــەوە .... بــە لەعــنەت بــن ئــەو هەمــوو بابەگەورانــە وا وەکــوو تــۆ رككــەر و پووچــەڵن .... بــەڵام تــۆ .... نــا .... تــۆ میهــرەبان بــوویت .... دڵــت پــاك بــو .... وەکــوو شــیر بــێ گــەرد بــوویت .... ســپی بــوویت .... رەنگــە، ئەگــەر ئــاوا میهــرەبان نەبــوایەیت، هــەر خــۆم ....

خۆم بەو دەستانەم، سەدان جار لە گۆڕ دەرتم بهێنا با و فرێتم بدایە بەردەم سەگەکان ....

دایە گەورە دەی گوت .... دەی گوت بابەگەورەتان گەلێ پاکژە .... گەلێ .... بەلەحنەت بێت دایەگەورە .... هەردووکتان پاك بوون و بێ گوناح .... هەر وەکوو شیر .... شیری گوانی شێرێك .... هەر ئەوشێرە وا تۆ کوشتت .... هەرکە تیرەکەت تەقاند .... دەنگی قاقای ماجد ئەو دۆلەی ئاخنی .... ئەو شێرە تۆ کوشتبووت و ئەو پێدەکەنی و لە خۆ دەرچوو بوو .... بە حەزەوە سەیری تۆی دەکرد .... بەلام کێ لە دلی ماجد ئاگادار بوو جگە لە من .... شێخ لێو بەبزە سەری بۆ لای تۆ سووڕاندوگوتی: لە زووترین کاتدا شێرێکی راستەقینە دەکوژی و تۆ حەپەسای و بەرز گوتت: مەگەر ئەمە شێر نەبوو؟ .... شێخ سەر لە نوێ بزەی بردەوە و چنگی کوتایە نێوان ئەو قوڕانە وا خەریك بوون وشك ببنەوە و پڕمستێکی هەلگرت و دەستی کردبە درووس کردنی بووکێك .... با سووڕایە نێوان ریشکەکانی رەشتیەکەیەوە و ریشکەکان، روومەتی تۆیان وا لە پشت سەریدا وەستا بووی، لەمس کرد و شێخ شێرێکی قورینەیی درووس

کـردەبوو .... بـەڵام تـۆ نەتـدی .... چـۆنکە بەقیـنەوە لـەوێ ڕۆیشـتی .... لە دڵتدا ئارەزوت کرد بڕیا لەجیاتی ئەو شێرە ....

بـەڵام شـێخ راسـتی دەگـوت .... تـۆ ئـەو شـێرە راسـتەقیـنەت، کوشـت، لـەو شـەوەدا .... راسـت پـاش حـەوت شـەو، لەگـەڵ جەلـیلدا ڕووبـەڕوو بـوون .... لـەو گـۆڤەندە .... جەلـیل بـۆ ئاشـتی هاتـبوو واتـە هێـنابوویان .... ماجـد هێـنا بـووی .... بەدزیـەوە .... فێڵـی لـە تـۆ کـرد .... دەیزانـی ماجـد هەرکـە جەلـیل ببـینی دەیکـوژی .... فێڵـی لـە جەلیلیش کـرد .... دڵـی جەلیلی نـەرم کـرد و هێـنای و تـۆ جەلـیلت کوشـت .... دەسـتی بـۆ تۆقەکـردن هێـنایە پێشـەوە جەلـیل .... بـە دەسـتت داتـە ژێـر دەسـتیەوە و دەمانچـەکـەت دەرهێـنا .... نەتهێشـت تەنانـەت لێوەکانـی بـۆ وتـنی وشـەیێکیش بکـرێتەوە .... گـوللەکەت راسـت تەقانـدە نـێو دڵـیەوە .... کونێکـی مـەزنت لـە دڵـێدا درووسـت کـرد .... گـۆڤەندەکەت کـردە پرسـە .... تـۆ کـردت .... تـۆ .... ئێسـتاش ئـەبێ قەرەبـووت لـێ بکـرێتەوە جەلـیل تەنانـەت لـە گۆڕیشـدا ئاسـوودەت ناهـێڵێ .... بـەردەوام ئـازارت دەدا .... قسـە دەکـات و قسـە دەکـات و خاپـوورت دەکـا .... تـۆ لـە قسـەکانی جەلـیل قیـنت دێ

....قسەکانی جەلیل جۆرێکە .... هەر جۆرێکە ....بۆنی دێ .... بۆنی ئاشتی لێ دێ .... بۆنی ئاشتی، ئەم بۆنە .... حاڵی تۆ دەگۆڕێ .... ئەم بۆنە ئازارت دەدا .... دڵت هەڵدەشێوێنێ .... حەزت لەو بۆنە نایێ .... ئەو بۆنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ بەردەوام لە گۆڕەکەتدا بلەرزیت و بچۆقیت .... بە لەحنەت بیت یا خودایێ .... تەنانەت ئێستاش کە مردووی هەر دەس هەڵگیرنیت ئەم قینە شەو رۆژ لێك ناکاتەوە .... بەردەوام لە گۆڕەکەت دێتە دەرێ و وەکوو تۆزێ وەکوو .... تەمێك .... لە مێشك و دڵی مرۆڤەکانی عەشیرەکەت و تایفەکەتدا ڕۆدەچێت .... تەنانەت ئەوانەش وا تۆ ناناسن و تەنیا ناوی تۆیان بیستووە .... لە دڵی ئەوانیشدا ڕۆ دەچێت ئەم تۆزە شوومە و حاڵیان دەگۆڕێ .... بە لەحنەت بێت جەلیلیش .... ئەویش ئێستا کە مردووە ئیدی هەر دەس هەڵگیر نیە .... هەر قسە .... هەر باس .... هەر دووپات کردنەوەی قسەکۆنەکان .... ئەگەر ئەویش بخنکێ .... بێدەنگ ببێ .... رەنگە تۆش ئارام بگری و ئەمنیش .... منی لەحنەتیش ئەو

بووکە قوڕینە سامناکانە نەنێرمە سەرسەری ماجد و سەرسەری ئەو خەڵکە هەژارانە و ئەو ....

ئێستا کە جەمیل بووەتە سێبەری بابەی، واتە جەلیل .... سێبەر .... سێبەرەکان تۆ و پیاوەکانتی شێت کردبوو .... هار کردبوو .... بە لەحنەت بن ئێوە .... ئێوە و سێبەرەکان .... سێبەرەکان لە هەمو شوێنێکدا وەدووتان دەکەوتن .... رۆحی جەلیل لە رۆحتدا هێلانەی کردبوو، نەڕەنەڕەکانی، کاتێ گوللەکەت تەپاندە نێو دڵیەوە، بەردەوام لە مێشکتدا دووپات دەبووەوە و رۆحی ئەو لە خوێنتدا، بەردەوام لە رۆیشتندا بوو .... لە دەمارەکانتدا تێدەپەڕێ .... پاش مردنی جەلیل دایمە شادەمارەکانت دەخوران .... دەیانتخوراند .... تا ئەوێ کە پێستت دەرووشاو زامدار دە بوو .... دەتگوت: ماجد، ئەوە چیمە .... چ دەردێکم گرتووە .... ماجد دەیگوت: نێو دەمارەکانی مرۆڤ کە دەخورێن .... واتە سلامتی .... واتە گەلێ هەست بە ژیان کردن .... شێخ لە ژێر لچەوە دەێگوت: شتێ لە خوێنی تۆدا لە تێپەڕیندایە .... لە خوێنتدا هات و چۆ دەکات دەبێ دۆعات بۆ بنووسم و تۆ حەزت لە قسەکانی ئەو

نەبــوو ....قیــنت دەهــات و بــیری ئــەو شــێرە دەکەوتــی وا کوشــتت ....
بریا ....

ئاغــای مەنگــۆ خــاین بــوو .... بــەڵام ئاگــای لــە نەخشــەکانی ماجــد نەبــوو .... وایدەزانــی لــە راســتیدا ماجــد دیهــەوێ هەردووکــیان لەگــەڵ یــەکتردا ئاشــت بداتــەوە .... گۆڤەندێکــی خــۆش بــوو .... خەڵکــی زۆریــان دەنــگ کــرد بــوو .... گۆرانــی بێژێکــی جوانــیان لــە کرماشــانەوە هێــنابوو .... ســەرهەنگ ســفیدی و بــراکەی ئاغــا مەســتی مەســت بــوون .... لــە ســەر مێــزەکەیان دەکــوتا و پــێکەوە دەیانخوێــند: بلــۆر ئــەبێ ســەما بکــات .... بلــۆر ئــەبێ ســەمابکات .... بلــۆر تــازە لــە خوێندنــی گۆرانــیەکەی بــبووەوە و هاتــبووە نــێوان مــیوانەکانەوە .... بلــۆر بــە پرچــە ئاڵتونــی و مەمکــە خــڕەکانیەوە ســەرنجی هەمــوو کەســی بــۆ لاخــۆ ڕاکشــابوو .... ماجــد بــەرەو بلــۆر رۆیشــت و لــە گیرفانــی باخەڵــی پێنووســێك و دەفتەرێکــی گچــکەی دەرهێــنا و تــۆ ســەیری ماجــدت دەکــرد وا لــە ئەنقەســت روو لــە تــو ڕاوەســتابوو و نــیگای داخــی بــڕیبوە ســەرمەمکە ســپی و خرەکانــی بلــۆرەوە .... چــاوەکانی ماجــد ســوور بــوون .... چــاوەکانی تــۆ دەرپــەڕی بــوون و نەتدەزانــی بــۆ هــەر ناتوانــی

نیگات لە ماجد بسڕیتەوە .... دەستت برد و پەرداخە شەربەتەکەت هەڵگرت .... دەستت هەژا و لیوانەکە داکەوتە سەر زەویەکەو پەراش پەراش بووەوە .... بابەگەورە وا لەگەڵ ئاغای مەنگوڕدا خەریکی باسێك سەبارەت بە سەفەرەکەی بۆ ئوروپا بوو، بەبیستنی دەنگی وردبوونی لیوانەکە، لە تۆ وەرگەڕا و سەیری لیوانە شکاوەکەیشی کرد .... دەستی خستنە سەر دەستە لەرزۆکەکەتەوە و پرسیاری کرد: سەرماتە؟ و تۆ لە ژێر لچەوە گوتت: با .... پاشان ئەو پەسەکەکەی دەرهێناو لە سەر رانتیدانا ....

دەستت برد و پەسەکت گوشاردا .... ئاغا ئاماژەی کرد و هاتن و پەراشەکانی لیوانەکەیان کۆ کردەوە ....

ماجد دەسووتاو ڕوو لە تۆ راوەستابوو .... بلۆر دەفترە گچکەکەی ئیمزا کردو دەستی خستە نێو دەستی ماجدەوە .... ماجد دەستی گووشی و ئەوی بردە سووچیکەوە .... بابەگەورە سەر لە نوێ سووڕایەوە و سەیری پەسەکەکەی سەر ڕانی تۆی کرد، تۆ خێرا پەسەکت خستە سەر شانەکانتەوە .... بلۆرت بە جێ هێشت .... خۆتت کشایە نێوان تاریکیەکەوە .... خۆتت بەرەولای پیاوەکەی

جەلـــیل وا تـــازە گەیشـــتبوو، کشـــا .... لـــە پشـــت ســـەری پـــیاوەکەوە تارمایـی جەلـیلت بـینی وا لـە نـێوان تاریکـیەکەوە ڕاوەسـتابوو .... تـۆ وەکـــوو ســـێبەر، بـــە هێواشـــی، بـــەرەو ئـــەو ڕۆیشـــتی و دەســـتی جەلـــیلت گـرت .... بـزەییێك لـە سـەر لێوەکانـی جەلـیلەوە بـوو .... بـزە و شـەرم دەم و چـاوی جەلیلـیان تەنـی بـوو .... جەلـیل قسـەکانی تـۆی بـڕوا کـردبوو .... درۆکانـی تـۆی قـبوولّ کـرد بـوو .... هاتـبوو جەلـیل .... لێوەکانـی تـەڕ و بەبـزەوە بـوون .... ئامـادەی ئاشـتی بـوو جەلـیل .... کەسـێ ڕۆشـیت و لـە گـوێ ئاغـادا سـرتەی کـرد .... چـاوەکانی ئاغـا درەوشـانەو و ڕواڵەتـی کـرایەوە .... جەلـیل لەژێـر لچـەوە قسـەییێکی کـرد و پێکەنینێکـی نەرمـی کـرد .... سـەرهەنگ سـفیدی کـەل و پەلەکانـی سـەرمێزەکەی فـڕێ دایـە سووچـێکەوە و دەسـتی بـرد و بلـۆری خســتە ســەر مێــزەکەوە .... بلــۆر پێکەنــی و مەمکــە خڕەکانــی لەرانـدەوە .... بلـۆر ملـی سـووڕاند و پرچـەکانی پەرێشـان کـرد و سـووڕانێکی نەرمـی بەکەمـەری دا .... دمـەك ژەنـە کرماشـانیەکە لـە دمەکـی کـوتا و هەمـوان چـەپڵەیان لـێدا و بلـۆر بـە نـازەوە دەسـتی کـردە سـەماییێکی شـەهوانی .... پـیاوان لـە مێـز کـۆ بـبوونەوە .... تـۆ

جەلـیلت بـرد و چـاوەكانی دایەگـەورە بـە دووی كەسـێكدا دەگـەڕا .... ئاغـا لــە پـڕ هەسـتایە سـەرخۆ و بابەگـەورە هـەروا وەكـوو خـۆی دانیشـتبوو و قسـەی لـێ بـڕا و سـەیری ئاغـای كـرد و تـۆ دەسـتی جەلـیلت كشـا و جەلـیل بـە دەنگێكـی نـزمەوە شـتێكی گـوت، بـەڵام تـۆ نەتبیسـت .... ئاغـای مەنگـۆ بـێدەنگ هـات و دەسـتی جەلیلـی گـرت و بـردی .... تـۆ خـۆتت كشـایە نـێوان تاریكـیەكەوە و ئاگـر لـە نـیگات دەباریـە سـەر ئەوانـدا .... بـرا مەسـتەكەی ئاغـا چـنگی خسـتە سـەر یەخـەی كراسـەكەی بلـۆرەوە و دایدریـە سـەر ناوكـی .... جەلـیل دەسـتی بـۆ تەوقـە كـردن هێـنایە پێشـەوە .... دەنگـی قـیژە بـە نازەكـەی بلـۆر و دەنگـی تەقاندنـی گـوللەكە، لەگـەڵ یـەكتردا ئاوێـتە بـوون و جەلـیل لـە خـوێدا مووچـایەوە و دوو دەسـتی خسـتە سـەر دڵـی .... بلـۆر دەسـتی خسـتە سـەر زگـی و سـەرهەنگ سـفیدی لـەو قەرەباڵغـیەدا، باوەشـی كـردە سمـتە قەڵەوەكـەی بلـۆر و لـە مێـزەكە كشـایە سـەر زەویەكـەوە .... هەمـووان قـیژاندیان و خـوێن پـرژایە سـەرجل و بەرگەكـەی بابەگـەورە و پەسـەكەكەی سەرشـانت كەوتـە سـەردڵی جەلـیل و خـوێنی تـێ پـژا و تـۆ قـیژاندت و خـۆتت كشـایە دواوەوە .... مەحشـەرێ بـەرپا بـوو ....

پشـتت لكايـە سـينگی كەسـێكەوە .... بـە ترسـەوە سـووڕايتەوە و ....
تـۆ ڕێـك لكـا بوويـتە سـينگی ماجـدەوە .... هەمـوو شـوێنی هەڵشـێوا
بـوو و ماجـد مـت و بێجـووڵە سـەيری تـۆی دەكـرد وا تەنانـەت هێـزی
ئەوەتيش نەبوو خۆتی لێ بكەيتەوە .... .
ئـاوی خـۆش لــە قوڕگـتانەوە نەدەچـووە خـوارەوە، هــەر دووكــتان ....
دەترســـان .... كچـــەكان و كوڕكانيشـــتان .... دار و دەســـتە كەتـــێش
.... خەڵكی عەشيرەكەتانيش .... هەمووتان دەترسان و ....
چــەندە خــراپ بــوويت ئەوســاتە وا جەلــيلت كوشــت .... ئــەو دەســتانە
هــی تــۆ نەبــوون .... لەوكاتــە وا دمانچــەكەت دەرهێــنا ئــەو هەســتە
ســـەرلەنوێ .... ورووژمـــی هێـــنايە سەرمێشـــك و خـــوێن و دڵـــت ....
ئەودەسـتە وا دەمانچـەكەی كێشـا هـی تـۆ نەبـوو لـەو كاتـەدا .... ئـەو
دەسـتە لـە خزمەتـی هەسـتە سـەگبابەكەدا بـوو .... لـە كوێـوە هاتـبوو
ئـەو هەسـتە؟ سـەدان سـاڵ ڕەنگـە هـەزاران سـاڵ ئەبـووكە لـە تـۆدا دەژيـا
.... چـــەندە لاواز بـــووی ســـەبارەت بـــەو هەســـتە .... چـــەندە بـــێ
دەســـەڵات بـــوويت بەرانـــبەر بـــەو هەســـتە .... وەخـــتێ ئەوهەســـتە بـــە
خەبـەر دەبـوو، ئـيدی ويسـتی لـێت دەبـڕی، ويسـتی لـەو دەسـتە بـڕی و

دەمانچـەی پـێ کێشـا و گـوللەی پـێ تەقانـد و جەلیلـی پـێ کوشـت و تـۆ ئەتەویسـت چـاوەکانت دەربپەڕێنیـتە سـەر دەسـتەکەوە و بـە ترسـەوە، بـە وەحشـەتەوە سـەیری ئـەو دەسـتە سـەگبابە بکـەی و سـەیری ئـەو دەسـتە بـێ ویسـتە گـەوادە بکـەی وا چـۆن چـۆنی لـە ئیختـیاری تـۆدا نەبـوو .... ئەتەویسـت سـەیری زگـی جەلـیل نەکـەی تـا بـاش نیشـتانە نەگـری .... بـا گـوللەکە بـە هەڵـەدا بچـێ، بـا لەزگـی ئاغـا بـدرێ وا لـە پشـت سەری جەلـیلەوە راوەسـتا بـوو و رووالەتـی بـە ڕاشـکاوی کـرابووەوە بـەڵام بـێ دەسـەڵات بـوویت، چـاوەکانت وەکـوو شووشـە بـڕیە ناوچـاوانی جەلـیلەوە و وات پیشـاندا کـە ئیختـیاری دەسـتەکە لـە دەسـتی خـۆتدایە و گوللەکەت تەقاند، .... تەقانەت ئەو گوللەیەو ....

ئاخـر کـێ ئـیجازەی بابەگـەورە بوونـی خەڵکـی بـە تـۆدا بـوو؟ هەمـوو کـەس لـە هەمـوو شـوێنێ .... هەمووشـتێ و لـە هەمـووکاتێ تەنـیا یـەك بابەگـەورەیان بـوو و ئـەوەش تـۆ بـووی .... تـۆ .... راسـتیەکەی بڵـێ ئەتـۆ چـیت لـەو دونـیایە دەویسـت؟ .... ئاخـر بـۆ ئەوەنـدە تـڕ زل بـوویت، بـۆ؟ .... بـڕیا هـەر لـە رۆژانـی یەکەمـدا بـە گوللەیـێك رەحەتـتم بکـردایێت ....یـان پـاش مـردنەکەت شـەوێکیان، لـە پـێش چـاوی

هەمـــوو کـــەس لـــە گـــۆڕەکەت دەرتم بهێـــنابای وتـــەواو ئێســـقانەکانتم بسـووتانایێ تـا ئـیدی نەبووایـی .... بەلەحـنەت بم وانـەم کـرد ئـەو کـارە .... بەلەحـنەت بم یـا خـودایێ وا تـەواوم نەکـرد ئـەو چـیرۆکە سـامناکە .... بە لەحنەت بم ....

شـــەوانە لـــە کاتـــی خەوتـــندا، بـــە تەنـــیا بـــووی .... دایەگـــەورەت وا ئەوەنـدە عاشـقی بـووی، رێگـا نەئـەدا لـە ئامێـزی خـۆتدا .... تۆئـیدی شـوێن و جـێگەیەکت لـە باخەڵـی خـۆتدا بـۆ ئـەو نەبـوو .... لـە دڵـتدا دەترسـای .... لای کـەس نەتدەدرکانـد .... دەترسـای لەگـەڵ لـەش و جوانـــیەکەی ئـــەودا خـــەریك بـــبی .... دەم بنێیـــتە نـــاو دەمـــی و ئـــەو چـاوانەت بقووچـێنی و سـێبەرەکانی دەوروبـەرت لـە یـاد بکـەی .... مەسـتی شـەهوەتی ئـەو بـبی و تەنـیا بـۆ کاتژمێـرێك یـان بـۆ چـارەکە سـەعاتێکیش هەمـووان لـە یـاد بکـەی و لـە پـڕ کەسـێ بپەڕێـتە نـێو ڕەشماڵەکەتـەوە و ئـەو چـەقۆیە تـا دەسـەکەی بتەپێنێـتە نـێو دڵـتەوە و یـان لـوولەی دەمانچـەکەی بنێـتە نـێو زارتـەوە و تەنـیا بـە گـوللەیەك رەحـەتت بکـات .... دایەگـەورەت رێگـا نەئـەدا لـە ئامێـزی خـۆتدا .... لـە باتـی ئـەو، کلاشـینکۆفەکەتت لـە باخـەڵ دەنـا ودەسـتت دەنایـە بـان

فیشـکدانەکەیەوە و تـا بەیانـی ئاخـت هەڵدەکێشـا و خـەونت بـە عەشـق و حاڵـەکانت دەدی .... ئـەو کاتانـە وا لـە ژێـر دارە پیرەزەیـتوونەکە باشـترین کاتەکانـی ژیانـی خـۆتت لەگـەڵ دایەگـەورەدا راسـپاردبوو .... بـەردەوام دەسـتت دەکێشـا بـە سـەر کلاشـێنکۆفەکەتەوە و لـە خەوەکەتـدا وا هەسـتت دەکـرد، دەس دەکێشـێتە سـەر کەفـەڵ و ڕان و ستمی ئـەو و ئاخـت هەڵدەکێشـا و لـەو کاتانـەش ئافـرەتە جـوانەکە بـڕیار بـوو لەگـەڵ دوکـتوورەکە بێـتە عەشـیرەوە خێـرا کـەل و پەلەکـەت کـۆ دەکـردەوە و ڕەشماڵـت بـەر ئـەدا و بـەرە و خانـوو چـیمەنتوییەکەت ئەچـوویت و خـۆتت لـە بـەر چـاوانی ئـەو ئافـرەتە وەکـوو مـرۆڤێ پیشـان دەدا وا فێـری شارسـتانیەت بـووە و پـاش ئیشـەکەیان و معایـنە کـردنەکەیان دەنگـت دەکـردە خانـووەکـە و چـا و خواردەمەنـیت بـۆیان دادەنـا واتـە دەسـتورت دەدا بـۆیان بێـنن و شـەو کاتـێ کلاشـەکەت لـە ئامێـز دەگـرت و دەخەوتـی، خـەوت بـە ئـەو ئافـرەتە دەبـینی و دەسـتت دەکێشـایە نـاو شـانیەوە و ماچـی ژێـرِ ملـی ئـەوت دەکـرد .... بـە لەحنەت بیت چەندە ماندووم لە دەستت ....

ئەگەر بە ڕاستی ئەوەندە میهرەبان نەبوایەیت، زۆر پێش لە ئێستا ئەتمکوشت بەلاّم رەحمین بوویت .... عادڵ بوویت .... دەستت دەکێشایە سەری سەر منداڵە باوك مردووەکانەوە و بابەکانیانت لە شەڕەکانتدا بە کوشتن دەدا و بۆ ئەو مندالاّنە دەبوویتە بابەگەورە .... فێریانت دەکرد چۆن هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لە بەرت بکەن .... وەکوو شیعر .... وەکوو سرود .... وەکوو چیرۆکێ، وەکوو نهێنیەك .... منداڵەکان تۆیان لە بەر دەکرد .... هەر لە کاتی منداڵیەوە بەردەوام تۆیان دووپات دەکردەوە، لە سەرەتاوە بە ئەسپایی و لە ژێر لچەوە و بەلاّم لە دووایی‌دا بە کۆمەڵ و بە دەنگی بەرز دووپاتتیان دەکردەوە .... باش دەتزانی ئەو مندالاّنە هەتا هەتاییت دەکەن .... ئەو منداڵە خاوێن و پاکانە .... نەیاندەزانی چی چاوەڕوانی ئەوانە .... تۆش نەتدەزانی .... تەنانەت ئەگەر بۆساتێکیش بتزانیبایێ چی لە ئاکامدایە، هەر خۆت بە گوولەیێك مێشکی خۆتت دەپژاندە دەرێ .... یا لانی‌کەم هەر لە یەکەمین کاتدا، پاش زانینەکەت .... دەستی دایەگەورەت دەگرت و دەتکێشایە نێو رەشماڵەکەتەوە و لە ئامێزیدا نووقم دەبووی ....

بەڵکوو یەکێ بهاتبایێ و لە دەرفەتێکدا هەر دووکتانی گوللە باران بکردایێ ....

چەندە مرۆڤەکان زوو رەنگ دەگۆڕن، بەڵام ماجد هەر لە رۆژانی یەکەمیشدا یەك رەنگی هەبوو .... واتە رەش .... دڵی ماجد رەش بوو .... رەش .... وەکوو عەباکەی دایەگەورە .... چاوەکانی ماجد کاتێك کە دایەگەورەیان دەدی، ئەیانەویست عەباکەی بدڕێنن و بیخۆن .... هەر بە یەکجاری بیخۆن .... بە لەحنەت بێت دایەگەورە .... سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی چل ساڵی دەبوو، بەڵام هێشتا گەلێ جوان بوو و زۆرکەس حەزیان لێ بوو .... هێشتا زۆر کەس شەوان خەونیان پێیەوە دەدی .... دڵی ماجد ئەوی دەویست .... بەردەوام نەخشەی دەکشا و لە بیری ئەودا بوو .... بەڵام نەخشەکانی ماجد بێ سوود بوون .... تیرەرە ژەهراویەکانی ئەو وا بۆ لای تۆ بەردە بوونەوە، بۆ لای خۆی هەڵدەگەڕانەوە .... کەس ئەو تیرە ژەهراویانەی نەئەدی مەگەر خۆی نەبێ .... دەیدی چۆن تیرەکان دەگەڕانەوە و زگ و دڵ و سەریان کون دەکرد .... کەس هەستی پێ نەدەکرد، مەگەر خۆی نەبێ .... هەستی بەژانەکانی دەکرد ....

بـەڵام هـەر دەس هـەڵگیر نەبـوو و هـەر ژەنگـی هەڵـدە هـاورد .... لـە ئاکامیشـدا ئـێش و ژانـی دڵـی و جەسـتەکەی کـاری خۆیانـیان کـرد .... ژانە دڵ، ناوسکی ماجدیان رەش کردەوە ....

بابەگـەورە سـەری ماجـدی لـە ئامێزگـرت و تەوێڵـی مـاچ کـرد و چـاوەکانی مـاچ کـرد: تـۆ باشـترین هـاوڕێ مـن بـووی .... بـرای پشتیوانم بووی .... ئەگەر تۆ بمری منیش دەمرم ....

دڵـۆپێ خـوێن لـە گۆشـەی چـاوی چـەپی ماجـدەوە لـە جیاتـی فرمیسـك رژایـە سـەر کوڵمـی و لەگـەڵ دڵـۆپە ئارەقەکانـیدا، ئاوێـتە بـوو .... سـەری وەرگێـڕا ماجـد .... تـا نـیگای لـە نـیگای بابەگـەورە نەکـەوێت .... سـەیری چـاوەکانی تـۆی کـرد .... بـە تامەزروییـەوە سـەیری تـۆی کـرد .... ئێسـتاش کـە خـەریك بـوو بمـرێ هـەر دەس هـەڵگیر نەبـوو .... وتــت: شــتێکت دەوێ ماجـد گــیان؟ .... ماجـد چـاوەکانی نـوقاندو دڵـۆپێ خـوێن لـە گۆشـەی چـاوی راسـتیەوە، تکایـە سـەر کوڵمـی و رژایـە نـێو ریشـەکانـی .... بابەگـەورە سـەیری تـۆی کـرد و مـۆڕی بـردەوە واتـە بـێدەنـگ .... بـێ دەنـگ بـبە .... شـتێکت نەگـوت و لـە ڕەشماڵەکـە هاتیــتە دەرێ .... ســەیری دەســت و نینۆکەکانــی خــۆتت کــرد ....

کەمـەرەنگ بـبوونەوە .... خـەریك بـوون بـێرەنـگ ببـنەوە .... بـۆ لای «سـەرفراز» ڕۆیشـتی و وتـت: هێشـتا «شـوان» نەهاتـووەتەوە .... خەنـەم نـەماوە .... هەتـە تـۆزێکم بدەیـتێ؟ .... کاتـێ شـوان هاتـەوە ئەتدەمـەوە .... زاری سـەرفراز داچـەقاو چـاوەکانی خـرت بـوونەوە .... ـ: خەنـەت بـۆ چییە کچـێ؟ ....ـ: خەنـە چی لـێ دەکـەن، بـۆ دەسـت و پـێمم دەوێ، سـەیری نیـنۆکەکانم بکـە وا چـەندە بـێ ڕەنـگ بـوونەتەوە، ئـەو حـەزی لـێ نیـیە، بـە نـازەوە ئەمـەت گـوت .... ـ: نابـینی ماجـد خەریکـە دەمـری .... ئیـنجا تـۆ ئەتـەوێ خەنـە بگـری کچـێ، حـەیات دەچـێ کچـێ .... سـەیری سـەرفرازت کـرد و شـتێکت نەگـوت و ڕۆیشـتی .... رەحـەت بوویـتەوە .... ئۆقـرەت گـرت .... دڵـت فێنکایـی پێـیەوە هـات .... وا بـیرت کـردەوە کـە لـە راسـتیدا رەنگـی خەنەکـەی دەسـت و نیـنۆکەکانت تـۆخ بـووەتەوە .... تۆخـی .... تـۆخ .... تازەی تازە ....

بـە لەحـنەت بـیت دایەگـەورە .... تـۆ بـوویت .... تـۆ .... تـۆ داری رق و قیـنت لـە دڵـی ماجـدا چـاند .... لـەو دارە وا لـە دڵـی جەلـیل و بابەگـەورەشـدا، چـاندە بـووت .... بابەگـەورە جەلیلـی کوشـت، بـەڵام

ماجـد زاتـی ئـەوەی نەبـوو ڕواڵەتـی راسـتەقینەی خـۆی دەرنجـات .... نەیخسـتە دەرەوە نهێنـیە ڕەشـەکەی .... دارەکـەی نـێو دڵـی ماجـدیش، تـۆ سـەوزت کـردبوو .... تـۆ چـاندت .... دارەکـە ریشـەی کـرد و هـەر بـاڵای کـرد و لـق و پۆپـی دەرهێـنا و گـەورە بـوو .... هەنـدێ جـار بـیرت دەکـردەوە کـە رەنگـە لـەم رۆژانـە لقەکانـی دارەکـەی دڵـی ماجـد لـە کونەکانـی گـوێ و کەپـۆ و چـاوەکان و زاری ماجـدەوە دەربکـەون و ریشەکانیشـی لـە کونەکانـی خـوارەوەی ئـەوەوە خـۆیان وەدەرنجـەن و لەپـڕ بچـەقێنە نـێوان زەویـەوە و ئـیدی هـەر نەهێڵـێن ماجـد بجووڵێـتەوە و ریشـەکان، ئـەو بدوورێنـنە زەویەکـەوە .... لـە نووکـی قامکەکانـی و مەمکەکانـیەوە لقـە ناسـکەکان خـۆیان دەربخـەن و ماجـد بکەنـە داهۆڵـێك .... داهۆڵـێك کـە دووراوەتـە دارێکـی مەزنـەوە و لـەو کاتـەدا تـۆ و بابەگـەورە بـە پیاسـەکردن لـە دوورەوە دەهـاتن و بابەگـەورە دەڵـێت: بـە راسـتی خاتـوون ئـەمدارە خـۆ لێـرەدا نـە بـوو .... سـەیری ئەم داهـۆڵە بکـە، کـێ ئـاوا بـە باشـی دووراندویەتـە ئـەم دارەوە .... باشـترە بڵـێم چـەن دانـەی تـرمان بـۆ درووسـت بکـەن، رەنگـە بـە کارمـان، بـێت .... تـۆش نـەرم پێدەکەنـیت و دەتگـوت: بـریا لێـرە بێسـانێ بـبوایێیان

باخـه شـلانەییێك، ئەوكاتـه دەتزانـی ئـەم داهـۆڵە لـە كـوێدا بـە كارمـان دێـت .... بابـه گـەورەش بـەرز پێدەكەنـی: مـەخابن .... مـەخابن خـۆ لێـرەدا هـیچ بێسـان یـان باخـه شـلانەیەكمان نـیه .... دەی ئـەم داهـۆڵە شـیرینه بۆچـی باشـه و بـه چ كارێكمـان دێ؟ .... تـۆش بـه چـپەوە دەتگـوت: بـه كـاری دڵـی خـۆی .... تەنـیا خـۆی .... هـەر خـۆی .... بابەگـەورەش دەسـتی دەبـردە پێشـەوە و گەڵـێ رەحـەت و سـاكار داهـۆڵەكەی لـه دارەكـه دەكەنـدەوە و فرێـی دەدایـه نـێوان ئـەو ئاگـرە مەزنـه وا لـەو نـزیكەوە هەڵـیان كـردبوو و داهـۆڵە هەژارەكـه بـه تـەق و تـۆق و زرم و كـوتەوە لـه نـێوان ئاگـرەكـه هەڵـی دەخسـتەوە و دەرچـوونی بـۆ نەبـوو و قرچـه قـرچ دەسـووتا .... داهـۆڵەكه هـاواری دەكـرد و یارمەتـی دەخواسـت .... تـۆ دەنگـی هاوارەكانـی ئـەوت دەبیسـت .... تەنـیا تـۆ .... بابەگـەورە تەنانـەت رۆحیشـی لـه هاوارەكانـی ئـەو ئاگـادار نەبـوو ونەیدەزانـی ئـەو داهـۆڵە، ماجـده .... بـەڵام تـۆ هـەرا و زەناكەی ئەوت دەبیست، .... بەڵام تەنیا پێ دەكەنیت ....

خانـووەكه ئامادەكـرا بـوو .... وەكـوو كۆشـكی پاشـاكانی لـێ هاتـبوو خانـووەكه .... شـێخ دەسـتووری دابـوو ڕەشماڵەكـەی ماجـدیان

کۆکـــردەوە و کـــەل و پەلەکانـــی‌یـــان قـــۆزیەوە نـــێو خانـــووەکە .... ئـــەو خانـــووە باشـترین خانـووی عەشیرە بـوو و باشـترین کـەل وپەلەکانـیان تـێدا دامەزرانـد بـوو .... ماجـد بەرانـبەر بـە ئاویـنە قەدیەکـە راوەسـتا بـوو و سـەیری جەسـتەی رووت و قووتـی خـۆی دەکـرد .... تـای ئـەو ئاوێـنە هـی تـۆ بـوو .... باگـەورە دەسـتووری دابـوو لفـی ئاوێـنەکەی تـۆ ببەن بۆ بـووکەکەی ماجـد .... بـڕیار وا بـوو، بـووك بهێـنن بـۆ ماجـد تاپـاش ئەو هەمـوو سـاڵە، بـووك ببێـتە، دەرمانـی دڵـی زامـداری ماجـد .... ماجـد دەسـتی کێشـایە سەرسـینگە کـولڵکن و پـان و بەریـنەکەیەوە و پشـتی لـە ئاوێـــنە کـــرد. نەخشـــی شـــێرە مەزنەکـــەی ناوشـــانەکانی ماجـــد، ئاوێـنەکەی نەخشـاند .... هـەر ئـەو شـێرە وا بـە عەشـقی تـۆوە دابـوویە ئـەو خاڵکـوتە کرماشـانیە تـا لـە نـێوان هـەر دووشـانیەوە بینەخشـێنێ .... ماجـــد نووشـــتەوە و عاباکـــەی لـــە سەردەســـتەی کورســـیەکەی هەڵگـرت و دیسـانەوە روو لـە ئاوێـنە سـووڕایەوە و تـۆزێ سـەیری ئـەو جەسـتە رووت و قـووت و قـورس و قایمـەی خـۆی کـرد .... پاشـان بـە هێواشـی عاباکـەی لـە بـەر کـردو جەسـتە رووتەکـەی لـە تـۆی عابـا رەشـــەکەوە شـــاردەوە .... بووکـــیان دەهێـــنا هەتاکـــوو تەنیایەکانـــی

دوایــیان بــێت .... هــەر ئــەو بــووکە وا باشــت دەزانــی کــە ماجــد حــەزی لــێ نەبــوو و هــەر نــەی دیــبوو و بــە دەســتووری شــێخ دەهــات .... ماجــد بێدەنگ سەیری چاوەکانی تۆی کرد بوو ....

لــە گــۆڕ دەیهێنــنە دەرێ، بــە شــەلاق دەیکــوتن و لێــی دەدەن .... ماجــد دەناڵێــــنێ .... بــــا دەلوورێنــــێت و ناڵەکانــــی ماجــــد دەبــــات و فڕێــــی دەداتــــە نــــێوان چــــپە و ســــرتە بەردەوامەکانــــی ئــــەو دوکچــــەوە .... ـــ: هێشــتا لــە دەســتی ڕزگــار نەبوویــتە؟ .... ـــ نــا، کاتــێ کــە دەکــەوم، هێشــتا هــەر لــە زارم کــەف دەڕژێــتە دەرێ، کەفــەکان لــە ســەر زەویەکــە وەپــێش دەڕۆن تــا دەگەنــە لای پێیەکانــی ئــەو، ئــەو دێــت و بەنووکــی قامکەکانــــی لەدەورمــــدا جەغــــزێ دەکێشــــێت و دەمخاتــــە نــــێوان بازنەیــێکەوەو بازنــەم لــێ دەبەســتێ .... ـــ: کەفــەکان دەتــوانن لــە بازنەکــەی تێــپەڕن؟ .... ـــ: نــا کەفــەکان ناتــوانن، دەگەڕێــنەوە بــۆ لای خــۆم و لەگــەڵ تــۆز و خــۆڵدا ئاوێــتە دەبــن و تــەواو جەســتەم دادەپۆشــێنن و دەگەڕێــــنەوە نــــێو زار و کەپــــۆ و چــــاوەکان و گــــوێکانمەوە پاشــــان هەمووشــتێ تــەواو دەبــێت و هەڵدەســتم .... ناڵەکانــی ماجــد کــەدێن، قســەیان لــێ دەبــڕیێت .... بانگــی دەکــەن: ماجــد .... مــاج .... د

.... مـــا .... جـــد .... م .... ا .... ج .... د .... بــــەڵام گــــوێ کانـی ماجـد پـڕە لـە بـا و ژان و ئـەو هـاوارە پچـڕ پچـڕانە نابیسـێت وتـیناگـات .... ــ: نابیسـێ؟ .... ــ: نـا .... نابیسـێ .... ــ: بـڕۆین بۆ لای؟ .... ــ: نـا .... نـا .... ــ: بەسـی نـیە؟ .... تـەوا بـبێ باشـتر نـیە؟ ....: بۆچـی دەس هـەڵگیرنین؟ .... ــ: نـا، نـا بەسـی نـیە .... ــ: بەسیەتی تـۆ بـە خـودایێ، بەسـیەتی .... ــ: مـا .... جـد .... مـا .... جـد .... م .... ا .... ج .... د ناڵەکانـی ماجـد و دەنگـی هـەر دوو کچـەیتـر بـەرە ولای بـووکەقورپـنـەکان دەڕوات و بـووکەکان دەس لـە لێدانـی ماجـد هەڵدەگـرن و دەکەونـە نـێوان ئـەو گـێژاوە وا لـە ناڵـە ناڵەکانـی ماجـد و قـیژە قـیژەکانـی کچـەکان درووس بـووە و ئیـنجا ماجـد رەحـەت دەبـێ و جەسـتەی دەکشـێتە نـێو گـۆڕەکەی و تـۆ بـۆی دەگـری و تارمایـیەکەی «گـەوەر» دەبـینی، لـە کاتـێکدا پرچـەکانی بـڕیوەتەوە و بـە خێرایـی لـە سـەر گـۆڕەکەی ماجـد تـێدەپەڕێ و دەڕوات بـۆ ئـەو سـەری دەشـتەکـەوە .... لـە «سـۆما» دەگـەڕێ گـەوەر .... بـەڵام ئـەو نابیـنێ .... هێشـتا هـەر نابیـنێ .... دەڕوات گـەوەر و

دوور دەبێتەوە، بەو پرچە قرتراوانەیەوە هەر بۆ جارێکیش ناگەڕێتەوە گەورە و ئیدی دەنگی چپە چپی ئەو کچە نابیسێ ....

بابەگەورە وەرگەڕا و ریشکەکانی رەشتیەکەی روومەتی ماجدی لەمس کرد و هەر ماجد شتێکی نەگوت و سەیری رویشتنی پڕ لە خەمی بابەگەورەی دەکرد و تۆ باشت دەزانی چی لە دڵی ماجدایە .... چ حەشرێکە دڵی ماجد ....

ئای ماجد بە لەحنەت بیت .... ئاخۆ تاکەی ئەتەوێ بۆ هەرشوێنێك کە دەڕۆی چنگ بکوتیتە سەر نامووس و گیانی خەڵك و چاوەڕوانی ئەوەشت نەبێ کەس تەنانەت قسەییەکی تاڵیشت پێ بکات .... بریا دەکرا تۆش لەو گۆڕەت دەربهێنم و هەر وەکوو ئەوانیتر وردت بکەم .... تۆڵەی ئەو هەموو ژن و کچەت لێ بکەمەوە و پێش لە هەڵاتنی خۆر، هەر وەکوو ئەوانی تر فڕێت بدەمە نێوان گۆڕەکەتەوە .... تا دیسان بیتەوە سەر خۆت و بزانم کەی و چ کاتێ حەزم لێ بێ، بێمەوە سەرت .... هەر لە بیرتە لە تەواوی تەمەنتدا لەگەڵ چەن ژن خەوتبوویت ماجد؟ .... چەن بەچکەت درووس کرد بوو؟ .... چەندەها جار شێخ و بابەگەورە تێکۆشان سەر پۆشێك بنێنە

سـەرکارە پیسـەکانـتەوە، بـەڵام مەگـەر دەکـرا .... ئـەی بـە لەحـنەت بـیت .... ئەتـۆ چـۆن بـیرت دەکـردەوە، وا بـیرت دەکـردەوە کـە تـۆ لـە هەمووان سەرتری؟ لە شێخ؟ لە بابەگەورە؟ ....

وەتدەزانـی هەمـوو بیرەکـان، هـزرەکان و قسـەکان و ڕاوێـژەکان پووچـەڵ و فشـەن، تەنـیا قسـەکانی خـۆت نـەبێ؟ .... تـۆ بـۆ ئـەو ئیشـە پیسـانە وا ئەتکـرد خـۆتت خـەتابار نەدەزانـی .... هەمـووی ئـەو ئیشـانەت بـە مـافی خـۆت دەزانـی .... بـیرت دەکـردەوە هەمـوو شـتێ مـافی تـۆیە، عەشـیرە، بـووکەقوڕیـنەکان و لـە غەیـبەوە وتنەکانـی شـێخ، رۆح و جەسـتە ناسـك و رووناکەکـەی، خۆشـەویسـتیەکەی خـەڵك سـەبارەت بـە ئـەو، سـام و قسـەی بابەگـەورە و ژیـان و هەسـتی دایەگـەورە و ژیـان و مـاڵ و مـنداڵ و هەمووشـتی عەشـیرە، هەمـووی، هەمـووی، پـێت وا بـوو، هـی تـۆیە .... تەنـیا دامەزرێـنەری ئـەو عەشیرە لات وا بـوو تـۆی و هەمـووی هـی تـۆیە .... بـەڵام شـێخ چـاك گوومانخوارتـی دابـوو و دەم و پلـتی لـێك نابـوو، بـە هـاتنی بـووکەکەت .... بـە هـاتنی سـۆما، بـاش قەرەبـووی ئـەو ئیشـە پیسـانەی لـێت کـرد بـۆوە .... بـەڵام تـۆ .... تـۆی سـەگی پیسـی خـوێن تـاڵ، بـاش بووکـێکت هەڵـنەبژارد، دەسـتت خسـتە

سـەر سـۆما، كچـە جـوانەكەی گـەوەر، هەركـە وتـت بـووكم ئـەوێ، كرماشـانی بـێ .... هەركـە وتـت سـۆمام دەوێ بیهێـنن بـۆم، شـێخ خێـرا گوتیباشـە .... واتدەزانـی شـێخ نـاو چـاوانی گـرژ دەكاتـەوە و دەڵـێ نـا .... نـا .... و پاشـان چـاوەكانی لـێت دەردەپۆقێنـێت و زاری بـە رووتـا دەكاتـەوە و هـەرئاورە وا دەبارێنێـتە سـەر و چـاوتەوە و مەحشـەرێك بـەپا دەكـات كـە وەرە و بیبیـنە و پاشـان دەبێـتە ئەژدەهایـەك و دەپێچـێتە ناوقەتـدا و وردی دەكـات ئیسـقانەكانت و پاشـان بـە زاری لووشـت دەكـات .... بـەڵام خـەون بـوو .... خـەیاڵ بـوو شـێخ خێـرا گوتی بـاش و رۆژی دوایـی پێـنج پـیاوی بـە جیـپە ئەرتەشـیە كـۆنەكەوە، هـەرناردە دووی سـۆما، پێـنج پـیاوی سمـێل فشـی هـەناردە كرماشـان و پـارە و زێـڕی زۆریشـی بـۆ ماڵەبابـی سـۆمای هـەنارد .... بـاش بـوو .... بـاش .... هـەر ماقـت پـەڕی و حەپەسـای وا چـۆن چـۆنی ئـەو بـووكە بـبووە ریشـتەوە .... كچـی «گـەوەر» .... ئـەو كچـەت هـەر نەدی بوو ....

ئەتـۆش چـەندە جـوان بـوویت ئـەو رۆژە .... ئەتگـوت بـڕیارە خـۆت ببـیت بـە بـووك .... لـە هـات و چـۆدا بـوویت و لـە ڕووی هەمـوواندا

بـزەت دەبـردەوە و هەنـدێ جـاریش بـە قاقـا پێدەكەنـیت .... گەلـێ بـە نـاز بـوویت ئـەو رۆژە، گـوتت: بەپیـرۆزت بـێ ماجـد، ئـۆخەی ئاخـری بووكێكـی نـوێ هاتـە ئـەم عەشـیرەوە .... گـەنج و جـوان .... تـۆ وات لـە خـۆ كـردبوو .... واتدەگـوت ئەڵێـی هـیچ لـە دڵـی ماجـد ئاگـات نیـیە، بـەڵام بـریقەی چـاوەكانی ماجـد و نـیگا ژەهراویەكانـی ئـەو، مەگـەر دەكـرا سـەیری بكـەیت و ئاگـات لـە دەروونـی نـەبێ .... تـا ئـەو كاتـە كـەس نەیوێـرا بـوو لـە نهێنـیەكـەی ماجـد بـدوێت و هەر شتێكیشی لـێ بدركێـنێ یـان هـەر شتێكیشـی لـێ پرسـیاربكات .... رێـز و حورمەتـی ماجـد لـەوەوە بـوو كـە هـیچ كـات نەیدەوێـرا لـە دەروونـە سـووتاوەكەی، لەگـەڵ كـەس قسـە بكـات، لـە نهێنـیەكەی، لەگـەڵت قسـەی نەدەكـرد .... لای تـۆش هیچـی نەدركانـد بـوو .... لای تـۆ .... تـۆی وا ئەوەنـدە حـەزی لـێت بـوو، ئەویـندارت بـوو هیچـی نەگـوت، لە ئاكامداش مرد و هیچی بۆ تۆ نەگوت و نهێنیەكەی بردە گۆڕەوە.

دەڕۆیـتە سـەر گـۆڕەكەی ماجـد، بانگـی دەكـەی، بـەڵام ئـەو نـیە، ڕۆیشـتووە، مـات دەبـیت .... ئـەی مەگـەر ئـەو نازانـێ لـەو كاتانـە، تـۆ كـۆ بوونەویـێك سـاز دەكـەی .... رەنگـە «بـا» نجـەوێت و دامـركێ و ئـەو

هەر نەییێت و کۆبوونەوەکەت رێکی نەییێت .... ئاخر بۆ ڕۆیشتووە، بەرە و کوێ ڕۆیشتووە ماجد .... دارە کە دەهەژێت و دەنگی مووسیقاییێکی خەمگین دەگاتە گوێتەوە .... زەیتوونەکانی دارەکە سوورە .... سوورە زەیتوونەکان دەوەرێنە سەر زەویەکە و تل دەخۆنە سەر گۆڕەکان .... قلێ زەیتوونی سوور، بە سوورانێکی نەرم، دەکەوێتە بەرپێی تۆ و هەڵی دەگری و سەیری دەکەی، سوورە .... گەلێ سوورە .... وەکوو دڵۆپێکی خوێن .... ئەتەوێ لە نێوان قامکەکانتەوە دایفلیێقێنی، لە پڕ لە زەیتوونە سوورەکە وا پێت وایە دڵۆپە خوێنێکە، مووسیقاییێکی خەمگین، بەرز دەبێتەوە، ژنێ بە سۆزەوە دەخوێنێ: سەرم ببڕە بە خەنجەری تیژت .... گۆش تاگۆش .... هەست دەکەی قوڕگت داگیراوە و چاوەکانت پڕ بوونە لە ئەسرین .... هێدی، هێدی، ماجد و هاژە هاژی با و کۆبوونەوەو هەموو کەسێ لە بیرت دەکەیتەوە و لە کاتێ کە گوێت لەو گۆرانیە خەمگینە فرمسیك هێنەرەیە، بۆ لای دارەکە کێش دەکەی، سەیری هاورێیەکانت دەکەی کە وات بیر دەکردەوە لە چاوەڕوانی تۆدان، ئەوانیش هەرکامەیان قلێ زەیتوونی خوێنینی کە گۆرانێ «سەرم

بــبڕە گــۆش تــا گــوش» دەخوێــنن، بــە دەســتیانەوە و لــە دارەکــە کــۆ بــوونەتەوە و فرمێســـك دەبارێنـــنە ســـەر زەیـــتوونە خوێنیـــنەکانەوە، جــۆگەلە باریکەیــێك لــە فرمیســکەکان، لــە ســەر زەویــنەکەوە، وەڕێ کەوتــووە و تــۆ حەپەســاو و پــەرۆش ســەیری ئــەو دیمەنــە خەمگیــنە دەکەی ....

ئەتــۆش نەتدەوێــرا گوێــی بــۆ شــل کــەی .... رەنگــە ئەگــەر خــۆتت تــۆزێ شــل بکــردایێ .... زاری ماجــد بــە درکاندنــی نهێنــیەکەیەوە، ئــاوەڵا بکــرایێ و ئــاوا خەمگیــنانە، نهێنــیەکەی بــۆ گــۆڕەکەی نەبــردبایێ .... تەنانــەت شــێخ هەربــۆ جارێکــیش باســی ئــەو عەشــقە نەفریناویەی نــە بــۆ تــۆی کــرد و نــە بــەڕووی ماجــددا هێــنای .... هــەژارە بابەگــەورە، هەمــووان لــە نهێنــیەکەی ماجــد ئاگــادار بــوون، تەنــیا ئــەو نــەبێ، بــەڵام هــیچ کــەس، هــیچ کاتــێ هیچــی نەگــوت ســەبارەت بــەو نهێنــیە شــوومە .... شــێخ لــە ژێــر لچــەوە کوتــی: ماجــد .... مــۆمت بــۆ دادەگیرســێنم .... هەمــوو یەکشــەمۆ بــڕوابکە، رەنگــە ئــازا بــبی .... ماجــدیش بــە چپــەوە وەڵامــی دایــەوە: مــن ژن خــواز نــیم .... نهێنــیەکەی مــن و تــۆ دەبــێ نەکــرێتەوە و نــەدرکێ .... شــێخ لچــەکانی لــێك نــا و هیچــی

نەگوت و سەیری ئەو دوو کچ و کوڕەی بەرانبەری کرد و روو لە کچ گوتی: تۆ حەزت لێیە؟ .... کچ سەری هەژاند .... شێخ گوتی: بەزمان بیڵێ .... کچ گوتی: من حەزم لێیە. شێخ رووی لە کوڕکرد و گوتی: تۆش حەزت لێیە؟ کورە وەڵامی دایەوە: حەزم لێیە .... گەلێ .... شێخ هەموو کەسی نارده دەرێ و لە کنی خۆیدا، لە نێوان قوتووەکە دوو پاروو نانی دەرهێنا و لە ئاوە سوورەکەی نێو پەرداخەکەی ژەند و لە زاری کوڕ و کچی نا ـ: لە بارەی ئەم ساتەوە، هیچ کاتێ، لەگەڵ کەس نەدوێن .... ئێستاکە ئێوە حەڵاڵی یەکترن .... هەر دووکیان دەستەکانی شێخیان ماچ کرد .... شێخ دوو بووکە قوڕینەی، پیشکەشیانی کرد کە زۆر شێوەی هەر دووکیان ئەدا .... بەڵام ئەو دووانە گەلێ گەنج بوون و عاشق .... سینگەکانیان وەختە بوو بتۆقێ لە تەوژمی نهێنییەکەی خۆیان و نهێنییەکەی ئەو شێخەش وا بە ساکاری خوێندی شیعرێك، کوڕان و کچانی بۆ یەك حەڵاڵ دەکرد و بە هێواشی و هێدی هێدی یاساکانی دەگۆڕا .... قسە مەمنوعەکان ئارام ئارام لە کەلێنی ئەو قەڵایە وا شێخەکە لە یاسا نوێیەکانی خۆی دروووسی کرد بوو بۆ دەرەوە فڕین و

تــۆ ئاگــات لــە هــیچ نەبــوو، قــورس و قــایم وەکــوو ســەرداره مەزنەکانــی ولاّتــە مەزنــەکان، لــە ســەر جێگای خــۆت دانیشــتبوی و بــیرت دەکــردەوه کــە هەمــووان لــە ژێــر نیگاکانــی تــۆدان و کــەس هیچــیتــری پــێ نــیە، جگە لە نەخشەکان و قسەکانی تۆ نەبێ.

چــەنده روومەتــی تــۆ ســوور هەڵگــەڕا کاتــێ کــە هەســتت کــرد لەڕاســتیدا ماجــد حــەزی لــە تــۆیە و شــێتانە هــەر بــۆ تــۆ ژیــاوه .... قیزت دەکردەوه لــە ماجــد و دڵــت هەڵدەشــێوا لــە ئــەو .... هەڵــبەت ماجــد گەلــێ، لــە بابەگــەوره گــەنجتر و لەبارتــر بــوو بــەڵام دڵــی تــۆ تەنــیا هــی بابەگــەوره بوو و بــەس. هــەر تەنــیا بــۆ ئــەو لێــی دەدا و گەرمــی ژیانــی هەســت پــێ دەکــرد ئــەو دڵــەت .... تەنانــەت ئــەو کاتانــەش وا «نەبــەز» بــە چــاوه ســەوزەکانیەوه لەگەڵــتدا دەدوا .... چــاوەکانی نەبــەز جــوان بــوون .... پرچــەکانی کــاڵ کــاڵ و لــوول لــوول دەباریــنە ســەر شــانەکانی .... بابەگــەوره پێدەکەنــی و دەی گــوت: شــێخ حۆلــێ هــات ســەیری پرچــەکانی کــەن .... دڵــی تــۆ کــە ســەیری چــاوه ســەوزەکانی نەبــزیان دەکــرد، دەکەوتــە فــرت، فــرتە و توندتــر لێــی دەدا و داخ دەبوویــتەوه و جەســتەت گــڕی دەگــرت .... ئــەو رۆژه وا لــە ژوورەکەتــدا خــۆتت دەشــت بــیرت

دێ؟ نەبەزهات و خێرا خۆی کردە ژووری خۆشتنەکەی تۆوە .... ڕووت و قووت لە نێوان ئەو تەشتە گەورە، لە نێوان ئاوەکە دانیشتبووی .... چەندە جوان بوویت .... کەفی سپۆنەکە رووی ئاوەکەی داپۆشابوو و ئەو ئاوە کەفاویەش، جەستە خڕپن و سپیەکەی تۆی داپۆشابوو، هەرکە خۆی کردە ژوورەکەوە نەبەز، وڕ بووی و بە چاوە خڕتەکان و زارە داچەقاوەکەت، وەختە بوو دڵت بتۆقێ .... هەر ئەوەت بۆ کرا، هەردوو دەستەکەت نایە سەر مەمکەکانتەوە و بە مستێ کەف دایانت پۆشاند .... نەبەز گەرم و گوڕ خێرا و بێدەنگ بەرانبەرت دانیشت و دەمی نایە نێو دەمتەوە و لچەکانتی توند توند مژی .... دەم و چاوی خزاندە بن گوێتەوە و چپاندی: ئای لەو لچە ئاڵانەی تۆ .... ئاخۆ کەی بتگێم حەیاتم .... هیچت نەگوت .... رەنگ بێت و بەرووتا نەما .... دەنگی ئافرەتەکانی هاوڕێت هات کە پێدەکەنین و لە تۆ نزیك دەبوونەوە، نەبەز هەستایە سەرپێ و سەیری دەرگا بەستراوەکەی کرد ....

هەر مردی و هاوارت کرد: کچێ خەریکی خۆشتنم .... نەبەز خۆی کشایە بنی پێخەفەکانەوە سەرفراز دەرگاکەی تۆزێ ئاوەڵا کرد و

سەری کشایە نێو ژوورەکەت و گوتی: هیچت ناوێ جوانێ؟ .... گوتت نا .... نا بە قوربانت بم بیبەستە ئەو دەرگایە .... سەرفراز دەرگاکەی پێوەدا و نەبەز لە کنی پێخەفەکان خۆی کشایە دەرێ و تۆ لە ناخی دڵتەوە خۆتت لەراندەوە و پاڕایتەوە و کوتت: بڕۆ .... دە بڕۆ دەی ....

چاوەکانی نەبەز وەکوو دوو گڵۆپی سەوز دەسووتان و روومەتی سوور، سوور هەڵگەڕا بوو .... سەروسمێڵی تەڕ ببون و تۆزێ کەف لە پرچە لوولەکانی نیشتبوو و بەری بەرز ببوەوە و لە نێوان پانتۆڵەکەیەوە دەرپەڕیبوو .... چنگت خستە سەر کوڵمت و ناڵاندت دەبچۆ بچۆ سەگەباب .... دەی بڕۆ تا کەس نەیزانیوە .... لێت نزیکە بوو و سەر لە نوێ بەرانبەرت دانیشت .... وەختە بوو بمری .... زاری نا لە نووکی ئەو مەمکەتەوە وا باش حەشارنەدرا بوو و کەفەکانی سەری دامرکابوون و ببوون بە چۆڕێ ئاو و تکا بوونە نێو تەشتەکەوە و لە پڕ بە توندی دەمی لە نێودەمت نا و دیسانەوە لێوەکانتی هەڵمژی .... هەڵیمژی و لەشی تۆ، لەشی تۆ وەختە بوو لە ژێر ماچەکان و چپەچپە شەهوانیەکانی نەبەزدا، خاو بێتەوە ....

ئـەو لەشـە جـوانە رەنگـە خـاو بـبوایێ .... دەسـتەکانت شـل بـوونەوە و زاری خزایە سـەر کـولّم و ژێـر ملـتەوە و هـەردەی گـوت و تـۆش هـەر شل دەبوویـتەوە، لـە پـڕ چـەن تیریـان تەقانـد و تـۆ وریـا بوویـتەوەو بـە هـەر دوو دەسـتت دات لـە سـەر سـینگی نەبـەز و ئـەو بـەرە و دەرێ هـەڵات .... کـەس نەیزانـی .... هـیچ کـەس نەیزانـی ئـەو تەقـە هـی چـی بـوو و کەسـیش بـەو رۆژەی تـۆی نەزانـی .... ئـیدی خـۆ ئـەو نەبـەزە هـەر لـە کـۆڵت نەبـووەوە .... پاشـان کـە لـە رۆژی حەمامەکـە بـیرت دەکـردەوە، تەزێکـی خـۆش و گـەرم دەهاتـە گیانـتەوە و گـڕت دەگـرت .... بـەردەوام نەبــەزت لــە خــۆ دوور دەکــردەوە زاتــت نەبــوو لای کــەس ئــەو قســەیە بدرکـێنی .... ڕۆژێکـیان نەبـەز لـە گـەڵ ماجـددا، ڕۆیشـتن بـۆ ڕاو کـردن و نەبــەز ئــیدی نەگەڕایــەوە .... جــوانترین لاوی عەشــێرە نــوقم بــوو و کـەس هـەر نەیتوانـی بیدۆزێـتەوە، هەڵـبەت لـەم ئاخـرانەوە کـە تـۆی بـۆ ڕەشماڵەکـەی رێگـا نەئـەدا، خۆشەویسـتیە بـیهاوتاکـەت پەکـی کەوتـبوو .... پـێوەندیە وەفادارانەکـەت کەمـڕەنگ بـبووەوە و تـۆزێ کەمـی کـرد بـوو .... بـەڵام تـۆش بـە تەمـەن بـوویت .... هـەر چـەندە کەسـی سـاڵان ئەتـنواند، بـەڵام نزیکـی چـل بوویـتەوە، خـۆ ئاگـری دەروون و گـڕی دڵـت

لــە تەمــەن، نەیدەپرسـی .... ئـەی تـۆ لەگـەڵ ئـەو گـڕە چیت بكـردایێ باش بـوو؟ .... بـە لەحـنەت بـێ ئـەو گـڕەی نـێو گـەڵت .... ئاگـری دەروونـت بـە لەحـنەت بـێت .... ئێسـتا كـە دەیانەویسـت بـووك بهێـنن بـۆ ماجـد، ئاگـرەكەی دەروونـت بڵێسـەی دەسـەند و شـەماڵەی دەكـرد .... دەسـووتای، هیچـت پـێ نەدەكـرا .... رەنگـە ئەگـەر ئـەوڕۆژە نەبـەز لـە گـەڵ ماجددا نەڕۆیشـتبوو و ئێسـتا لـە عەشیرەدا بـوو، خێـرا حەمامێكـی باشـت سـاز بكـردایێ و خـۆت لـە ئەنقەسـت، لـە كاتـی خۆشـتنەكە، بانگـت لـە نەبـەز بكـردایێ بـۆ ئـەوە مەسـەلەن سـپۆنت بـۆ بێـنێ یـان ئاوەكـە ساردەوە بـووە یـان هـەر شـتێكی دیكـە و هـەر لـە نـێوان ئـەو تەشـتە كەفاویـە خـۆتت ئـاوەڵا بكـردایێ تانەبـەز، نەیـەك جـار بەڵكـوو دەیـان جـار بـتیگایـێ هـەر بـەردەوام و هەمـوو رۆژێ حـەمامت سـاز بكـردایێ و بانگـت لـە نەبـەز كـردایێ و ئـەو هـەر بـتیگایێ و دەمی لـەدەمت بـنایێ و پەنجـە لـە مەمكەكانـتەوە و خـۆی لـە خۆتـی بـنایێ و هـەر تـۆ شـەهوەتت بـڕژاندایێ، بـا ئـەو هـەر تـۆی لـە بـیر بكـردایێ و بـەردەوام شـەوان و رۆژان لەگـەڵ كلاشـینكۆفەكەیەوە بخـەوتایێ و هـەر نەخشـەی بكێشـایێ رەنگـە ئەگـەر ماجد بهاتایـێ تـا نەبـەزی بـبردایێ بۆ

ڕاو، تۆ بەرانبەر بە ماجد، ڕووت و قووت بوەستایی و بە تووڕەییەوە مەمکەکانت بگردایێتە دەستەوە و روو لە ماجد بتقیژاندایێ: بڕۆ ون بە .... نەبەز لەگەڵ تۆدا نایێت بۆ ڕاوو نەبەزیش خۆی لە ژێر ئەو ئاوە کەفاویەوە حەشار بدایێ و هەر پاژنەکانی پێیەکانی تۆی لە ژێر ئاوەکەوە بلێستایێتەوەو ماجد هەروا کە تۆ ڕووت و قووت بەرانبەری راوەستابوویت بە چاوەکانی سەیری جەستەی تۆی نەکردایێ و سەیری ئاوە کەفاویەکەی بکردایێ و هەر نەبەزیشی بۆ نەدۆزرایێتەوە و تۆ هەر ختوولکت بهاتایێ و هەر قاقات بکێشایێ .... بەلأم هەمووی خەیاڵ بوو خەیاڵ نەبەز نەمابوو و ئەگەریش مابوو تۆ رەنگە نەتدەوێرا ئاگری دەروونتی پێ سارد بکەیتەوە و لە ئاکامدا ئەوکارەت کرد .... کاری خۆتت کرد .... شەویکیان بەزۆر هەر بە زۆر خۆتت کردە ڕەشماڵەکەیەوە .... بە لەحنەت بیت .... ئەو ئێشك چیە کەبینی، دڵت قورس بوو .... چەندە شێوەی نەبەزی دەدا .... چەندە گەرم سەیری تۆی دەکرد و چەندە چاوەسەوزەکان و پرچە کاڵەکانی جوان بوون، ئیشك چیەکە هەرکە تۆی بینی، سینگی بەرز کردەوە و ملی قوت کرد و بزەی بردەوە .... بە هەر فێڵێك کە

بـوو، لـە سـەرخۆتت کـردەوە و نـاردت بـۆ شـوێنێ و خـۆتت کـردە ڕەشماڵەکـەوە .... خەوتـبوو .... لەگـەڵ کلاشـینکۆفەکەیدا خەوتـبوو .... خـێرا ڕۆیشـتی و لـە ئامێـزی ڕاکشـای دەسـتت ئالاندە دەوری ملـیەوە .... تـا بەیانـی لەگەڵـیدا کـەیفت کـرد تـۆ .... لـە واقـیعدا تـۆ ئـەوت دەگـا .... تـۆ بـۆ ئـەو ڕۆیشـتبووی .... شـەهوەت و عەشـقی تـۆ زاڵ بـبووە سـەر دڵـە ساردەکەیەوە و گـڕیدا .... ئـەو تێدەکۆشـا خـۆی لـە گـێژاوی شـەهوەتی تـۆدا ڕزگارکات بـەڵام نەیتوانـی و تەسـلیم بـوو .... تـۆش .... تـۆش هـەر ماچـت دەکـرد و دەتـبۆلاند: ئاخـر بـۆ هاتـی .... بـۆ .... ئـەی حـەیامان دەڕوات ....کـەس نەیزانـی؟ .... هـا .... کـەس نەیزانـی؟ .... ماچـت دەکـرد .... لـە ئامێـزت دەگـرت و وەکـوو ژیلەمـۆ دەسـووتای .... چـەندە بـەناز بـوو .... گـەرم و گـوڕ بـوو و جەسـتە ڕەق و تـەق و سـاردەکەتی گـەرم کـردەوە و لـە خۆشـیەوە هـەرئاخت هەڵدەکێشـا و ماچـت دەکـرد و دەتگـا و لـە ئامێـزت گـرتبوو .... تـوند تـوند لکاندبـووتە سـینگتەوە .... هەسـتت دەکـرد، ڕەنگـە لـە ئامێـزتدا ببێـتە دڵـۆپێ ئـاو و هیچـی لـێ نەمێـنێ .... هـەربۆیە دەکـردەوە و سـوێندت دەخـوارد کـە ئـیدی تـەواو .... خـەلاس ....

تـەواو، ئـیدی هـەر لـە خۆمـی ناکەمـەوە. خـوێنی مـن خـۆ لە خوێنی ئەو پـیاوانە وا هەمـوو شـەوێ ژنەکانـیان دەنێـنە ژێـر ڕانـیانەوە سـوورتر نـیە .... لـە خۆشـیدا هـەر ئاخـت هەڵدەکێشـا و بـیرت دەکـردەوە کـە بەیانـی ئـەبێ ئاهـەنگێ سـاز بکـەی و .... بـەڵام بـێ خەبـەر لـەوەی کـە ئـەو شـەوە ئـیدی شـەوی ئاخـرتان بـوو .... بەیانـی، پـێش خـۆر هـەڵات وەکوو سـێبەرێك .... وەکـوو سـێبەرێکی روونـاك و بـەتین لـە ئامێـزت هاتـەدەری و ڕۆیشـتە شـوێنەکەی خـۆی ڕاسـت هـەر لـەو شـەوەوە بـوو کـە هەسـتت کـرد، شـتێ لـە دەروونـتدا ریشـە دادەکـوتێ و دڵـت دەخـوا .... چـنگت کـوتایە سـەر زگـت و هەسـتت کـرد، شـتەکە خـۆی بـەرەو قـورگت هەڵدەکێشـێ و لـە ئاکامـدا شـتەکە لـە شـوێنێك لـە قورگـتدا راوەسـتا و خـۆی سـفت بەسـتەوە و لـە گۆشـتی گەرۆتـدا رۆ چـوو و بـاڵای کـرد و لـق و پۆپـی دەرهێـنا .... وەکـوو دارێـك .... ئـەو جەسـتەی تـۆ چـی تـێدا بـوو وا هـەر داری هەڵدەهێـنا .... بـبوویت بـە باخەوانـی دارەکانـی نـێو زگـت و گـەرووت و بـاش دەتزانـی سـەرەڕای ئـەوە کـە، هێشـتا خێـزانیە و هێشـتاکەش ئەویـنداریە، بـەڵام بـەری داوە .... دەمـێکە بـەری داوەو و لـە جیاتـی ئـەو لەگـەڵ کلاشـینکۆفەکەی دەخـەوێ .... دەتزانـی بـە چـاو

و گوێــی ئــاوەڵا دەخــەوێ .... بــە ئاگــاداری دەخــەوێ .... لــە لایــەن ئــەوەوە ئاســوودە بوویــی .... دڵــت ئــارام بــوو .... پــێت وا بــوو هەمــوو شــتێ لــە نێوانــیاندا ئاکامــی هاتــووە .... عەشــق .... شــەهوەت .... عــادەت .... هەمــووی تــەواو ببوو بــە ڕای تــۆ، بــەڵام لــەو بەرەبەیانــە کە بینــیت وەکــوو ژیلــە مــۆ .... وەکــوو خــۆر .... وەکــو داری عەرعــەر لەڕەشماڵەکــەی هاتــە دەرێ و بــە هێواشــی ڕۆیشــتەوە نــێو ژوورەکــەی خــۆی، دڵــت شــێوا بەیەکــدا و شــتەکەی بــنی دڵــت چــەکەرەی کێشــا و خۆی هەڵکشــایە ســەرەوە و لــە گەروتــدا خانــووی کــرد و دەنگــت داگــیرا و کپ هەڵگەڕا ....

لــەو شــەوانە وا بــا هــاژەی دێــت و کێلی گــۆڕەکان دەهەژێنــێت، لــە ماجد بــانگ دەکــەی .... بــەڵام دەنگــی ماجــد کــپ بــووە .... هێشــتاکە هــەر دەنگــی نەکــراوەتەوە .... ئــەو ناتوانــێت وەڵامــت بداتــەوە و بــەرز قســە بکــات و تــۆ ناتوانــی دەنگــی ببیســی کــە لــەو ژێــرەوە هــەر جنــێوت دەداتــێ و نەفــرینت دەکــات .... ناتوانــی ببیســی کــە دەڵــێت چــەندە لــە تــۆ بێــزارە و چــەندە بــەلای ئــەوەوە تــۆ کــەری .... و تــۆ دڵــت بــۆ ئــەو کە پــێت وایــە ناتــوانێ وەڵامــت بداتــەوە دەســوتێ و دەنووشــتیتەوە و

دەستت درێژ دەکەیتەوە و ئەتەوێ ماجد بکێشیتە سەرەوە و بە گلەییەوە ئەڵێیت: ماجد گیان لانی کەم دەتوانی کاتێ کە دەنگم دەبیسی، خۆت بیتە پای دارە زەیتونەکە .... دەستت لە بەردەکان وخاکەکان و قوڕەکان تێدە پەڕێنیت بەڵام مەخابن کە لەوێدا کەس نیە .... تەنانەت دەستەکانت زۆرتر دەبەیتە پێشەوە و لە قوڕەکانیش دەگەڕێی .... بەڵام ماجد ڕۆیشتوە .... ئەویش وەکوو جەلیل بەتەنیاتی هێشتووە و تۆ بەرز بەرز بانگی دەکەی ....

ئێستا کە بڕیار بوو بووك بهێنن .... دەنگی ماجد گیرا بوو، کپەوە بوو و تۆ گوتت: ماجد گیان قورگت پەنەمیوە؟ حەزت لێیە بلێم گول گاوەزوانت بۆ دەمکەن؟ ماجد سەری سووڕاند، واتە نا و لە تۆ ڕاما و تۆ لە قینی نیگاکانیدا بانگت لە سەرفراز کرد و گوتت: بۆ تازە زاواکەمان تۆزێ گوڵ گاوەزوان دەم بکە و پاش هاوردنی گوتت بیخۆ، ماجدیش بە دەنگە گەڕەکەیەوە گوتی: پیاڵەیەکیش ببە بۆ ئەو تازە زاواکەیترت .... دوێنێ شەو تا بەیانی نەخەوتووە، ڕەنگە بە نیازی بێت و تو سوور هەڵگەڕایت و لە ڕەشماڵەکەی هاتیتە دەرێ و ببنیت کە ئیشکچیە جوانەکە وا زۆر لە نەبەز دەچوو، بەرانبەر بە

ڕەشماڵەكـــەی بابەگـــەورە راوەســـتاوە و دەســـتەكانیان بـــە گوریســـێ بەســتووە و ســەر و چــاوی ڕووشــاوە و دوو كەســیش ئێشــكیان دەكێشــا ....

رەنـگ بـێت و بـە ڕووتـا نـەما .... هەڵاتـی بـەرە و ڕەشمالەكـەی ئـەو رات كـرد و دەتزانـی چ دۆخـێكە و چـی لـە ئارادایـە .... ئیشكچـیە دەس بەسـتراوەكە هـەر كـە تـۆی بـینی لـە ژێـر لچـەوە گوتـی: ئـەی تـیر بخـواتە نـێو گەڵـتەوە .... ئاخـری بـە كوشـتنت دام .... هـەژای و زەردەوە بـوویت .... ئـەی ئـەو هەمـوو ڕاز و نـیازانە .... ئـەو قسـە ئەویـندارانە چـی بـوون و چـیـان لـێ هـات .... ئـەی ئەمـە بـوو ئاهەنگەكـە وا گوتـی .... ئـەو هەمـوو مـاچ و دەس لـە مـل كردنەچـی؟ .... ئـەو سـاتە خۆشـانە، هێشـتا كـەیفت سـاز بـوو و لـەو كاتانـە هەسـتت دەكـرد سـەدا و سـەد تـا بەیانـی لـە كەیفـدا رەنگـە بمـرێ .... هەسـتت دەكـرد ئـەو تەلیسـمە رەشـەت شـكاندوە ....هـەر خـەیاڵ، خـەیاڵت دەكـرد بەیانـی بـەو ئیشكچـیە هـەژارە دەس خۆشـانەی دەدا، بـەڵام ئێسـتا .... چـیت دەدی .... خـۆتت خسـتە سـەر پێیەكانـیەوە ....لـە سـەر پێسـتی شـێرێك دانیشـتبوو و جگـەرەی دەكێشـا ....

بەڕاستی رەنگ و رووی کرا بووەوە .... خۆتت خستە سەر ڕانەکانی و سەرت بەرز کردەوە و و چاوت لە چاوانی بڕی، ئەویش سەیری تۆی کرد .... سەر و چاوی لە پشت دووکەڵی جگەرەکەی ون ببوو .... بۆ ساتێ هەستت کرد کاری خۆتت کردووە .... دڵی نەرم هەڵ گەڕاوەتەوە، بەڵام بە هێواشی پای کشایەوە و بانگی لە شێرۆ کرد .... لێوی لە جگەرەکەی کردەوە و دووکەڵەکەی بۆ لای شێرو هەنارد و ئاماژەی کرد -: تەنیا سێ قلە .... هاوارت کرد: ـ ئامان .... تۆ بە خودایێ .... ئامانیبدە .... غەڵەتم کرد ....خەتابارم من .... من غەڵەتم کردووە ئەو هەژارە چی بکات .... بەڵام نالەکانی تۆ سوودێکی نەبوو، شێرۆ ڕۆیشتبوو و تۆ نەتزانی بوو، لەپڕ دەنگی سێ گوللەت بیست و لە پڕ بیرت چوو بۆ لای ڕوومەتە جوانەکەی نەبەز و فرمیسك لە چاوانتەوە رژایە سەر پانتۆڵەکەی بابەگەورەوە ....

تەرمەکەیان خستبووە ژێر دارە پیرەزەیتوونەکە و خوێنەکەی لە نێوان ئەو هەموو بەردە رێگای کرد بۆوە و گەیشتبووە بەر پێی گەوەرەوە .... گەوەر قیژاندی و گوریسەکەی کشا و لەوێ هەڵات و شیلانیش

هـاواری لـێ بـەرزەوە بـوو و بـەرە و ئـەو هـەڵات .... ئێسـتا بـە ئـەو دەنگـە کـپەوە چیت دەکـرد هـا؟ سـۆما خـەریك بـوو بـێت و تـۆ هێشـتا حەپەسـا و مابوویـتەوە کـە چـی بکـەی .... ئـەو گـوڵ گاوەزوانـە کـاری خـۆی لـێت کـرد و تـۆزێ چـاك بوویـتەوە، .... بـەڵام ئـەوڕۆ هـەر لـە بەیانـیەوە بـاش نەبـووی .... ژانـێ دەهـات و زگـتی هەڵدەشـێواند و هەنـدێ جـاریش سـەرت گـێژی دەخـوارد .... چـی بـە سـەرتا هاتـبوو .... شـێخ دەی گـوت دەبـێ کـوڕێکمان بـۆ بکێڵـی گەلـێ ئیشـمان پێـیە و تـۆ تەنانـەت زاتـت نەکـرد بڵێـی ئـەی خـۆت .... خـۆت مەگـەر خەسـاوی؟ خـۆت چـڵۆن ناتوانـی کـوڕ بکێڵـی .... تـۆ هـەر ژنـت لـە کوێ بـووە .... کـوا خاوخێـزانت .... تـۆ هـەر خەریکـی ئـەو بـووکە قوڕیـنانەی و یـاری بـە قـوڕەکانت دەکـەی و خـەڵك دەگەوجـێنی و دەخەڵەتـێنی و خـۆت کـەڕ کـردووە لـەو هەمـوو قسـانە وا بۆتـیان دەرهێـناوە .... دڵـی خـۆتت خـۆش کـردووە بـەو سـیحرکارە وا کـەس نازانـێ ئێسـتاکە لـە کـوێدا لاشـەکەی بۆگەنـی کـردووە و ئـەو کچـە هـەژارە وا هـەر نەتتوانـی گـەورەی بکـەی و کوشـتیان بـۆت، بۆتـیان کوشـت .... خـەڵك خـۆ هـەر بەمانـە نـازانن .... بـا نـەزانن .... هـەر

نــەزانن و پــەرە بدەنــە ئــەو قســە بــۆدارانە وا بۆتــیان دەرهێــناوە .... بــەڵام تــۆ کــەی زاتــت بــوو ئــەو قســانە بــە دەنگــی بەرز بڵێی؟ .... تۆ لاڵ بــوویت و زاتــت نەکــرد قســەکانت لای شــێخ بدرکــێنی .... ئــای شــێخە بەتیــنە گچــکەکە .... تــۆ شــێخی کامــە چــیرۆك و نهــێنی بــوویت و لەکامــە شــوێنی نهێنیەکانــی عەشــیرەوە حەشــار درا بــووی .... لــە کوێوە دەتوانم بتدۆزمەوە ....

ئــەو بێچــووە مشــکە مــن بــووم و مــارە کــەنازانم کــێ بــوو، بــەڵام منــیش رەنگــە لــە بێچــووە مشــکەکە زۆر ترســا بێــتم .... تــۆمت ســەیری مشــك و مارەکــەت دەکــرد و لــە ئــەوان ڕامــا بــووی و بــە دەســتت بــەرە و پشــت ســەری خــۆت ئامــاژەت دەکــرد واتــە بــێ دەنــگ لەوێــوە راوەســتە .... بێ دەنــگ .... بــەڵام مــن ڕۆیشــتبووم و لــە دوورەوە ســەیری تــۆم دەکــرد .... لــە پشــت ئــەو تاشــە بــەردە زەبەلاحــە ســەیری تــۆم دەکــرد تــۆ لــە زەریــای ترســی ئــەو مــار و مشــکە نــوقم بــوو بــوویت و مــن دەنگــی پــێم دەبیســت .... ســەرم وەرگەرانــد و بینــیم .... ئــەو پــێڵاوە نفــریناویانە و ئــەو بەنــە ڕەشــانەم بــینی .... پێلاوەکانیشــم بــینی .... «نــارین» گوتــی: کچــەکەم چــەندە گــوتم بــانگم لــێ مەکــە نــارین، بلــێ مامــا ....

ئاخر کێ بینویە کچ ناوی دایکی بانگ بکات و بە بابەی بڵێ شێخ .... ئیدی هەر بابە و ماما، باش؟ گوتم: باش. ماما گوتی: هەرکاتێ وێنەی ئەم پێڵاوانەت بینی و ئەم بەنەڕەشانەت بەکونەکانیەوە بینی، لێیان هەڵبێ و خۆتی لێ ڕزگار کە و دوورەوە ببە لەو پێڵاوە .... کوتم: نارین ئاخر بۆ .....: کوتی: ئەمانە پێلاوی شەیتانن ....شوومن ئەم پێلاوانە .... نابێ قەت لێیان نزیك ببیتەوە ئەگینا ژیانت لێ دەستێنێ و پاشان ئەو پێلاوانەی دەستی خستە نێوان ئاگرە مەزەنەکەوە وا هەندێ جار وەخت و بێوەخت دای دەگیرساند .... پێڵاوەکانم بینی، شەش تا بوون، سەیرێکی تۆم کرد، هەر وا وەکوو خۆت ما بوویتەوە و لە زەریای پێوەندی مشك و ماردا نوقم بوویت و من ویستم خۆم لەو پێڵاوە شوومانە وا نارین باسی کرد بوو، دوور بخەمەوە .... نارین لە کوێ بوویت .... شێخ .... شێخ وەرە هانامەوە .... زمانم بەسترا و نەمتوانی بانگت بکەم .... وە فریام کەوە نارین، شێخ .... شێخ .... یا شێخ .... نەمتوانی خۆمیان لێ دوور بخەمەوە، ئەو پێڵاوە شوومانە،

گەمارۆمیان دا و چەن دەست هاتنە پێشەوە و هەڵمیان گرت و هەر ڕفاندمیان و هەر بردمیان ....

دڵت هەڵدەشێواو و پێت لە پێڵاوە رەحەتی و شیکەکەتدا وا لە هەندەران کڕی بووت، کرد و بە تەواو هێزەوە بزەت بردەوە، وێنەی پێڵاوەکانت لە ئاوێنە قەدیەکەدا زۆر جوان دەهاتە پێش چاو .... بزەت بردەوەو خۆتت ئەهەوەن کردەوە .... کەس چوزانێ، رەنگە سۆما بیتوانیبایێ لەگەڵ تۆدا رێك بکەوتایێ و بۆ تۆ کوڕێکی درووست بکردایێ، وەکوو کوڕ و کچە جوانەکانی دایەگەورە کە ئێستا هەموویان گەورە ببوون و هەر وەکوو بابەیان لێ هاتبوو و بە دزیەوە لاسایی ئەویان دەکردەوە .... سۆما دەهات و هەموو قسە و باسەکان دەبڕانەوە .... لە تەنیشت ئاوێنەکە تێپەڕیت و سەیری خۆتت نەکرد وا سوورتر هەڵگەڕا بوویت ....

تەوژمی شەهوەتەکانت بوو یان هی نەخۆشیەکەت بوو ئەو سوورکەڵەییە؟ ....

لە پلیکانەکان نزیك بوویتەوە و ویستت لە شیلان بانگ بکەی .... شیلان، ئەو پیرە سەگە هێشتا چەندە عاشقی بوو .... هێشتا هەر

دەس هەڵگیری نەبوو .... لەو شاییە وا ئاغای مەنگوڕ دەنگی لە تۆش کرد بوو، گەورت بینی و عاشقی بووی .... گەوەر جندە جوانەکەی جەمیل بوو وا لە کرماشانەوە ڕفاند بووی .... ڕەدووی جەمیل کەوتبوو گەوەر ....

سێ منداڵ و مێردەکەی بە جێ هێشتبوو و لە دووی جەمیل کەوتبوو .... گەوەر و شیلان لە کافەکانی کرماشانەوە دەیانخوێند و سەمایان دەکرد .... جەمیل ڕفاند بووی و لەگەڵ خۆی هێنابوویە ئەو دەڤەرە .... شیلانیش وەدوای گەوەر کەوتبوو .... شیلان گەوەری بەرنەدا .... پاشان تێ گەیشتی نهێنییێك لەو پێوەندیە دایە و بێ دەردنییە ئەو بەرنەدانە .... شیلانیش جوان بوو .... دەردێکی هەبوو شیلان وا دەرمانی بۆنەبوو جگەلە گەوەر نەبێ .... چەندە زوو پیر بوو شیلان .... ئەو ئافرەتە نەشمیلانە زوو هەرەسی هێنا .... ویستت لە شیلان بانگ بکەی، بەڵام هیچ دەنگێ لە گەرووت دەرنەهات و لە بێدەنگێکی نامۆدا، داڕووخایتە سەر زەویەکەوە لە پلیکانە چیمەنتۆییەکان خلۆور بوویتە نێو حەوشەوە .... شیلان دەنگی ڕووخاندنێکی بیست و بەرەو تو ڕای کرد....

شـیلان بـینی کـه تـۆ لـه سـەر خاکەکانـی حەوشـەکەوە درێژاودرێـژ دا کەوتوویـتە .... قـیژاندی شـیلان و هاوکـات لەگـەڵ قـیژەکەی ئـەودا، تـۆ لـە نـێوان جەسـتەتەوە خـزایتە دەرێ .... وەکـوو پـەڕت لـێ هاتـبوو، وەکـوو سـابون خـزبوویت .... وەکـوو شـتێکی لـیق لـە جەسـتەتەوە خـزایتە دەرەوە و تـۆزێ لـە جەسـتەی خـۆت وا وەکـوو خـۆی مابـووەوە، ڕامـای و بـە سـەر سـووڕماویەوە سـەیری شـیلانت کـرد و هەسـتت کـرد ئـەو پـیرە سـەگە .... هێشـتا هـەر عاشـقە .... عاشـق .... ئـای لـە تـۆ ماجـد .... بەسـت نەبـوو؟ .... لـەو کاتەشـدا هێشـتا هـەر دەس هەڵگیر نەبوویت ....

شیلان بـە گـوپـرنـین و قـیژە قـیژەوە لـە حەوشـەوە هاتـە دەرێ و تـۆ بـێ ئـەوەی کـە شـتێ ئـازارت بـدات یـان ببێـتە کۆسـپێك بەرانـبەر بـە دۆخەکـەت، لەمیچـی خانـووە چـیمەنتۆییەکە تێـپەڕیت و خـۆتت لـە سـەر بانـی ماڵەکـەوە بـینی و چـەندە حەپەسـای کاتـێ کـە جوانـوە سـپیەکەی گـەوەرت بـینی ئـەو جوانـوە سـپیە وا لـە ژێـر سمـی ئەسـبە شـێتەکەتەوە داتفلـیقاند و کوشـتت .... گـەوەر بـۆ جوانـوەکەی دەگـریا و شـیلان سـوێندی خـوارد وا دڵـوپە فرمێسـکەکانی بینـیوە کـە لـە کاتـی

گـیانداندا لــە چـاوەکانی جوانــوەکە وەریــوە بــە ســەر کەپــۆیدا .... بــە لەحنەت بیت ....

ئــەو کاتانــە تەنانــەت بــەو جوانــوە شــیرینەش ئێــرەییت دەبــرد، چــۆنکە گــەوەر زۆری حــەزی لــە جوانــوەکە بــوو .... بــۆ ئاهەنگەکــەی ئاغــای مەنگــۆ دەنــگ کــرای .... هــەر کەجەمــیلت بــینی، تــووڕە بــوویت و گەڕایــتەوە .... ئاغــا، گــەوەری هــەنارد بــە دووتــدا تــا بتگەڕێنێــتەوە و تــۆ گەڕایــتەوە .... هــەر بــیرت لــە بابەگــەورە و شــێخ نەکــردەوە .... لــە بــەر چــاوە جوانەکانــی گــەوەر .... لــە بــۆنەی زارە جــوانەکەی گــەوەر و بــە بــۆنەی پرچــەکان و مەمکــە ســپیەکان و ناوقــەدی ناســکی گــەوەرە وە گەڕایــتەوە و هــەر لــەوێــدایش بــوو کــە ئاغــای مەنگــۆ ئــەو جوانــوەی پێشکەشــی جەمــیل کــرد ....   جەمیلــیش هــەر لەوێــدا، جوانــوەکەی پێشکەشــی گەوەرکــرد و گــەوەریش بــبووە هــی تــۆ .... لــە گەڵــێدا شــەرتت کــردو ئــەو بەڵــێنی ســێ ڕۆژی تــری پــێتدا .... پــاش ســێ ڕۆژ گـــەوەر و جوانـــوەکەی و شـــیلانیان رفانـــد بـــۆ تـــۆ .... ســـوارەکانت رفانــدیان .... شــیلانیش هــەر زۆر جــوان بــوو، لــە دوورەوە لــە قاقــای پێکەنــینیدا و کــوتێ منــیش لەگــەڵ بــووکەکە هاتــووم بــێ مــن قــەت

نابێ و تۆ حەزت كرد .... پێت وا بوو بە جارێ دوو نەشمیلانەی رێك و پێكت وەدەس كەوتووە، بەڵام ئەو جوانوە وەكوو پیاڵە خوێنێك لە پێش چاوانتدا دەگەڕا و لە هات و چۆدا بوو، ئەو ئەسبە لە خەیاڵتدا سێبەری جەمیل و تاپۆی ئەوینەكەی سەبارەت بە گەوەر بوو .... تۆ ئارام نەبوویت و ئۆقرەت نەدەگرت هەتا ئەو جوانوەت لە ژێر سمی ئەسبە شێتەكەت ورد و خاش كرد و داتفلێقاندەیەكدا وكوشتت .....: كاكە پیرە .... كاكە پیرە ئەسبە شێتەكە ئامادەكە بۆ ڕاو .... كاكە پیرە حەپەسا بەڵام باش تێگەیشت ئیشێكت پێیەو نابێ كەسێ تێبگەیێ .... ئەو ئەسبە، ئەسبی با و بۆران بوو، لفی نەبوو لەو دەڤەرە، بەڵام كەس نەیزانی بۆ لە پڕ شێت بوو .... كاكە پیرە دەیگوت شەوێكیان سێبەرێكی بینیوە كە لە تەنشتی ئەسبەكەوە بە پەلە تێپەڕیوە .... سێبەر ساتێ بەرانبەر بە ئەسب رادەوەستێ پاشان لە چاوان ون دەبێ .... لەو ڕۆژەوە ئەسب شێت دەبێ و لەغاو ناگرێ .... كاكە پیرە دەیگوت یان شت خواردیان كردووە، یان ئەوانگەل دەستیان لێ وەشاندوە .... ئەسب دەبەن لە دارەكە دەیبەستنەوە .... ئەسب نائارامەو ناهێڵێ خەڵك رەنگی ئۆقرە و

ئـارام ببیـنن .... شـێخ گوتـی: بـیکوژە .... ئـەو ئەسـبە شـێتە بکـوژە ماجـد .... وازی لـێ بێـنا .... بـەڵام تـۆ شـتێکت نەگـوت و کاکـە پـیرە ئەســبی لەمەغارێکــدا زنجــیر کــرد و بــەردەوام خزمەتــی دەکــرد و نەیدەهێشـت بمرێ .... هـەر کاتـێ تـۆ ئیشـێکی تایـبەت و نهێنییێکـی شــوومت بـبوایێ، ئەسـب دەهاتـە ئـاراوە ....بـە تایـبەت ئـەو رۆژە وا لەگەڵ نەبەزدا ڕۆیشتی و نەبەز ئیدی نەگەڕایەوە ....

لـەو دەشـتە بەریـنە کـەس نەبـوو مەگـەر تـۆ و ئەسـبە شـێتەکـەت و ئـەو جوانـوە سـپیە، شـیلان و کاکـە پـیرە وەدوات کەوتـبوون و تـۆ پـیانت زانـی بـوو و هیچـت نەگوتـبوو و وازت هێـنا بـوو تـا ئەوانـیش کـارە سـاتەکە ببیـنن، شـێتەکەت بـەردا لـەو جوانـوە ناسـکە و لـە چـاو تـروکانێکدا شـێتەکە ورد و خاشـی کـرد و دایفلـیقاند و هـەر وردی کـرد و کوشـتی .... لـە راسـتیدا تـۆ ئێـرەییت دەبـرد بـە جەمـیل .... تـۆ خـۆ نەتدەزانی جەمــیل پــیاو نــیە .... جەمــیل گــەوەری رفانــد بــوو بــا کــەس لــە نهێنـیەکەی تـێ نەگەیـێت و قسـە لـە دووی خـۆیدا بـبڕێتەوە .... بـەڵام تــۆ نەتدەزانــی تــا ئــەو ڕۆژە .... ئــەو ئـێوارەیە هەمــوو شــتێکت زانــی .... و ئاگاداری هەموو شتێك بوویتەوە ....

لـەو دیـوی دارەمەزەنەکانـدا، سـەیریانت دەکـرد .... هـاتن .... بـە تـاو هـاتن .... پێـنج کـەس بـوون .... جەمـیل بـە پرچـی ئاڵتوونـی و پێسـتە گەنمـــیەکەیەوە لـــە پێشـــەوە دەهـــات، روومەتـــە جـــوانەکەی هـــەر لـــە دوورەوە هـــاواری بـــە کەیـــف و خۆشـــیەکەیەوە دەکـــرد، ئـــەو چـــوار کەسـەیش بەدوویـدا .... لـە تەنیشـتی ئـەو کانـیاوە مەزنـە، دا بـەزین، سـێبەری دارە مەزنـەکان دەوروبـەری کانـیاوەکەی فێـنك کـردبووەوە .... دوو کەسـیان خێـرا جـل و بەرگـیان دەرهێـنا و پەڕیـنە نـێوان ئـاوە فێـنکەکەوە دەسـتیان کـردە گـرم و هـۆڕ و یـاری کـردن .... «ئـازا» دەسـتی کـردە کـۆ کردنـی چـڵ و چیـۆ و «سـامان» جەسـتەی کەوەکانـی فـڕی دایـە لچـی ئاوەکـە و گوتـی: کەبابـێکت بـۆ سـازکەم، کـەس نەیکـردبێ .... جمـیل بـە دەنگێکـی شـاد و خۆشـەوە و بـەرز گوتـی: ئـــازا، شـــەڕابت هێـــناوە ســـەگباب؟ .... ســـامان لـــە تـــوورەکەی ئەسـپەکەی چـەقۆییێکی دەرهێـنا و بـەرەو کـەوەکان ڕۆیشـت وگوتـی: ئـازا واتـە شـەڕاب، شـەڕاب واتـە ئـازا .... ئـەبێ ئـەم دووانـە لەیـەك دابـڕن جەمـیل، قاقـا پێکەنـی و جەمیلـیش پێکەنـی و ئـازا گوتـی: چ شـەڕابێ، لـە گەڕەکـی فەلـەکـان کـڕیومە تـای نییە وەڵاهـی .... هـەتاو

تیشـکی خسـتبووە سـەر پرچـە ئاڵتوونیەکانـی جەمـیلەوە و پرچـەکانی دەدرۆشـانەوە، وەکـوو هـەتاوی لـێ هاتـبوو سـەری جەمـیل، جەمـیل بـۆ لای ئاوەکـە ڕۆیشـت و نووشـتەوە و دەسـت و چـاوی ششـت و تـۆزی لـە خـۆ سـڕیەوە و مستێ ئـاوی پژانـدە دووانەکـەی نـێو ئاوەکـە، پـێکەنین و گـرم و قاڵەکـەیان زۆری کـرد، سـامان خەریکـی کـەوەکان بـوو، جەمـیل نـەرم لەتەنیشـتیەوە تێـپەڕی و لـە ژێـر لچـەوە گۆرانییێکـی نزمـی دەخوێـند .... سـامان بـۆ جەمیلـی ڕوانـی، دوکەڵێکـی لاواز لـە چـڵ و چێوەکانی ئـازاوە بـەرز بـووەوە، جەمـیل بـەرە وسێبەری دارێکـی مـەزن، مـەزنتر لـە هەمـووی دارەکـان ڕۆیشـت و لـە سـەر سـەوزایی و چیمەنەکان ڕاکشـا و لـە ئاسمـان ڕامـا .... گڕێکـی بچـووك لـە نـێو چـڵ و چێوەکانەوە شـەماڵەی سـەند، و ئـازا لـە ژێـر چـاوەوە سـەیری جەمـیل و سـامانی کـرد .... قامکەکانـی سـامان لـە خـوێنی کەوەکانـدا سـوور هەڵگـەڕا بـوون .... سـامان کەوەکانـی بـۆ لای ئـازا فـڕێدا و ڕۆیشـت و لـە ئـاوی کانـیەکە دەسـتەکانی شسـت .... ئـەو دووانەکـەیتـر شـڵپە شـڵپ لـە سـەر و ملـی یـەکتریان دەکـوتاو گۆرانـی «هـەی کـەر هـەی کـەریان» دەخوێـندەوە .... خـۆر خـەریك بـوو ئـاوا ببـێت و سرووشـت

گەڵێ جوان بوو .... هەناسەکانی سامان پچڕ پچڕ ببووونەوەو ڕوومەتی سوور هەڵگەڕابوو، بە ئەسپایی وبێ پەلە لەکن جەمیلەوە تێ پەڕی و بۆچەن ساتێ لە ئەو نزیکەوە بوو و لێ ڕاما، .... لچەکانی جەمیل سوور و تەڕ بوون و دەستی خزاندە نێوان پرچە کاڵەکانیەوە و ئەو دەستەکەی نایە سەر زگیەوە .... سامان بە ئارامی لە نێوان دارەکاندا ون بوو .... ئازا خەریکی قوشکەن کردنی کەوەکان بوو و قامکەکانی ئاوێتەی خوێن و پێست و پەڕی کەوەکان بوون .... بە دزیەوە لە ڕوومەتی جوان و ناسك و بریقەدارەکەی جەمیل ڕاما .... جەمیل بۆ تاوێ سەری سووڕاند و سەیری ئەوی کرد و بزەی بردەوە و پاشان هەر دوودەستی نایە سەر زگیەوە و سەیری لق و پۆپی دارەکەی بان سەری کرد و دەنگی خشەیێکی بیست .... سەری بەرەو دەنگەکە کە سووڕاند و دەنگی تەقەی گلەنگەدەنێکی بیست و تۆزێ سەری بەرە و دەنگەکە بەرز کردەوە .... ئازا سەری بەرز کردەوە و هاوکات بە تەقاندی گوللەیێك فڕێ درایە نێوان ئاوەکەوە .... ئەو دووانەکەیتریشت لە چاوتروکانێکدا کوشت .... جەمیل وڕ وکاس و ترسەنۆك، ئەت

گوت ئیزرائیلی هاتووەتە پێش چاوان، هەروا وەکوو خۆی مابووەوە و سەیری ئەو دیمەنە خوێنبارەی دەکرد .... لەگەڵ دوو هاوڕیەکەتدا هاتیتە پێشەوە و لە تەنیشتی جەمیلەوە ڕاوەستایت و سەیری دیمەنەکە وا لەو ڕۆژئاوایەدا، بەڕووی ئەو سرووشتە جوانەدا، نەخشاند بووت، کرد، جەمیل وەکوو خۆی مابووەوە و، هێزی هەڵساندنی پێ نەمابوو و سەیری تۆی دەکرد .... پرچە جوانەکەی و ڕواڵەتە گەنمینەکەی، بە پاڕانەوییێکی زۆرەوە سەیری تۆیان دەکرد .... هاتیتە پێشترەوە و لە جەمیل نزیکتر بوویتەوە .... جەمیل تۆزێ خۆی بەرەو تۆ کردە کێش و سەیری تۆی کرد، تەواو جەستەی جەمیل ببوون بە دەیان چاوی جوان و لە تۆ دەپاڕانەوە و تۆ هەستت کرد وا چەن کەس سەیری تۆ دەکەن و دەڵێن مەکوژە ماجد .... مەکوژە .... و تۆ سوور هەڵگەڕا بوویت و ئاوی کانیەکە سوور هەڵگەڕا بوو و هەناسەکانی تۆ پچڕپچڕ بوون و دەنگی چپەی جەمیلت بیست: مەکوژە .... مەمکوژە ماجد .... بۆ دوو هاوڕیەکەتت ئاماژە کرد، ئەوان ڕۆیشتن و بە ئارامی لە جەمیل

نـزیك بوویـتەوە و لـە ژێـر لچـەوە پچـر پچـر و هەنكـە هـەنك كـوتت:

مەترسە .... ناتكوژم .... مەترسە ....

لاو بـوویت و عاشـق، شـیلان پانـزدە سـاڵێ لـە تـۆ مـەزنتر بـوو، بـەڵام لەگەڵـیدا بـووی .... گـەوەر دەیزانـی و هیچـی نەدەگـوت، بـەڵام شـیلان .... شـیلان هـەر ئاشـقی تـۆ نەبـوو، ئـەو ئەویـنداری گـەوەر بـوو و تـۆ نەتدەزانـی .... ئـەو گـەوەری دەویسـت، شـیلان نەخـۆش بـوو، ژن نەبـوو و تـۆ تێنەگیشـتبووی، بـەڵام گـەوەر زانـی بـووی و لای تـۆ نەیدرکانـد بـوو و تـۆ گەوجانـە پـێت وا بـوو دو ئافرەتـی رێـك و پـێكت هێـناوە و ئەوانـە دەتـوانن ڕابـردووە رەشـەكەت بسـڕنەوە .... پـێت وا بـوو رەنگـە بـە هـاتنی ئـەو دوو شـۆخە، تـۆ بتوانـی «ئـەو» لـە بـیر بكەیـتەوە و بەخـتەوەر بـیت یـان هـەر نـەبێ چـەن سـاڵێك لەگەڵـیاندا بـە خۆشـی تێـپەڕێنی و پاشـان تفـیان بكەیـتەوە نـاو كونـی بیرەوەریـە تاڵەكانـی عەشـیرەوە .... بـە لەحـنەت بـیت ماجـد .... بـەڵام ئـەو دووانـە بـاش خـزمەتێكیان پـێت كـرد، هـیچ ژنـێ تێرتـی نەدەكـرد، هەسـت و رۆحـت لای ئـەو بـوو تەنـیا ئـەو بـۆیە كـەس شـەهوەتی تـۆی تێـر نەدەكـرد بـەڵام ئـەو دووانـە بـاش تـۆڵەیان لـێت كـردەوە .... بـاش ئەختەتـیان كـرد ....

بێچـارەتیان کـرد .... شـێخ گوتـی: ئاخـر جـارت بـێ ماجـد .... ئـیدی مــافی ئــەوەت نیــیە ژن هەڵبگــری و بیهێنیــتە عەشـیرەوە .... تــەواو .... ئــیدی‌یــان شــیلان یــا گــەوەر یــان هەردووکــیان یــان هیچـکس .... شـیلانت بـینی .... بینـیت ئـەو شـەوە و دونـیا لـە پـێش چـاوانتدا ڕەش هەڵگـەڕا، بینـیت کـە خەریکـی چـییە .... چ دەکـات .... بـە هــەر دوو چـاوت بینـیت .... هــەر لـە بـەر ئـەو ئیشـانە بـوو وا گـەوەر شـێت بـوو .... دای لـە کەلـەی و شـێت بـوو .... بـە لەحـنەت بـێت شـیلان .... بـە لەحنەت بی تۆ ....

تــۆ بــە ئاســانی وەکــوو شــتێکی لــیق، جەســتەت چــۆڵ کــرد و لەمیچــی خانــووەکەت تێــپەڕیت و ئــەو جوانــوە ســپیەت بــینی وا یاڵەکانــی، سمەکانــی و چــاوەکانی وەکــوو بلــۆر دەدرەوشــانەوە، هەروەکــوو خــۆت بــەتین بــوو، تــۆش وەکــوو ئەســتێرەت لــێ هاتــبوو هــەر دووکــتان وەکــوو ژیلەمــۆ دەســووتان و دەدرۆشــانەوە، جوانــوو لــە ژێــر دارە زەیــتوونەکە راوەســتا بــوو، ویســتت لــە ئامیــزی بگــری .... داپەڕیــتە ســەر لقــە مەزەنەکــەی دارەکــە و دەســتت درێــژ کــردەوە و ئــەو جوانــوە وریشــەدارەت هــەڵ گــرت، لــیق نەبــوو، نــەرم بــوو وەکــوو پــەڕ، ئــیدی

هەستت بە هیچ قین و رقێك سەبارەت بەو جوانوە نەدەکرد، تەنانەت حەزیشت لێ بوو .... لە دڵتدا هەستت بە هێمنایەتی دەکرد .... سەرت بەرز کردەوە، لە دورەوە تۆز و خۆڵ هەڵی کرد بوو، وەکو گەردەلوولێك دەهاتە پێش چاو .... جێپەکەت بینی .... پێنج کەسی تێدا بوو و کچێکیش .... سۆما خەریك بوو دەهات و تۆ هێشتا ئاڵۆز و پەشۆکاو، سەرگەردانی رەهەندێکی دیکە بوویت .... جیپ نزیکەوە بوو و تۆ باش سەرەنجی سۆمات دا و بە حەزێکی زۆرەوە سەر لە نوێ فڕیتە بان ماڵەکە و لە میچەکەوە روو لە جەستت تێپەڕیت .... لە کاتێکدا هێشتا جوانوە ناسکەکە لە ئامێزتدا بوو ....

خوێن لە کوڵمە چرچەکانی شیلانەوە چۆڕەی دەکرد .... شێخ چەن دڵۆپە ئاوی تکاندە نێو زاری ماجدەوە -: چاك دەبێتەوە .... هێشتا زیندووە .... شیلان و شێخ بۆ چەن سات جوانوە بلۆرینەکەیان بینی .... هەندێ جار بەشێ لە ئەویان دەبینی، تاوێ سم، تاوێ چاو و تاوێ سەری .... شیلان لە ترساندا وەختە بوو بتۆقێ و ویستی بە تەواو هێزەوە بقیژێنێ، بەڵام شێخ لە شیلان مۆڕی بردەوە و زمانی

شیلان لە پڕ بەسترا و شێخ بە دەنگێکی نامۆوە بانگی لە شێرۆ کرد و کوتی: بیگەڕێننەوە .... بووك هێشتا پای گەرم نەبووەوە کە لەگەڵ خەڵاتێکی زۆردا گەڕاندیانەوە وڵاتی خوی ....، سۆما بە چاوەکانی لە دایکی دەگەڕا، بەڵام بە دەستووری شێخ گەوەریان لە ڕەشماڵەکەی شیلاندا شاردبووەوە .... بیگەڕێننەوە .... واتە چی .... وڕ و کاس مابووی .... تووڕە بوویت .... پیاوەکانت ماندووبوون .... تەنانەت کاتژمێرێکیش نەحەسانەوە، شێخ دەستووری دا: ڕەوانەیان بکە و تۆش کردت .... دەنگی هەناسە تووڕە و نامۆکانی شێخ وەختە بوو شێتت بکەن .... تەنانەت بۆ ساتێکیش دەستوورەکەی شێخت نەدا بە زەویدا، فێر ببوی تەنیا گوێی بۆ شل کەی و ئیشەکانی جێ بە جێ بکەی .... تەنانەت دایەگەورەش ئەوەندە دەستی نەدەچوو بە سەرتا ....

دەستت خستە نێوان ئەو هەموو بووکە قوڕینەگەلە و یەکێکیانت هەڵبژارد و سەیرت کرد: لە ژنێ دەچێ .... وا نییە؟ شێخ کە خەریکی ئیشەکەی بوو لە ژێر لچەوە گوتی: نێوی قەیرە کچێکی مەسێحیە و تۆ زۆر حەپەسای، .... ئاخر ئەوە کوێی لە بووکێکی

قەیـره دەچــیٚ؟ .... ڕاسـت پـاش حەوتەیــێك ژنــێكت بـینی .... لــە تەنیشـتی شـێخدا دانیشـتبوو .... هەسـتت كـرد ئـەو ئافـرەتەت بینـیوە .... چـەندە ئاشـنا بـوو ئـەو ئافـرەتە .... چـەندە .... لـە كامەشـوێندا بینی بووت كامە شوێن .... لە كوێنەدا ....

ــ: چـەندە جوانـی شـومێران .... ــ: كـارت بـە جوانـی مـنەوە نـەبێ كـوڕەكە، دەسـتت لـۆ مـن ئاوەڵاكـە .... دەسـتت ئـاوەڵا كـرد .... ــ: تـۆ زۆر شــەڕ دەكــەی و خــەڵك دەكــوژی، ســەیری خــوێن بكــە .... ئــەم هەمـوو خوێـنە لـۆ تـۆ دەرژێـتە زەویـەوە، تەنانـەت پـاش مـردنەكەتیش هــەر خوێــنەوا دێــت و ســەران دەبــا .... ــ: دەزانم .... دەزانم ئــەو خوێنانەهـی چـی بـوون .... ئەمـڕۆ مریشـكێكم لـۆ دایـەم سـەربڕی و لـە قاقـای پێكەنـیت دا .... شـومێران توورەبـوو و دەسـتی تـۆی بـەردا و تـۆ لـە ئەونـزیك بوویـتەوە .... ــ: ئـەو كاتانـەش وا تـوورە دەبـی هـەر جوانی .... ڕەدووم دەكـەوی، نـارین گـیان؟ .... ــ: چـەن جـار گـوتم بـانگم لـێ كــە شــومێران .... نــارین مــردووە، مــردوو، مــن لێــرە شــومێرانم و ڕەدووی تـۆش ناكـەوم .... ــ: زۆرم حـەز لـە ناوەكەتـە نـارین گـیان .... هـۆی نـارین، وەی نـارین نەمسـوتێنی بـە نارەكـەت ئاخـر مـن چیم كەمـە

و عەیبم چییە کچێ .... ئاخر کوڕی چاك وەکوو من لە کوێ پەیدا دەکەی کچێ .... ها .... لە قاقای پێکەنینتدا، شومێران لە ژێر لچەوە گوتی: چارەنووسی تۆ لەگەڵ مندا جیاوازە .... و تۆ ئەو شەوە بینیت چۆن نارین لە دەرگای ماڵەکەیان، بە ئەسپایی هاتە دەرێ و بەرە و تاریکییەکە ڕۆیشت .... چ کەسێك لەوێدا لە چاوەروانی نارینـدا بوو، نەتبینی و لات گرینگ نەبوو، باش تێگەیشتی نارین، وا لە شارێکی دیکەوە لەگەڵ دایەی هاتبووە شارەکەی ئێوە، بە ئەنقەست ناوی خۆی گۆڕا بوو .... شومێران وا لە جوانیدا بێ هاوتا بوو و چاك چارەنووسی خەڵکی دەخوێندەوە، لەو کاتانەوا تۆ ئاشقی بووی، ئەویندارى کەسێك بوو وا لەو شەوەدا لە نێوان ئەو تاریکە تۆخەدا، چاوەڕوانی بوو و ئەویش بە بێدەنگ وەکوو پشیلە خۆی خزاندە نێو تاریکییەکەوە .... باش تێگەیشتی، کە ئیدی ئەو بۆ تۆ نابێت و پاش چەن ڕۆژ لەو شارە ڕۆیشتی و نزیکەی ساڵێ هەر نەگەڕایتەوە ....

شـێخ بــووکە قوڕیــنەکەیدا بــە دەســتی ئافــرەتەکە و پێکەنــی گوتــی: ئەمــە شــومێرانە .... لــە وڵاتــی خــۆمانەوە هاتــووە تــا فاڵــی قــاوەت بــۆ بگرێتەوە و تۆ بێدەنگ دانیشتی و لە ئەو ڕامای ....

ئــەڵێن نــارین فــاڵگیری حاکمــی وڵاتێکــی دوور بــووە .... ڕۆژێ نــارین لــە چــارەی حاکمــدا دەبیــنێ کــە کــوڕی دەمــرێ و نەخۆشــی وڵات داگــیر دەکــات .... حاکمــیش ســەرەڕای تووڕەبوونــی، دەنکــێ هــەناری لــەزاری نــارین نابــوو و گوتــبووی ئــەو کاتــەش مــن، ئەوملەجــوانەت دەقــرتێنم .... زێڕێکــی زۆریشــی پێشکەشــی نــارین کــردبوو .... نــارین گوتــبووی: ئــەم زێــڕە بۆچــی .... حــاکم گوتــبووی ئامــادەی ئاهەنگێکــی تایــبەت بــبە، پــاش حــەوت رۆژ، کــوڕی حــاکم دەمــرێ و نەخۆشــی وڵات داگــیر دەکــات....حاکمــیش کــەس دەنێــرێتە ســەر نــارین بــۆ کوشــتنی .... بــەڵام عاشــقەکانی نــارین ئاگــادار دەبــن و بەڕێــی دەکــەن بــۆ ئــەم دیــوی سنوور و پــاش تێــپەرین لــە ســنور نــارین دەبێــتە شــومێران و خــۆی لــە حاکمەکە دەشارێتەوە ....

بــزەی بــردەوە و فــنجانە قاوەکــەی بــە دەســتت دا .... وەرت گــرت و خــواردت و نــارین فــنجانەکەی لــە تــۆ ســەندەوە و هەڵــی گەڕانــدەوە نــێو

ژێــر فــنجانەكە: ئــەبێ بگەڕیــتەوە ولات، لەگــەڵ تــر و تایفەكــەت و عەشــێرەكەتدا .... هەمــووتان خێــرا ئەبــێ ئێــرە چــۆڵ بكــەن .... ئــەبێ بــڕۆی بــۆ ئــەو شــوێنەوا دارێكــی زەیتوونــی زۆر زۆر پــیری هەیــە .... جێگای تۆ لە كن ئەو دارەیە ....

ســـەرت بـــەرز كـــردەوە و بـــۆ تەنـــیا دارە زەیـــتوونەكەی دەڤـــەری حكـومەتەكەت ڕوانـی ـ: لفـی ئـەم دارەش لـە ئـەو شـوێنە هەیـە وەكـوو ئــەو دانەكــەی تــریش .... و تــۆ بــیرت كــردەوە كــە لــە هــەر كــام لــە كۆچــەكانتدا، لــە تەنیشــتی دارێكــی زەیــتوون ژیــاوی و ســەیریش ئــەوە بــوو تــا دارە زەیــتوونت نەئــەدی ئۆقــرەت نەدەگــرت و جــێگیر نەدەبــووی ....

ئاغـــای زەمانـــی ســـەیری دایەگـــەورەی كـــرد و گوتـــی: وریـــای بـــووكە جــوانەكەت بــبە كــوڕم .... زۆر گەنجــەو وادیارەكــەم فامــە .... گــوتت مەگــەر داریــش ترســی هەیــە و پێویســتی بــە فــام و عــەقل هەیــە كاكــە؟ .... ئاغـای زەمانـی تووڕەبـوو: كاكـە بـۆ قسـە حالـی نابـیت ئەمـە كـەی دارە .... كــێ كوتــوویە دارە، هــەر كــە كوتــوویە گــووی خــواردووە .... داری چــی وشــتی چــی .... ئەمــە شەخســە .... شــەخس .... گــوتت:

شەخسـی چـی وشـتی چـی ئەمـە تەنـیا دارە، دار، داری زەیـتوونە و ئەمنـیش زۆرم حـەز لـە زەیـتوونە .... ئاغـای زەمانـی هـاواری لـێ بـەرزەوە بـوو و گوتـی: وریـای ئـەم دارە بـبن، ئەگیـنا سـەرتان لـێ دەشـێوێنێ و تـۆ بـە هێواشـی سـەیری دارەکـەت کـرد وموووچـڕك بـە لەشـتا هـات و گـوتت: بـۆ نایـبڕیتەوە؟ ئاغـای زەمانـی قیـڕاندی و لـەوێ هـەڵات و لـە بـەر خـۆیەوە هـەر بـۆڵە بۆڵـی بـوو .... شـوێنی سـەدان دەسـتت لـە دارەکـە دیـار بـوو و سـەرت سـووڕ مابـوو .... ئاخـۆ کـێ نەخشـی ئـەو دەسـتانەی لـە سـەر دارەکـە هەڵکەنـد بـوو؟ .... بـەڵام باش کـە سـەیرت کـرد بینـیت کـە ئـەو نەخشـانە بەشـێك لـە واقعیەتـی دارەکـەن بیسـتبووت شـەوی ساڵی نوێـی فەلـەکان، خوێنـیان لـێ دەتکـێ و خوێـنەکەش لـە بـنی دارەکـە گـۆم دەبەسـتێ .... ئـیجازەت نـەدەدا کـەس ئـەو خوێـنە، بشـۆرێ، بـە نووکـی چـەقۆکەت خەتـێکت دەکشـایە دەوری دارەکـەو دەتگـوت: ئـەم دارە، ئـەم دارە نەخۆشـە .... فـێ لـێ دێ .... لـە سـەرخۆ دەچـێ ئـەم دارە .... فـێ لـێ هاتـووە ئـەم بەسـتەزمانە .... و عەجیـبتر کـە خوێـنەکە لـە خەتەکـەی تـۆوە،

تێــنەدەپەڕی و هــێدی هــێدی لــە بــنی دارەکــەوە ڕۆ دەچــوو و ریشــەکە خوێنەکەی دەمژی و هیچ ئاسەوارێکی لێ نەدەما ....

شــومێران، ئــەو قەیــرە کچــە مەســیحیە لــە وڵاتــی خــۆتەوە هاتــبوو تــا پــێتی بڵــێ کــە کاتــی کــۆچ گەیشــتووە .... گــوتت: چــەندە کــۆچ .... ئەم خەڵکــە مانــدوون .... هــەژارن .... لــە هــیچ شــوێنێکدا ئوقــرەیان نەگرتووە .... هەموو شوێنی بۆمان جێ مەترسیە ....

شــومێران لــە فــنجانەکەت ڕامــا و دڵــۆپە فرمیســکێکی وەرانــدە نــێو فــنجانەکە و لــە ژێــر لچــەوە گوتــی: «ئاغــا ســەیدی مەســیح» خــۆی فەرمــوویە .... خــۆی دەســتووری داوە ....دەبــێ بــڕۆی .... ڕەنگــە کۆچــی ئاخــرت بــێ وتــۆ لــە جــێگات هەڵــبەزیت و قــەڵس بــوویت .... گــڕت گــرت .... قســەکانی شــومێران هــەر شــێتتی کــرد .... هــاوارت کــرد: ئاغــا ســەیدی مەســیحەکەت بــۆ تــۆ دەســتووری داوە نــە بــۆ مــن .... ئــەبێ لــە زووتــرین کاتــدا بگەڕێــتەوە وڵات .... شــێخ ســەیری تــۆی کــردو مــۆڕی لــێت بــردەوە: ســێ مانگــی پــێش .... چ خەونــێکت بــینی؟ .... هــا؟ .... بــۆی بگێــڕەوە .... دەی بــیڵێ ئــەو خەونــتە .... کــاس بــوویت .... لاڵ بــوویت و بــەو چــاوە وردیلانــە و بــریقەدارانەتەوە لــە

شـــومێران ڕامـــای .... فرمێســـك لـــە چـــاوەکانی شـــومێران باریـــە ســـەر کـــولمە سیســـەڵەکانی و گوتـــی: بەســـیەتی .... بەســـیەتی ئـــێدی .... بیـــبڕەوە .... تـــەواوی بکـــە ئـــیدی .... ئـــەبێ بگەڕێـــتەوە .... و تـــۆ ویستت بڵێـی کـە سـێ مانگـی پـیش خـەونت بـە ئاغاسـەیدی مەسـیحوە بینـیوە .... خاچـێك بـە دەسـتیەوە بـوو .... خاچـەکە لـە گۆشـتی سـوور و خـاودا پۆشـراو بـوو .... خاچـەکەی بـۆ لای تـۆ فـڕێدا و هـاواری کـرد: تـۆش لـە ئـێمەی و بـۆ لای ئـێمە دەگەڕێـتەوە .... و تـۆ لـە تـەواو ئـەو خەونـەدا هـەر دەگـریای و دەپاڕایـتەوە کـە مـن فەلـە نـیم .... مـن مەسـیحی نـیم، بـەڵام لاڵ بـبووی و هـەر نەتوانـی ئـەو خەونـە بـۆ نـارین بگێـڕیتەوە .... نـارینی جـوان، بـۆوا سیسـەڵ بوویـتە؟ .... شـێخ ئـەوی لـە کـوێ دەناسـی؟ .... سـێبەرەکە گەلـێ کـورتە بـاڵا بـوو، هەسـتت دەکـرد ئـەو سـێبەرە دەناسـی، بـەڵام بـۆت نەدەچـوویتە سـەری، لـە کـوێدا بینـیوتە .... ڕۆیشـتنی نـارین بـۆ لای ئـەو سـێبەرە کـورتە باڵایـە، زۆر گەورەتـر بـوو بـە لاتـەوە وا ئـێدی هێـزی وەدووی نـارین کەوتـنت، بـۆ نـەماوە و نەتویسـت لـە ناسـینی سـێبەرەکەدا، بگـەڕێ .... هێـزت

نـەما، چـوونكە نـارين ئەويـنە پاكەكەتـی لـە گـەڵ خـۆيدا بـردە نـێوان ئەو تاريكيە تۆخە و ئيدی نەيگەڕاندەوە ....

بــە تووڕەيــيەوە لــە شــومێران و شــيخ پشــتت كــردو بــەرەو ڕەشماڵەكــەت ســووڕايتەوە .... ئــای شــێخە گچــكە پــڕ لــە نهێنــيەكەم .... چــيت دەكـرد .... لـە كامـە شـوێندا خـۆتت حەشـاردا بـوو .... ڕۆحـی تـۆ لـە قـوڕی كامـە بـووكە قوڕيـنەدا حەشـاردرا بـوو .... خۆمـيش نەمدەزانـی ....

ئــەو جەســتە شــيتاڵ شــيتاڵەت لــە ئامێــز گــرتبوو و بــەرت نەئــەدا و بــە خـۆتەوە نووسـاند بـووت .... لـە كـن تـۆ دا ڕاوەسـتا بـووم و سـەيری تـۆم دەكـــرد .... دەســـتم خســـتە ســـەر شـــانت و تەكانـــتم دا .... زۆر .... بــەڵام تــۆ هەســتت بــەو هەژاندنــە نەدەكـرد .... زۆر گــريام و پاڕامــەوە: شـێخ .... يـا شـێخ .... بابـە .... ئەمـە مـنم .... مـن لـە كـن تـۆ دام .... ئـــەو جەســـتە شـــيتاڵ شـــيتاڵە بـــەردە .... بـــەرىدە ئـــەو جەســـتەيە .... مـن لێـرەم .... ئـەوە هـەر هـيچ نـيە .... بـەڵام نـە تـۆ ئەتبيسـت و نـە نـارين .... ماجـد هـات .... ئـەويش خـۆ هــەر تێنەدەگەيشـت .... ماجـد گوتـی: شـێخ .... بـيدە بـە مـن تـا خاكـی كـەم .... خـاك مـەيل

بـڕە .... خـاك ئـەو خەمــەت لـێ دەسـتێنێ و ئەهـوەنت دەکاتــەوە .... ئۆقــرە دەگــری .... گــونای هەیــە بــە خــودا .... بــۆن دەکــات ئــەو بەســتەزمانە .... گوناهــی هەیــە وەڵاهــی .... جەســتەت بــەر نەئــەدا ....و نــارین هیچــی نەدەگــوت .... تەنــیا بلێســەی بــە ئاگــرەکەی دەدا و تیژتــیژی کــردبوەوە .... مەغارەکــە وەکــوو جەهەندمــی لــێ هاتــبوو .... ماجـد گوتـی: بـیدە بـە مـن ئاخـر .... خـۆ وا بکـەی عەشـیرە چـی .... ئـەو خەڵکـە هـەژارە وا چـاویان لـە تـۆیە چـی .... خـۆ هـەر دەتۆقی یــا شــێخ .... بــیدە بــە مــن بــۆن دەکــات لــەم جەهەندمــە .... ئەگــەر کــەس پێمانــی بــزانێ .... باشــی لــێ نابێــتەوە یــا شــێخ .... چــپاندمە گوێــــتەوە: ســــوێند دەخــــۆم کــــە نەچــــم .... لای تــــۆ دەمێــــنمەوە ....نەتبیســــت .... هــــەرتێ نەگەیشــــتی .... تــــۆ لــــەزەریای مەرگــــی مندا نوقم ببویت و هەر هەستت بەزیندووی من نەدەکرد ....

بــە پەلــە بــووکەقوڕیــنەی قەیــرە کچــی مەسـێحیت لــە دەسـتی نـارین دانـا و گــوتت: بچــۆ .... خــۆی عاقــل دەبــێ .... شــومێران دەگــریا: ڕەنگــە دێـرببێ .... ـــ: بچـۆ .... تـۆ بـە خـودایێ بچـۆ، کـارت پـێوە نـەبێ .... نــارین گوتــی: تەنــیا ئەمشــەو .... ڕەنگــە ئــێدی .... نەتبیــنمەوە ....

و تـۆ بینـیت کـە چـۆن نـارین دەپاڕێـتەوە و شـێخ وەڵامـی ناداتـەوە، بـەڵام هـەر لـە سـەرتای هـاتنی نارینـەوە، حاڵـی شـێخ گـۆڕدرا .... ئـەو شـتەت بـە چـاو بـینی .... خـۆت بینـیت کـە چـۆن لـە تـین و وریشەکەی جەستەی شـێخ کەمـەوە بـوو .... شـێخ ئەوڕۆگـۆڕدرا بـوو .... لەگـەڵ نارینـدا هاتـبووە چـپە و سـرتەوە .... هـێدی هـێدی شـێخ، نـەرم هەڵگـەڕا و هـەر دووکـیان بـەرەو ژووری بـووکە قورپـنەکان ڕۆیشـتن و دەرگاکـەیان پـێوەدا و دایـان خسـت ئـەو دەرگایـە .... تـا بەیانـی ئیشـکی ئـەو ژوورەت کشـا .... بەرەبـەیان شـومێران خێـرا لـە ژوورەکـە هاتـە دەرێ و لـە وێ ڕۆیشـت ئەڵێـی هـیچ کـات لـەوێ نەبـووە و ئـیدی نەتبینـیەوە ....

نـارین هـەی نـارین .... ئـەو پرچـە ڕەشـانەت دەبـڕمەوە .... ڕۆژێ پەلکەکانـی نارنـیت لـە پشـتەوە کشـا .... نـارین بـە نـازەوە قـیژاندی و گوتـی: چارەنووسـی تـۆ لەگـەڵ مـندا جـیاوازە .... بـریا مـن بـە قـەد گۆشـە چـاوی بـووکەکەت جـوان بـبوایام و تـۆ لـە خەیاڵـی خـۆتدا نـوقم دەبـوویت و پەلکەکانـی لـە دەسـتت بـەر ئەبـوونە سـەر شـانەکانی نـاریندا .... وان لـە کـوێدا ئـەو پرچـە جـوانانە، نـارین گـیان .... بـە مەقەسـتی

دەستی کامە نامرد بڕاونە تەوە .... بۆ وا سیسەڵ بوویتە نارین گیان .... ڕۆیشت شومێران .... ئەڵێێ هیچ کات لەوێدا نەبووە نارین گیان .... ئەتۆ لەو ژوورە چیت دەکرد دوێنێشەو نارینە جوان .... وەختە بوو دیق بکەی بۆ نارینەپە لکە شۆڕەکە .... بۆ نارینە جوانەکە ....

شەوی دوایی هەستت کرد کارەساتێ لە ئارادایە .... خەوت لێ نەدەکەوت و لە نارین و قسەکانی بیرت دەکردەوە لە پڕ خورپەیێك بە دڵتدا هات و سەرت بەرزکردەوەو بینیت ....

خۆی بو .... ماجد بوو .... لە نێوان دو داردا ڕاوەستا بوو .... جوانوە بلۆرینەکەش لە لایەوە وەستابوو، ماجدیش وەکوو ئەو جوانووە بەتین و پڕتیشك بوو .... هەر دووکیان وەکوو ژیلەمۆ دەسووتان .... پێت وا بوو لە بلۆر درووس کراوە ماجد .... بریقەدار بوو ماجد .... وڕ و کاس سەیری چاوەکانی ماجد و چاوەکانی جوانوەکەت دەکرد وا وەکوو ئەستێرە دەسووتان .... لە شوێنی سمی جوانوو، گلۆڵە، گلۆڵە ئاگر بە جێ دەما ....

لـه نووکـی قامکـەکان و پرچـەکانی ماجدیشـەوە لـەو ئاگـرە دەڕژایـە سـەر زەوی .... پـــێت وا بـــوو ئەوانـــە وا خەریکـــی دەیبـــینی خـــەونن .... خـەیاڵن .... بـەڵام بینـیت وا گـەوەر لـە حاڵـێکدا دەسماڵێکـی سـووری بەسـتبووە سـەرە بـێ مـووەکەیەوە و گوریسـی ملەکـەی بـە دەسـتیەوە بـوو، بـەرەو ماجـد و جوانـوەکە ڕۆیشـت و جەسـتە ناسـکەکەی هاویشـتە سـەر کۆڵـی جوانـوو و لەگـەڵ ماجـددا، لـە نـێوان تاریکـیەکەوە نـوقم بـوون، و تـۆ ئەتگـوت کارەبـا رەقـتی کـردبێ، سـارد و سـڕ، تەنـیا سـەیری شوێنی ئەوانت دەکرد ....

سێ رۆژ پـاش لـە ڕۆیشـتنەکەی نـارین بـوو کـە ئـەو کـارە ساتە سامناکە ڕوویدا .... دڵـتی تەزانـد ئـەو ڕووداوە شـوومە .... لـە سـەر سـنووردا قاچـــاخەکانتانیان گـــرتبوو و ئیســـماییلەکەت گـــوللەی خواردبـــوو، گـوللەکە بـنی ڕانـی ئـەوی کـون کـرد بـوو .... هاوڕێیەکانـی بـە هـەر چەرمەرســەیێك بــوو، هێــنا بــوویانەوە بــۆ نــێو عەشــیرە .... دڵــت خەبـەری دابـوو، دڵـی هەردووکـتان شـێخ بزەیێکـی تـەماوی لـە سـەر لـێویەوە بـوو و بـە ئارامـی بـەو جـۆرەکەس پێـی نـەزانێ بـە خەڵکـی ڕاگەیاندبـوو کـە کاتـی کۆچـە و خەڵکـی عەشـیرە لـە واقـیعدا ئامـادەی

ڕۆیشـــتن بـــوون .... ڕۆژی دوایـــی جیپێکـــی ئەرتەشـــی لـــە لایـــەن دەوڵەتـــەوە هـــات .... چیرۆکی ئـەو کـوڕ و کچانەوا بـۆ یـەك مارەیانـی دەکـرد، بـڵاو بـبوەوە و بــە گـوێ مــەلاکان و شـێخەکان و ئاغاکـان گەیشـتبوو و ئەوانـیش مەترسـیەکەیان لای دەوڵـەت درکانـد بـوو .... کاتـێ کـە قسـەکانی نوێـنەرەکەی دەوڵـەتت بیست وەختە بـوو شـێت ببێ .... شـێخ جـێ مەترسـیە ئـیدی .... ئەمــە نوێـنەرەکەی حکـومەت گوتـی و تـۆ هـەرزاتت نەکـرد بڵێـی: سـەرۆك تـۆی .... هەمـوو ئیشـەکـان بـە دەسـتی تـۆ جـێ بـە جـێ دەکـرێ و شـێخ هـەر هـیچ نیە .... هیچ نیە .... ئەمــە تـۆی کــە هەمــوو شـتێکی عەشـیرەکەتی .... قسـە قسـەی تـۆیە و کـەس بـە گـونت حەسـێب ناکـەی و ئـەم گووخـواردنانە کـێ سـازی کـردووە بـۆ تـۆ و خەڵکەکـەت و زۆر شـتی دیکـە .... بـەڵام خـەیاڵ بـوو و تۆ هەر زاتت نەکرد لە تاو شێخدا ئەو قسا نەدەربڕی و ....

دەوڵــەت سـێ ڕۆژ دەرفەتـی دا بـوو، بـەڵا م عەشـیرە بەنـیازی ئـەو سـێ ڕۆژەش نەبـوو، ئەوەنـدە گـرفتاری خەمەکـەی ئیسـماییل بـووی، قـەت هەسـتت پـێ نەکـردبوو، ئـەو خەڵکـە چـۆن هەمـوو کـەل و پەلەکانـیان فرۆشـتبوو و گـەردن ئازایـیان لـە داروسـێکان خواسـتبوو، ئـەو کچـانە وا

لــە دەرەوە مێــردیان کــردبووە کوڕەکانــی عەشــیرە، هــەر چــۆن چــۆنی قسـەو باسـی خـودا حافیـزی خۆیانـیان لـە گـەڵ بنەماڵەکانـیان کـرد بـوو، ئــەو کــوڕانە وا کچــیان لــە ئــێوە خواســتبوو کــەی دەرکــرا بــوون، چــۆن شــەڕی بــنەماڵەکان و دراوســێکان ئاکامــیان پــێ هاتــبوو، ئاشــتی کــەی ڕووی دابــوو، هــەر چۆن کــەل و پەلــی بــە نــیازی ســەفەرەکەیان کــڕی بــوو، کــەی مــەڕ و مالاتــی خــۆیان فرۆشــتبوو و کــەی و کــەی و کــەی .... تــۆ هــەر ئــەوەت حسێب دەکـرد، ئاخـر ئـەو خەڵکـە کـەی و بـە هـۆی کێوە وا ئامــادەی کــۆچ بــبوون و تــۆ نەتزانــی و ئــەوە بــووبە هــۆی کــووڕە کردنــی تۆ و ئەوە بوو وا ئەتیسوتاند ....

ئەگــەر شــێخ وەکــوو بــا .... وەکــوو گــەردە لــوول لــەو شــەوەدا کۆیانــی نەکردبایــی و نەیانــی بردبایــی بــەو جــۆرە کــە کــەس پــێ ئاگــادار نەبــوو .... ڕەنگــە یــەکێ لــەو شــەوانە وا بــا هــاژەی بهاتــبایێ و ئــەو هەســتە لەحنەتــیەی لــە تــۆ بــە خەبــەر بکردایــی، تــۆ ئــەو بــووکە قوڕینانەت بانگ بکردایـی و بتهەناردباییـتە سـەر ئـەو مـندالانە وا تـۆیان لـە بـەر کـرد بوو و دەســتورت بــدایێ شــەلاقەکانیان بکوتــنە ســەر ســەری ئەوانــدا و هــەر ورد و خاشــیانیان بکردایــی تــا بــەو شــوێنە کــە تــەواو ســروودەکان و

چــیرۆکەکان و رازەکــان و شــیعرەکان وا بــە هــۆی خوێــندن و دووپــات کــردنەوەی ئەوانــەوە، تــۆیان نەمــر کــرد بــوو، لــە بــیر بــبردایێ و هــەر لــە مێشــك و بیریانــدا بیانســڕیبایێتەوە .... شــێخ بــاش دەیزانــی چ دەکــات .... تــۆی لەگــەڵ ئــەو بــووکە وەحشــیانە بــە جــێ هێشــت و ڕۆیشــت و ئەو منداڵانەشــی لەگــەڵ خــۆ بــرد .... تــۆ تــووڕە بــوویت چــوونکە لــەو ڕۆژەوە تــێ گەیشــتی کــە تــۆ .... هــیچ نــیت .... هــەر هــیچ نــیت و ئەمــە تەنیا نــــێوی تــــۆیە وا شــــێخ ئەیــــەوێ دووپــــات بکــــرێتەوە و لــــە زەمەنــــدا بمێنێــتەوە، نــە خــۆت، شــێخ هــەر تــۆی بــە تــڕیش حەســێب نەدەکــرد، تــۆ هــەر هــیچ بــوویت .... شــێخ هەمــوو ئیشــێکی ڕێــك خســتبوو و نــیوە شـــەوی یەکەمـــەین شـــەو، لـــە دەرفەتەکـــەی دەولـــەت، عەشـــیرەی بەڕێخســت .... ماجــد نــە خــۆش بــوو و دایەگــەورە بــەردەوام دەگــریاو رەنگــی زەرد هەڵگــەڕا بــوو .... ڕۆیشــتیتە کنــیەوە و گــوتت: بەســیەتی ئــیدی .... خــۆت کــۆکەرەوە، دەبــێ بــڕۆین .... ئەوکــۆ کــرابووەوە بــێ ئــەوە خــۆی بزانــی، نــە تۆزانــی بــووت و نــە ئــەو .... دایەگــەورە هــاواری کــرد: کــوڕەکەم گــوللەی خــواردووە بــێ ڕەحــم .... و تــۆ وەرگــەڕای و ڕۆیشــتی .... نەتدەوێــرا بڵێــی تــۆ میهربانــی، دڵ ڕەحیمــی و ئەمــە

پەنـی شـێخەوا خێـرا عەشـیرەی بەرێخسـتووە .... دایەگـەورە چـاو بـە فرمێسـکەوە بـۆ لای دارە زەیـتوونەکە ڕۆیشـت و سـەری نایـە دارەکـەوە .... هەنـدێ شـەو خـەونت بـەدارە زەیـتوونەکەوە دەبـینی .... خـەونت دەدی ئـەم دارە هـەر یەکـەمین دارە زەیـتوونەکەیە وا لـە ماڵـی ئاغایـی زەمانـی، ئـارام و ئۆقـرەی پـێت بەخشـی بـوو .... خـەونت بـەو شـەوانەوە دەدی کـە لـە ژێـر دارە زەیـتوونەکە، لـە گـەڵ ئـەودا جـووت دەبـوویت و فـڕت بـە قسـەکانی ئاغـای زەمانـیەوە نەبـوو و ئـەو بـەردەوام لـە ژێـر ئـەودارە، بێچـوەی کـرد بـوو .... هەنـدێ جـار خـەونت دەبـینی کـە دایەگـەورە هـەر ئـەو دارە زەیـتوونەیە کـە تـووی تـۆ دەڕژێـتە بـنی ئەوەوە و ئەمـە دارەکەیـە وا لـە توخمـی تـۆ ئـاوس دەبـێت و منداڵـی دەبـێ .... کچـەکان و کـوڕەکانت لـە ریشـەکانی ئـەودارە بـوون، تـۆ ئەمـەت بـاش زانـی بـوو .... لـەو خەونانـەدا هـەر ئاخـت هەڵدەکێشـا و هەردەسـتت دەکشـایە جەسـتەی کلاشـینکۆفەکەتەوە .... ئـەی بـە لەحـنەت بـی بابەگەورە ....

دەنگـی کۆچـەکەتان .... نەزمـی ڕویشـتنەکەتان، دراوسـێکانـی کشـایە ئـەو دیـوی دیـوارەکانەوە و گوێـیان دلکانـدە دەرگاکانـیانەوە و

بەڕاشکاوی ئەتبیست وا دەیان گوت: خەریکن دەڕۆن .... ئاخری ڕویشتن .... کۆچەریەکان دەڕۆن .... دەڕۆن و ناگەڕێنەوە، قەت .... حەوتەییێك ڕێگاتان دەبڕی و لە کیۆ و شاخ و دۆڵ سەرکەوتن .... وڵاتی خۆتان جێ مەترسی بوو، بەڵام هەرچی کە بوو، گوندەکان هی خۆتان بوون .... ئەوانە وا لە سەرەتاوە لەگەڵتاندا کۆچیان نەکرد بوو، لێتان کۆ ببوونەوە .... هەر کە دارە مەزنە پیرە زەیتوونەکەت بینی ئۆقرەت گرت و ئارام بووی و عەشیرەت دابەزاندو خەڵك ڕەشماڵەکانیان ساز کردەوە ....

گوندیەکان گوتیان: لێرە نا .... ئەم دارە شوومە .... شەوی ساڵی نوێی فەلەکان، ئەم دارە خوێنی لێ دەچۆڕێ .... خوێنەکەی سەرەڕای ئەوە کە کەمە بەڵام وشکی هێنەرە و زەوین دەسووتێنی .... تا هەر کوێ بڕ بکات زەوینەکە وشك دەکا و دەی سووتێنی .... لەم دارە خۆتان دوور بخەنەوە .... و تۆ دڵت قورس بوو کە لە ئاکامدا شوێن و جێگای خۆت و عەشیرەکەتت دۆزیوەتەوە و شێخ بە هێمناییەوە سەیری تۆی کرد و تۆ حەسێبت کرد کە زۆرتر لە دوو مانگ بە ساڵی نوێی فەلەکان نەماوە ....

لـە یەکـەمین ڕۆژی گەیشـتنەکەتانـدا کونـی، بـنی ڕانـی ئیسـماییل گەنـی و کرمــی هەڵهێــنا بــوو، بــەو جــۆرە وا بــە هــیچ کڵــوجێ، ئــەو کــونە نەدەپۆشــرا و چــاك نەدەبــوەوە .... بــۆ لای شــێخ رۆیشــتی و دۆعــات ویست، بەڵام شێخ تەنیا گریا و گریا و تۆ ئێدی هیچت نەگوت ....

ئـای شـێخە، دەگـری؟ .... ئـەو گـریانە هـی چـی بـوو .... رەنگـە هـی تەنیایـیەکان و نهێنـیەکانت بـبێ ئـەمن بـاش تێگەیشـتووم دەمـێکە تـاو نە تاوێ ونت دەکەم .... با .... بەڵێ .... تێگەیشتووم ....

بـەڵام ئێسـتاکە ئەمـە مـنم وا تەنـیا هـاوڕێ تـۆم .... باشـم کـرد هـەر لە سـەرەتاوە بەجێـتم نەهێشــت .... مــن مامــەوە تــا ئاگــاداری تــۆ و عەشـیرە بـبم .... ئێسـتاکە، بـراکەت وا دەزانـێ ئەمـە هێـزی ئـەوە وا داسـەپاوەتە سـەر عەشـیرەکەوە، بـەڵام هەرچـی بـێ سـەرۆك هـەر ئـەوە و پــاش گەڕانەوەکــەی بــۆ عەشــیرە، نــاوی بــە «ســەرۆك» لای خــەڵکان دەرچــووە، بــەڵام مــن لــە کــن تــۆ دام و هەمــوو شــتێك بــۆ دەگێــڕمەوە .... مــن و تــۆ و بــووکە قوریــنەکان لــەم نهێنــیە ئاگــادارین .... هــەر خــۆمان، تەنانــەت ماجــدیش تێنەگەیشــتوە .... لــە لای خــۆیەوە وا دەزانــێ مــنی لــە ژێـر دارەزەیـتوونەکە چـاڵ کـردووە و کـەس نەیـزانیوە

.... بـەڵام مـن لـەکنی تـۆ دام و نهێنیەکانـی خـەڵکت بـۆ دەدرکێـنم و ئـەو جەسـتە شـتێاڵ شـیتاڵانە هـەر هـیچ نەبـوو .... مـن رێنوێنـیت دەکـەم .... دەت شـارمەوە .... رەنـگ بـێ لـە دوایـیدا بـاڵاش بکـەم و گۆشـتیش بگـرم و گەورەتـر بـبم .... کـەس چـووزانێ رەنگـە قەڵـەویش بـبمەوە .... خـودای قەڵـەو کـێ بینـیویە .... خـودای هـەرە بـاڵا بـەرز و هەرە قەڵەو وەکوو من .... من ....

تـۆ هیچـت نەگـوت .... ئیسـماییل ویسـتی مامـە شـێخ نهـێنی ئـەو بـووکانە وا دەهاتـنە خەویـەوە، بـۆی بدرکێـنێ و شـێخ بووکێکـی بـۆ هـەنارد کـە زۆر لـە ئیسـماییل دەچـوو و دڵـت داخورپـیتـا بووکەقورپـینەکەت بـینی و پـاش پێـنج رۆژ، ئیسـماییل مـرد .... لـە تەنیشـتی دارە زەیـتوونەکە بـە خاکـت سـپارد .... چ مەحشـەرێ بـوو پرسـەکەی ئیسـماییل .... چ گـریانێ .... پشـتی دایەگـەورە مووچـایەوە .... هـەر بـە شـەوێ ڕومەتـی سـیس هەلگـەڕا و پشـتی مووچـایەوە .... بـە لەحـنەت بـیت .... هەمـووی لـە ژێـر سـەری تـۆدا بـوو و ئەمـە پەنـی تـۆ بـوو .... هـەر بـیرت دێ چـەن سـاڵە ئـەو خەڵکـە

بە شوێنی خۆتدا کێش دەکەی .... بە ڕاستی دەتزانی بەرەو کوێیان دەبەی ....

با ئەلوورێنێت .... ئەلێی بانگت دەکا .... هەندێ جار ئاوا بیر دەکەیتەوە کە ڕەنگە ڕۆحت فرۆشتووەتە با .... با سیحراویەکان، ئارامیان لێت سەندەوە .... لەو ژێرە دیتە دەرێ .... نا .... نا .... هەڵدەفڕیتە دەرێ و بۆ لای ئیسماییل دەڕۆی .... زارت دەنێیتە ئەو کونە بچکۆلانەوە وا لەسەر گۆڕەکەی درووست بووە و بانگی دەکەی، بەلام بنی ڕانی ئیسماییل کون بووە و پێی ژان دەکات .... هێشتا ژان دەکات ئەو پێیە .... هێشتا تاپۆی ئەو کرمە ناشیرین و پیسانە لە ئیسماییل نەسڕاوەتەوە .... هەرچی بانگی دەکەی، ئەوە وەڵامت ناداتەوە .... ئەتەوێ دەستت لە کونی سەر گۆڕەکەی ئیسماییلەوە تێبپەڕێنی، بەلام دەستت دەچەقێتە نێوان ئەو کۆمەڵە کرمە ورد و درشتانە وا لە کونی بنی ڕانی ئیسماییلەوە بۆ تەواو کونەکانی جەستەیەوە لە هات و چۆدان .... ئەو کرمانە وا هیچ کەس ناتوانێ بەریان بگرێت و ڕاویان بنێ و هەر زۆر دەبنەوە .... لاشەی ئیسماییل لە ژێر ئەو کرمانە ون بووە ....

دە هەژی و دەچۆقی .... هیچ کات نەتتوانیوە جەستەی ئیسماییل لەمس بکەی .... هیچ کات دەستەکانت جەستەی ئەویان لە ئامێز نەگرتووە .... نە ئەو کاتانە وا مابوو و نە ئێستا کە وا لە نێوان ئەو قوڕانە و ئەو کرمانە نوقم بووە .... هەڵدیت .... هەڵدیت و خۆت دەکوتیتە دارە زەیتوونەکە .... نە جارێ .... بەڵکوو دەیان جار .... دەگریت و دەلووریت و سەرت دەکوتیتە جەستەی دارەکەوە .... ئیدی هیچ کەس نیە دەستت بگرێ و نەهێڵێ خۆت ورد و زەخمار بکەی .... دەلوورێنی و دەگریت ....

خوێنی ئیشکچیە هەژارەکە گەیشتە بەرپێی گەوەر وگەوەر قیژاندی و هەڵات و گوریسەکە لە دەستەکانی شیلانەوە دەرهات .... گەوەر فرتە فرت و قیژە قیژ ڕای دەکردو گوریسەکە پەڕ و پووش و دڕك و داڵی لەخۆ کۆ دەکردەوە و هەندی جار دەپێچرایە پێیەکانی گەوەرەوە و سەد ئەوەندەیتر ئەوی دەترساند و تۆ ئەت بینی وا چۆن گەوەر فرتەی دێت و دەترسێ .... شیلان بە شوێنی گەوەردا هاواری دەکرد و سینگی دەکوتا و هەندێ جار ئەنووشتەوە و کلۆییێکی هەڵدەگرت و فڕێیدەدایە شوێن گەوەر و جنێوی پیسی دەدا .... شیلان بە

تەمـــەن بـــوو و بـــاش نەیدەتوانـــی بـــە شـــوێنی گـــەوەردا ڕابكـــات .... بابەگـــەورە گوتـــی: شـــیلان لـــە جیاتـــی ئـــەوە لـــە سووچـــێكدا دابنیشـــی و تەشـــی بڕێســـی .... وەرە ســـەر گوریســـەكەی گـــەوەر بگـــرە و بیپارێـــزە .... بـــا ســـەرگەردانی ئـــەم كـــۆڵانانە نـــەبێ .... گوناحـــی هەیـــە .... شـــیلان بـــۆڕاندی و گوتـــی: بـــا بمـــرێ ئـــەو قەحـــبە .... ئەگـــەر گـــوێ لـــە قســـەكانی مـــن بگـــرێ خـــۆ بـــەم ڕۆژەناكـــەوێ و گـــەرم و گـــوڕ بـــۆ گـــەوەری ڕوانـــی و ئاخێكـــی هەڵكێشـــا و ســـەری ســـووڕاند: ئابـــڕوی پـــێمانەوە نەهێشـــتووە، حەیامانـــی بـــردووە و پاشـــان خـــۆی خـــزاندە بەرپێیەكانـــی بابەگـــەورە و گوتـــی: بـــە گوللەیـــێك ڕەحەتـــی بكـــە .... مـــن ناتـــوانم .... بـــەڵام تـــۆ .... تـــۆ بیـــتو خـــودا .... تەنـــیا گـــوللەیەك و لەوكاتـــە تـــۆ گەیشـــتیتە ســـەر قســـەكانیانەوە: بـــێ دەنـــگ .... جـــندەی ســـووزمانی .... گوناحـــی هەیـــە .... بـــە ئـــاوری دەســـوتین و حـــەیامان دەچـــێ ئەمەتـــە دەوێ ســـەگەی ســـەگبابە؟ .... شـــیلان بـــە دەمـــی شـــیرێكی بـــەردا وگوتـــی: حـــەیای تـــۆ دەڕوا؟ .... مەگـــەر تـــۆش حـــەیات هەیـــە ماجـــد؟ .... و تـــۆ لەقەیـــێكت كێشـــا بـــە پەراســـووی شـــیلاندا و بابەگـــەورە دەســـتی تـــۆی گـــرت و هـــەر دووكـــتان ڕۆیشـــتن .... شـــیلان ســـەر گوریســـەكەی گـــرت و

کێشـای .... گـەوەری بـۆ لا خـۆ کێشـا .... شـوان لـە دوورەوە هـات و تـۆ بینـیت کـە گـەوەر بـە دیـتنی جیـپەکەی شـوانەوە گەشـایەوە .... شـیلان بـە هێواشـی بـۆ لای ڕۆیشـت و دەسـتی لـە ناوقـەوی ئالآنـد و بـۆ لای خـۆی کێشـای و ویسـتی بـەرەو خانـووکەی بیـبا .... گـەوەر پاڕایـەوە .... شـیلا .... شـیلان .... خەنـەم بـۆ دەکـڕی؟ .... شـیلان هەسـتی پـێ کـرد کـە تـۆ ئـەو و گـەوەرەت لـە ژێـر نـیگا گـرتووە .... لە ئەنقەسـت دەنگـی بـەرز کـردەوە و چـەپۆکی دا بـە سـەر گـەوەرداو گوتـی: خەنـەت بـۆ چییە هـەژارەی شـێتە .... خەنـە سـەرت بخـۆا .... گـەوەر دەپاڕایـەوە و تـۆ خـەمت بـۆی دەخـوارد .... شـیلان هێشـتا لەقـینی تـودا ئـازاری گـەوەری دەدا و خۆیشـی لـە هەمـووان زۆرتـر خەمـی بـۆ دەخـوارد .... ئـەو شـەوە .... ئـەو شـەوە وا لـە پـڕ ڕۆیشـتیە ژوورەکـەی گـەوەرەوە لـە بـیرت دێ؟ بیرتـە وا نـیوە شـەو کەوتیـتە بـیری دایەگـەورە و بـەرت هەڵسـایەوە و وەخـتە بـوو گـڕت بـدات؟ .... بیرتـە ئـەو ئەویـنە کـۆنە چـۆن چـۆنی بڵێسـەی سـەندە بـوو، ئـەو نـیوە شـەوە؟ .... بـیرت دێ وا هەسـتایتە سـەر خـۆت و ویسـتت گـڕەکە بـە هـۆی گـەوەرەوە دامـرکێنی؟ .... ویسـتت بـڕۆیتە ئامێـزی گـەوەر ولـە خەیاڵـتدا ئـەو

بکــەی؟ .... هــا .... بــیرت دێ؟ .... بــێ دەنــگ خــۆتت کــردە ژوورەکــەی گــەوەرەوە و بینــیت .... بــە چــاوەکانی خــۆت بینــیت .... بینــیت وا گــەوەر ڕووت و قــووت و بــێهۆش کەوتــووەتە ســەر تەختــەکەی .... بــیرت دێ شــیلان چــی دەکــرد؟ .... هــا .... چــی دەکــرد لەگــەڵ گــەوەردا؟ شــیلان چــی دەکــرد و ئــەو یاریــە پیســە چــی بــوو؟ .... بــا .... بــیرت دێ .... شــیلان بــەو قامکــە ڕەق و تەقانــەی چــی دەکــرد؟ .... ئــەو ئــاوە چــی بــوو وا لچــەکانی ئــەوی تەنــی بــوو و چــۆڕەی دەکــرد لەزاریــەوە؟ .... بــیرت دێ چــی دەکــرد؟ بــا .... بــیرت دێ کــە چــۆن لچــەکانی گــەوەری دەلێســتەوە و ماچــی دەکــرد .... دڵــت داخورپــی و وەختــە بــوو دڵــت لــە زارت بپەڕێــتە دەرێ و ئیــنجا دڵەکــەت دەکەوتــە بــەر پــێ پیســەکانی شــیلانەوە و ئــەو لــە پــڕ دەنگێکــی دەبیســت و زاری لــە زارە بــێ دەنگەکــەی گــەوەرەوە هەڵدەگــرت و ســەری بــۆ لای دەنگەکــە وا بیســتبووی دەســووڕاندو دەی بــینی وا دڵەکــەت لــە خــاك و خۆڵــی ئــەو ژوورە گــەوزاوە و پاشــان تــل دەخــوات و فــرتەی دێــت و ئیــنجا شــیلان هەڵدەســتا و دەڕۆیشــت و یــەکێ لــە پــێ پیســەکانی بەرزدەکــردەوە و بــە تــەواو هێــزەوە دەی کــوتایە ســەر دڵەکــەی تــۆوە و دایدەفلــیقاند و هــەر

وەکــوو جوانــوە ســپیەکەی گــەوەر وا داتفلــیقاند و تــۆ حەپەســاو و هــەژار و بــێ دەســەڵات ســەیری ئــەو دڵــە هــەژارەت دەکــرد وا چــۆن لــە ژێــر پێــی پیســی شــیلاندا دادەفلــێقێ و دەمــرێ و تــۆش هــەر هیچــت لــێ نــەدەهات و هــەر هیچــت لــێ نــەدەهات چــۆنکە دڵــت نەبــوو وا پێــی بــژی و تــۆش مــردبوویت .... بــەڵام خــەیاڵ بــوو، خــەیاڵ .... تــۆ دیمەنەکــەت بــینی و دڵــت هــەر دەرنــەهات لەزارتــەوە و هــەریش نەمــردی .... دڵەکــەت تەنــیا ئــەوەی پــێ کــرا زۆرتــر و توندتــر خــۆی بکوتێــتە قەفەســی ســینگتەوە .... گــڕت گــرت .... شــیلان مەمکەکانــی گــەوەری گــرتبووە نــێو ئــەو قامکــە رەق و پیســانە و بــێ دەنــگ و جــار جــارێ ئەیلێســتەوە و چــپەی دەهــات، چــی دەکــوت تێنەگەیشــی ئــارام لــە شــیلان ڕویشــتیتە پێشــەوە .... چــنگت خســتە نــێوان پرچــە گژەکانــی شــیلانەوە و بــۆ لای خــۆت کێشــات .... وەخــتە بــوو بــتۆقێ .... رۆحــی هــەر نــەما و جــیقەی لــێ بــەرزەوە نەبــوو .... بــەو دەســتەکەیترت بــەر زاری شــیلانت گــرت .... بــەڵام نــا .... نەتگــرت .... دوو قامکــت خســتە نــێوان زاریــەوە و لــە پــڕ زاری ئـــــەوت دادڕی .... تـــــا بـــــنی کولمەکانـــــی شـــــیلانت دادڕی و هاوێشــتتە سووچــێك .... لــەو تاریکــیەدا زاتــی نەدەکــرد جــووڵەش

بکـات، تەنـیاو بـێدەنـگ دەگـریا شـیلان .... دەیلـووراند و کـپ و بـێ دەنـگ خـۆی دەکـوتایە ئـەم لاو ئـەولادا .... خـۆتت لـە گـەوەر کشـایە پێشـەوە .... چـنگت کـوتا و شـتێکت کێشـایە سـەر جەسـتە ڕووتەکـەی .... بانگـت کـرد .... بـە هێواشـی .... بانگـت لـێ کـرد .... چـەن زللـەت لـە کولمەکانـیدا .... بێسـوود بـوو .... گـەوەر بـێدەنـگ بـوو، بـە خەبـەر نەدەهاتـەوە .... خـەریك بـوو شـێت بـبی .... نـا .... بـە خەبـەر نەدەهاتـەوە .... تـا بەیانـی ئـاوت لـە سـەر و چـاوی پژانـد و زللـە بارانـت کـرد، کولمەکانـی کـەوو بـبونەوە، بـەڵام ئـەو بـە خەبـەر نەدەهاتـەوە .... گـوێت لکانـدە دڵـیەوە .... دلـێ لێـی دەدا، بـەڵام وشـیار نەدەبـوەوە .... ڕۆیشـتیتە سـەر شـیلان و لەقـەبارانت کـرد ....ــ: ئـەرێ جـندە، دەبـێ چـیت لـێ کـردبێ، هـا؟ .... سـەگ بـاب چـیت دەرخـواردی داوە .... بـە خـودا ئەگـەر ڕاسـتیەکەی نەڵێـی .... هـــەر دەتکـــوژم .... شـــیلان دەگـــریا و ئامـــاژەی بـــۆ دەم و پلـــە خوێنیـنەکەی دەکـرد .... کـە وریـا بوویـتەوە، دەس لـە جنـێو و لـێدانت هەڵگـرت .... تـازە تێگەیشـتی شـیلان ناتوانـی قسـە بکـات و دەم و

چــناکەی نوقمــی خوێــنە .... دوو ڕۆژی پــێ چــوو تــا گــەوەر چــاوی کردەوە .... بەڵام گەوەرەکەی جاران نەبوو گەوەر ....

شــیلان دەرمــان خــواردی کــردبوو، شــێت بــبوو گــەوەر و دڵــی تــۆش دەســووتا و بــۆ ماوەیــێك بــەم لاو بــەولادا گەڕانــدت و دەوا و دەرمانــت کــرد .... بــەڵام ســوودی نەبــوو .... شــێتی شــێت بــبووگەوەر .... ژنت لـە خـۆت حـەرام کـرد و ریشـت سـپی کـرد و پاشـان هـەر دووکـیانت بــەردا .... شــیلانیش گــەوەری کــۆ کــردەوە و بــردیە کــن خــۆی و تــۆ دیســانەوە کەوتیــتە دۆخــی ئەویــنە کــۆنەکەتەوە .... ســەر لــە نــۆی بـبوویت بـە ئیشکچـی دایەگـەورە و لـە هـات و چـۆکانی شـۆڕ بوویـتەوە ....

نازانـی بـۆ گەوهـەر شـەوانی بارانـی هەڵدەبژێـرێت و دێـتە سـەر سـەرتەوە .... گـەوەر تێدەکۆشـێ چیت پـێ بڵـێ؟ .... نازانـی چ شـتێ ناهـێڵێ تــۆ پێکانــت بنێیــتە ســەر زەویــە تەڕەکــەوە و لــە ژێــر بارانــدا هــەنگاو هەڵبگـریت؟ .... بـۆ لـە بـاران دەترسـی؟ .... خۆتـیش بـاش نازانـی چ شـتێ لـە ئارادایـە و وەڵامـی پرسـیارەکانت چییە؟ .... کاتـێ کـە بـووکە قورِیــنەکان دەچــنە ســەر جەلــیل و جەلــیل دەناڵێــنێ، دەنگــی ئــەو

دووکچە دەبیسی کە تێدەکۆشن سەبارەت بە ماجد شتێ بڵێن .... ماجد .... ئەوان بۆ لە ماجد بانگ دەکەن؟ .... ئەوانە هەر کێن؟ .... لە خۆت پرسیار دەکەی و وەڵامی نادۆزیتەوە .... شەوێك وا یەکێ لەو کچانە کەوتە سەر زەویەکە و کەف لە زاری هەڵجۆشی، بە نووکی قامك، خەتێکت کێشایە دەوروبەری کچەکە و ویستت لێ پرسیار بکەی کە تۆ کێیت؟ .... لێرە چ دەکەی؟ .... بەڵام گەوەر وەکوو با، هات .... لەم سەری دەشتەوە هات .... لە سەر هەواوە، دەخزا و دەهات و لە پڕ چنگی کوتا و کچە فێ لێ هاتووەکەی هەڵگرت و خستیە سەر کۆڵی جوانوە بلۆرینەکەی و بۆ ئەو سەری دەشت ڕفاندی و تۆ ئەو هەموو پرسیارەت هەیە و زات ناکەیت وەڵامیان بدۆزیتەوە .... بووکە قوڕینەکان بۆ تەنیا گوێ لە قسەکانی تۆ شل دەکەن؟ .... ئەوانە خۆ هیچ کاتێ هی تۆ نەبوونە .... خاوەنیان هەیە ئەو بووکانە .... بۆ پیاوەکانت ئەوەندە ماندوون؟ .... بۆ وەکوو جاران نین؟ .... بۆ ئەوەندە لە بووکە قوڕینەکان دەترسن؟ .... بۆ؟ .... بۆ ئاوەها با هاژەی دێت و ئەلوورێنێت؟ .... بۆ لە بەفر و باران کەم بووەتەوە .... ماجد لە

کوێـیه و بۆنایـێت و لـه کـۆ بـوونەوەکاندا بەشـداری ناکـات .... بـۆ ئـیدی لـه گەڵـتدا نیـیه و رەنگـه .... لای تـو وایـه رەنگـه وەڵامـەکان لای ماجد بێ .... رەنگە ....

هاتـی، بەئەسـپایی و بـێدەنگ .... گـوتت لـه ناویـان بـبه .... ئـارام و ئۆقـرەیان لـه خـەڵك سـەندوه .... خـەریکن ئەبـنه کـاره سـاتێ ئـەو بـووکانه .... کـاره سـاتێکی شـووم لـه ژیانـی عەشـێرەدا گـوتم .... ناتـوانم .... ئـیدی ناتـوانم .... ئـیدی دەسـەڵاتێکم نـەماوه .... گـوتت ژیانـیان لـێ بسـێنەرەوه .... خـۆت ئەوانـەت خـولقاندووه و خۆتـیش بـیانکوژه .... گـوتم باشـه .... دەسـتم خـزانده نـێوان ئـەو رەهەندەکـەی دیکـەوه وا تـۆش هـەر نەتبینـیوه یـا شـێخ .... تـۆ هـەر ئاگـات لـەم رەهەنـده وا خـۆم خـولقاندوومه نیـیه .... و دەسـتەکانم خـاوێن دەکەمـەوه و خراپیەکانـی لـێ دەسـڕمەوه و دەریـان دێـنم .... نـا .... ناکـرێ .... بـەس نـیه پاکژیەکـه کەمـه .... کـەم .... مەعسـومیەتەکه کەمـه کـەم .... ئـەو دەسـتانه بـه نـیازی خاوینیەکـی ئـێگجار مـەزەنن .... نـا .... ناکـرێ .... تـۆ دەگـریت و دەڕۆیـت و هـاورێکـەم لـێم نـزیك دەبێـتەوه: ناکـرێ دەسـتەکانت بـه خـوێنی

ساواکەی من خاوێن بکەیت؟ ناتوانی بەو خوێنە بێ گوناحە پاکژی بکەیت ئەو دەستانە؟ گوتم .... نا .... تەنانەت ئەو بێ گوناحیەش چارم ناکات و هاوڕێکەشم دەگری و هەر دەگری ....

ـ: خەنەت بۆ چییە هەژارەی شێتە .... خەنە سەرت بخوات ....ـ: بزانە .... بزانە پرچەکانم خەریکن سپی دەبن .... ماجد حەزی لە پرچی سپی نیە .... چاوەکانی تۆ بریقەیان تێ کەوت و شیلان وەکوو دەڵەسەگ پەڕیە گەوەرو کوتایە نێو دەمیەوە .... ـ: تۆ بە خودایێ شیلان خەنەم بۆ بکڕە .... خەنە .... ماجد .... ـ: ئیدی ماجد حەزی لە تۆ نیە، تۆ شێتی شێت، پیسی پیس، نەگبەتی، ماجد ئیدی تۆی ناوێ .... بەڵام گەوەر هەر دەپاڕایەوە و دڵی تۆ دەسووتاو هەڵدەقرچای .... پاڕانەوەکانی گەوەر کاری لێت کرد .... زۆر حەزت لێ بوو شیلان تۆزێ خەنەی بۆ بکڕێ، بەڵام دڵی شیلان وەکوو بەرد وابوو .... تەنیا کاتێ لەگەڵ گەوەردا میهرەبان بوو کە لە ژووری خوێدا ببوایێ .... ئەو کاتە خۆیشی بە قوربانی دەکرد و گیانی بۆی دەر دەهێنا، بەڵام لەو کاتە تۆ، لە ئەوان ڕاما بوویت و ڕۆیشتبوویتە نێو هەست و نەستی شیلانەوە .... کفری

دەکـرد شـیلان .... گـەوەر هەرکـە تـۆی بـینی وا تـەواوی هـۆش و بـیرت لای ئـەوە، لەپـڕ دەسـتی شـیلانی بـەردا و خـۆی خسـتە لای تـۆ ....ـــ: ماجـد .... ماجـد خەنـە .... خەنـەم ئـەوێ ماجـد .... بلـێ شـیلان تـۆزێ خەنـەم بـۆ بکـڕێ .... بـزا .... بـزانە پرچـەکانم خـەریکن سـپی دەبـــن .... و ســـەری بـــۆ تـــۆ دانەوانـــد و بـــە دوو دەســـتەکەی بـــنی پرچـەکانی پیشـانت دا .... تـازە لـە شـەڕ گـەڕا بوویـتەوە شـەڕەکەش بـیس ڕۆژی تـەواوی خایانـد .... شـەڕ وەکـوو خـۆرە ڕۆحـی هەمووتانـی خـوارد بـو .... دەسـتت کشـا بـە سـەر گـەوەردا و شـیلانت بـینی وەکـوو مـار پێچـی لـە خـۆی دەدا .... بـۆ سـاتێ تـەزت پـێدا هـات .... دڵـت خـتۆکەی هـات .... داخ هەڵگـەڕایت و دەسـتت خسـتە ژێـر باڵەکانـی گـەوەرەوە .... هێشـتا نـەرم و نـیان بـوون .... هێشـتا هەسـت بـزوێن بـوو ئـەو لـەش ولارە .... بـۆ لای شـیلانت بـرد، گـەوەر، .... دڵـت تامـــەزرۆی ژنـــێ بـــوو .... ژن و گـــان خـــۆشتـــرین داخوازەکانـــی ژیانـــت بـوون و دەمـێك بـوو لـێت بـڕا بـوون .... گـوتت: شـیلان خەنـەی بـۆ بکـڕە و حەمامـی بـۆ سـازکە و جـوان بیشـۆرە .... چـاوەکانی شـیلان زەق بـوونەوە و بزەیێکـی شـەیتانی کەوتـە سـەر لێوەکانـیـ: باشـە ....

باش .... خەنەی بۆ دەكڕم .... حەمامی بۆ ساز دەكەم .... دەیشۆم .... بە باشی .... بە خاوێنی .... خاوێنی دەكەم لەش ولارەكەی و تۆش شەو وەرە كنی .... وەرە ژوورەكەی .... نیوە شەو بوو .... ئێوارە شیلان پووت، پووت ئاوی دەبردە ژوورەكەیەوە .... نیوە شەو بوو .... باش دەتزانی گەوەر خاوێن و پاك و جوان لەو دەمە لە چاوەڕوانیتدایە .... ڕەنگە شیلان بیهەوێ قەرەبووی ئەو ئیشە پیسەی بكاتەوە .... شیلان ئیدی پیر بوو .... رەنگە دەس هەڵگیری گەوەر بووبێ .... رەنگە .... ڕۆیشتی بۆ لای گەوەر .... دیسانەوە داخ هەڵگەڕای .... وەكوو جارانت لێ هاتبوو .... ڕۆیشتی .... نیوە شەو بوو .... گەوەر بە تەنیا لە ژوورەكەیدا لە نێوان پێخەفەكەی دانیشتبوو و بە هێواشی دەیخوێند: خوازم هەر ئازا و بێ نووكە نووك .... زاوا ماجد بێت و گەوەریش بووك .... خوازم بۆ ماجد پا، ـ پاشایی سەرتەخت .... كوڕێك بارم و ماجد بكەمە خوەش وەخت .... ئای خوەش وەخت .... هناسەكانت چەندەداخ و بە پەلە بوون، چاو چاوی نەئەدی .... بۆنی جەستە نەرم و نیانەكەی گەوەر .... هەر شێت بوویت .... گوێت بۆ گۆرانیە ئارامەكەی

هەڵخستبوو و خۆتت خزاندە پێشەوە و پچڕ پچڕ گوتت: گەوەر .... گەوەر گیان لە کوێی .... گەوەر سرتەی کرد: هاتووی بمکەیتە بووك ماجد گیان؟ .... دەستت خستە سەر ڕانی گەوەر .... دەستت بردە پێشەوە .... خۆتت کشایە سەر زگییەوە و دەستت ئالاندە دەور مەمکەکانییەوە .... گوشارت دا مەمکەکانی .... و دەستت بردە پێشترەوە تا پرچە خەنەییەکانی نەوازشت بکەی و بۆنی کەی .... هەر ئەو پرچە خاو و جوانانە .... بەڵام دەستەکانت .... دەستەکانت هەستیان بە چی کرد ماجد؟ .... قامکەکانت وشك هەڵگەڕان ....ـ: پرچەکانت .... ئەی بە لەحنەت بیشیلان پرچەکانت چییان لێ هات؟ .... کوانێ پرچەکانت گەوەر گیان؟ .... ـ: خودا سووتاندیانی، هەموویانی سووتاند ماجد گیان .... سارد بوویتەوە، ئارەقت دەرداو لە گەرم و گوڕی و کەف و کوڵت هیچی نەما .... ساردی سارد بوویتەوە .... لەپڕ دەنگی قاقای شوومی شیلان هات بە گوێتدا و سووڕایتەوە و وەکوو سەهۆڵ بێدەنگ و بێ هەست لە ژوورەکە هاتیتە دەرێ .... کاتێ کە دەڕۆیشتی دەنگی

نزمـــی گۆرانـــیەکەی گـــەوەرت بیســـت و پێکەنیـــنە شـــەیتانیەکانی شیلانیش ....

ــ: شـیلا کـەی پرچـەکانم دیسـانەوە سـەوز دەبـنەوە؟ .... ــ: سـەوز دەبـن .... سـەوز دەبـن .... ئـەبێ سـەبربکەی .... ـــ: شـیلا ماجـد .... شـیلا نـەکا ماجـد قـینی بـێت .... ــ: نـا بـۆ قـینی بـێت سـەری بـەم جوانـیە .... ــ: بەڕاسـتی سـەرم جـوانە شـیلا .... بـێ مـو جـوانە؟ .... ـــ: بـا جـوانە سـەرت، بـریقەی دێ وەکـوو ئاسمـان .... ـــ: مەگـەر ئاسمانـیش سـەری هەیـە؟ .... بـا هەمـوو شـتێ سـەری هەیـە .... مەگەر نەتزانیوە ....

ـــ: ماجـد ئـەم دو ئافـرەتەت لەکوێـوە هەڵگـرتووە؟ .... ئەمانـە خـۆ زمانـی ئـێمە هـەر نـازانن .... ــ: فێـریان دەکـەم .... فێـر ئـەبن .... کرماشـانین .... زمانـیان زۆر لـە زمانـی خـۆمان تـریکە .... فێـر دەبـن ....

ــ: کـەس بـە شـوێنیاندا ناگـەڕێت خـۆ ماجـد؟ .... ــ: نـازانم شـیلانەکە منداڵـی نـیە .... لـە کافەکانـدا سـەما دەکـات و گۆرانـی دەڵـێ، بـەڵام گچـکەکە سـێ منداڵـی بـە جـێ هێشـتووە بـۆم .... مێـردی هەیـە ....

مـــل هـــۆڕە بـــەڵام بـــێ غیرەتـــە .... نازانـــی چ ســـەمائێك دەكـــەن ئـــەم دووانــە .... گچــكەكــە زۆر حــەزی لــە مــنە .... پێــی ناوەتــە ســەر ســێ مندالّـی هـەر بـە بـۆنەی مـنەوە .... ــ: ماجـد وریـا بـە .... ئەمانـە بـۆ مێـرد و مـندالّ بـەقایان نەبـوو، بـو تـۆش بـەقایان نـیە .... ئـەبێ ئاگـات لــە خــۆت بــبێ و تــۆ نــاو چــاوانت گــرژ كــردەوە و ڕۆیشــتی .... چــەندە حــەزت لــێ بــوو بكوتیــتە نــێو دەمــیەوە .... چــەندە حــەزت لــێ بــوو بەربیــتە گیانــی و هــەر وردی كــەی و ئەونــدە بیگوتیــتا گیانــی دەرچــێ .... چــەندە حــەزت لــێ بــوو بــڕۆیتە ســەر ئەوبــووكە قوڕیــنانە و ورد و خاشــیان بكــەیت، تــا دلّــی بســووتێ .... بــەڵام تــۆ .... تــۆ لــە بــووكە قوڕینەكانـــی ئـــەو دەترســـای .... وەكـــوو ئەوانـــیتـــر .... نەتدەتوانـــی تەنانــەت لــە كەســێ بــیر بكەیــتەوە وا لــە بــووكەكان نەترســابێت .... بـــووكەكان هاتـــبوونە خەونـــی هەمـــووتانەوە .... هاتـــبوونە خەوەنـــی تۆیشـــــەوە .... بابەگـــــەورە .... دایەگـــــەورە و هەمـــــووی خەلّكـــــی عەشــیرەوە .... بــەڵام كــەس نەیدەخســتە خــۆی .... هــیچ كــات كەســێ نەیگــوت ئــەو بــووكانە لــە خەونەكانــدا چ دەلّــێن و چــیان دەوێ ....

پـاش بینـینی ئـەو خەونانـە خـەڵك زۆرتـر بـۆ شـێخ کڕنۆشـیان دەبـرد و زۆرتر دەبوونە مۆریدی ....

شـەوێکیان هەمـوو خەڵکـی عەشـیرە پـێکەوە خەونێکـیان بـینی، لـە کاتـی خـەو بینیـنەکە بـوومەلەرزەش هـات و کـەل و پەلـی خەڵکـی تـێك دا .... بەیانـی کاتـێ هەمـوویان زانـیان یـەك خـەویان بینـیوە، زۆر ترسـان و بـۆلای شـێخ ڕایـان کـرد .... شـێخ گوتـی: هـی بـوومەلەرزەکە بـووە .... خەونـی هەمووتانـی تـێکەڵ پـێکەڵ کـردووە .... خـەڵك بـڕوای بـەو قسـە کـرد .... خـەڵك خەونـیان بـینی کـە بـا .... هـاژەی دێـت و لـە تـەواو جەسـتەی دارەکـەوە خـوێن هەڵدەقوڵێ .... لـە شـوێنی دەسـتەکانەوە خـوێن چـۆڕەی دەکـرد .... خـوێن بـەرێ کەوتـبوو و لـە ئـەو بازنەیـە وا بـە دەوری بەسـتبوویان، تێـپەڕی بـوو و .... بابەگـەورە هەرچـییێکی دەکـرد نەیدەتوانـی بـەر بەخوێـنەکە بگـرێ .... خوێـنەکان بـەرەو خـەڵك دەچـوون و لـە سـەر ڕێگایانـدا گـوڵ و گـیایان دەسـووتاند و زەوینـیان شـەقار شـەقار دە کـرد .... بـووکە قوڕیـنەکان لـە یـەك خەتـدا ڕاوەسـتا بـوون و قامچـیەکانیان دەکـوتایە سـەر زەویـندا و تـۆزیان هەڵکـردبوو و ڕوو لـە خـەڵك دەیانگـوت: بمـرن .... بخـەون ئـەی تاپـوە

سەرگەردانەکان .... بڕوا بکەن کە مردوون .... بڕوابکەن .... خەڵکی عەشیرە لە ژێر ژانی قامچیەکانەوە دەکەوتنە نێو خوێنەکان و لەو خوێنە سووتێنەرە دەگەوزان و جەستەیان زامدار دەبوو و هەڵدەقرچان .... بووکە قوڕینەکان قامچیەکانیان دەسووڕاند و هاواریان دەکرد: هەستن .... هەستن ئەی ڕۆحە مردووەکان .... هەستنە سەر خۆتان ئەی تارماییە مردووەکان، هەستن و نەمر ببنەوە .... پاشان دەنگێکی زۆر سامناك هاتە گوێیانەوە .... کەسێ لە عەشیرە تێنەگەیشتبوو، یان لە بیری نەمابوو، ئەو دەنگە سامناکە هی چی بوو .... هیچکس نەیدەزانی .... هیچکس .... ئەو دەمیش تۆ نەتدەتوانی ئەو بووکە قوڕینانە وا بە چاوەماتەکانیان و دەم و لووت و ڕواڵەتە بێ هەستەکەیانەوە، هیچیان نەبوو بۆ وتن، ورد و خاش بکەی .... تەنانەت ئەگەر کەسێکیش لەوێ نەبوایێ و لە تەواوی خەڵکی عەشیرەکەتان، تەنیا تۆ بە جێ بمێنیایی .... قەت ویستی ئەوەت نەبوو قاچێکیان یان دەستێکیان و یان هەر تۆزێ لە نووکی کەپوویان بشکێنی یان بڕووشێنی .... ئینجا رەنگ بوو لە پڕ هەموویان پێکەوە گیانیان تێ بکەوێت و گەمارۆت بدەن و

بـەرەو تـۆ هەڵبخرۆشـێن .... یـان هـەر نـەبێ شـێخ لـە ناکـاو، لـە بـنی تاریکـیەکانەوە خـۆی دەرنجـات و بـۆلات بهاتایـێت وهـاواری بکـردایێ: بەسـیەتی .... ئـیدی بەسـیەتی .... ئێسـتاکە نـۆرەی خـۆمە تـۆڵەت لـێ بکەمـەوە .... ماجـد، خـۆم چـاکتر گـیانت دەکێشـم .... باشـترە خـۆم بتتۆپێـنم .... ئەمانـە زووخـاو کـوژت دەکـەن و هـەزاران پـەنت بـە سـەردێنن و سـزای زۆرت دەدەنـێ و پاشـان دەتکـوژن .... خـۆم .... بـەڵام خـۆم چـاکی لـێ دەزانم .... ناهـێڵم زۆر زووخـاو بکێشـی .... سـزای زۆرت نـادەم .... و پاشـان تـۆ لەوحشـەتدا دەکەوتیـتە سـەر زەویـنەکە و ئـەو بـەو هەیـبەتە گچـکەوە، لـە تـۆ نـزیك دەبـووەوە و بووکە قورپـینەکان لـێت دوور ئەبـوونەوە .... پاشـان تـۆ گچـکە دەبوویـتەوە، زۆر هـەر زۆر، وەکـوو منداڵێکـی سـاوات لـێ دەهـات .... لـەو کاتـە هەیبەتـی شـێخ گەلـێ مـەزنتر لـە تـۆ دەبـوو .... دەسـتەکانی بـەرەو ناقـت دهـاوردە پێشـەوە، بـەڵام ئـەو نەیدەزانـی پیویسـتی بـە نـاق گـرتن و خـنکاندن نـیە .... هەیـبەتەکەی ئەوەنـدە قـورس و سـامناك دەبـوو وا هـەر لـە خۆیەوە ناقـی تـۆی داگـیر دەکـرد و تـۆ خـەریك بـووی بمـری .... بمـری .... بمـری .... بـەڵام نـا .... ئەوانـە خـەیاڵ بـوون ....خـەیاڵ، تـو

نەمـــردبوویت و تەنانـــەت زاتیشـــت نەدەکـــرد دانـــەی لـــەو بـــووکانە بشـــکێنی و لـــەناویان بـــبەی .... نەتدەتوانـــی و ئەمـــە شـــێتی دەکـــردی ....

کاتـــێ کـــە نەتدەتوانـــی نهێنـــیەکەی ئـــەو شـــێخە گچـــکە بدرکـــێنی هـــەر شـــێت دەبـــوویت .... ئێســـتاکەش هـــەر ئامـــادە نابـــی لـــە کۆبوونەوەکانـــی بابەگـــەورەدا، وا لـــە شـــەوانی بـــا و گەردەلـــوولدا بەرێـــی دەخـــات، بەشـــداری بکـــەی .... پاشـــان ئـــەو بووکەقوڕیـــنانە دێـــنە ســـەرت، .... گـــەمارۆت دەدەن .... شـــەلاقت پـــێدا دەکێشـــن .... قامچـــیەکە نابـــینی، بـــەڵام دەنگـــی شـــەقە شـــەقەکەی دەبیســـی .... ژان و ئێشـــەکەش هەست پێ دەکەی .... گەمارۆت دەدەن و ئازارت دەدەن ....

ئـــای .... ئـــەی بـــووکەقوڕیـــنەکان .... ئاخـــر بـــۆ ئـــەو لەحنەتـــیە هـــەر لـــەوێ بـــە جێتانـــی هێشـــت؟ .... بـــۆ لەگـــەڵ خـــۆیدا نەتانـــی بـــرد .... بـــۆ .... بۆ ....؟

شـــێخ بـــۆ گـــەوەر بـــووکە قوڕینەیێکـــی درووســـت کـــرد و بانگـــی لـــێ کـــرد و بـــووکەکەی پـــێدا .... بـــۆ یەکـــەمین جـــار بینـــیت ماجـــد بـــە ڕووی شـــێخدا بـــزەی بـــردەوە و تـــۆ کـــە دەتزانـــی ماجـــد تەنـــیا و تەنـــیا عاشـــقی تـــۆیە و

بەس، هەر کە بینیت بە بۆنەی گەوەرەوە بەڕووی شێخدا بزەی بردەوە، هەستێکی نامۆ دەروونتی داخ کرد .... ئای لە تۆ ئافرەت، پاش مردنی ئەو کوڕە جوانەت هەر لە بیری ئەم شتانە نەدەبوویتەوە و هەر بیرت لای ئەوین و ئەویندارى بوو .... ئێرەییت بە ئەو هەژارە دەبرد .... با .... تۆ ئێرەییت دەبرد بە گەوەر .... گەوەر لە ژێر لچەوە گوتی: چەندە جوانە .... بووکە قورپینەی پرچ درێژ .... و تۆ بینیت کە بووکەکە لە ڕاستیدا پرچەکانی درێژن و حەپەسای .... ڕۆیشتیتە پێشەوە و بووکەکەت لە گەوەر وەرگرت و باش سەیرت کرد .... ـ: چ بووکێکی جوانە تا ئێستاکە پرچ درێژەکەیانم نەبینی بوو .... تۆی کوڕ مردوو داوای بووکت لە شێخ دەکرد .... ـ: بۆ منیش درووست بکە .... شێخ بە هێواشێ و لە ژێر لچەوە گوتی: کاتی خۆی، بۆ تۆش درووس دەکەم .... ڕکت کرد .... ویستت ماجد بچزێنی .... ڕوو لە ماجد، وتت: ئەمە بۆ من مامەشێخ ....پاشان بووکێکی تری بۆ درووس دەکەی .... گەوەر وەکوو مندالّەکان دەستی بۆ لای تۆ درێژ کرد بوو و لە گۆشەی لچیەوە ئاو چۆڕەی دەکرد .... لیکی ئەرژاند گەوەر و تۆ بەزەییت

پـێدا نـەدەهات .... ماجـد، بـۆ یەکـەمین جـار مـۆڕی لـێت کـردەوە و تـۆ تێگەیشـتی کـە هەمووشـتی، گـیان و ڕۆح و ژیـان و هەسـت و نەسـتی ماجـد نـیت .... تێگەیشـتی و سـووڕایتەوە و بـە هێواشـێ بـووکەکەت لــە دەســتە ســاردەکانی گــەوەر دانــا و ڕۆیشــتی .... پــاش ســێ ڕۆژ بانگـت لـە ماجـد کـرد: ئـەم ڕۆحـە سـەرگەردانە چـی لـێ دەکـەی ماجـد .... فـرتە فـرت ڕادەکـات و سەرپۆشـی ئافـرەتەکان دەکێشـێتە خـوارەوە و چـنگ دەکوتێـتە نـێوان پرچـەکانیان و ئەڵـێت پرچـەکانم بدەنـەوە .... دوێـنێ خـۆی ڕماندەبـووە سـەر یـەکێ لـە ئافـرەتەکاندا و ویسـتبووی بـە چـەقۆ پرچـەکانی بـبڕێ .... ڕەنـگ بـوو بـیکوژێ .... گـوتت: چـی کـرد بـوو؟ چـی گوتـبوو؟ .... گوتـبووی: تـۆزێ لـە پرچـەکانتم قـەرز بـدەرێ .... ماجـد هاتــەوە ئەڵـێم بۆتـی بکـڕێتەوە .... تـەواوی بکـە ماجـد .... بیبڕەوە ئەم چیرۆکە ماجد .... ئەم ئافرەتە کۆ کەرەوە ....

سێ ڕۆژێ تـەواو ماجـد لـە گـەوەریدا .... بـە قامچـی و مسـت و زللـە و کــوتەك هەرلێــی دەدا .... ڕەش و کــەووی کــردەبووەوە .... بــەڵام گـەوەر چـاك نەبـوو کـە نەبـوو .... شـێتتر بـبو، بـەو سـەرە بـێ پرچـە وا بـەردەوام شـیلان لـە جیاتـی خەنـە، واجـبی دەگـرتە سـەری و نەیدەهێشت

پرچـەکانی درێـژ ببێـتەوە و ئـەو سـەر و چـاوە زامـدار و ددانـە شـکاوانە، دیمەنێکـی زۆر ناشـیرینی پەیـدا کـردبوو و هـەر لـە مـرۆڤ نەدەچـوو و قیـزی تـۆ و هەمـوو خەڵکـی عەشـیرەکەی دەشـێواندەوە .... دایەگـەورە بـە ئەسـپایی دەگـریا .... شـیلانیش هـەر خـەریك بـوو شـێت بـبێ .... سـەرفراز لـە ژوورەکـەی بەسـتبوویەوە و بـە دەسماڵـێك دەمـی بەسـتبوو تـا ماجـد گوێـی لـە جنـێوەکان و نەفـرینە ڕەشـەکانی ئـەو نـەبێ .... شـیلان لـە دەروونـەوە هەڵدەکـوڵاو کـەفی هەڵـدەهاورد .... دەسماڵەکـەی پـێش زاری یەکسەر سپی هەڵگەڕا بوو ....

بابـە لـە تارانـدا ئیشـێکی باشـی پەیـدا کـرد بـوو و لەگـەڵ خاو خێزانی بۆ مـاڵ خاڵـۆکەی بـاری کـرد و ڕۆیشـتە تـاران .... خاڵـۆ و خێـزانەکەی و منداڵەکانـی، تارانـی و پـاك و خـاوێن بـوون و ئـێوە سـپێ هەڵتانـی گـرتبوو .... لادێ کوێـرەکەی کرماشـان لـە کـوێ و تارانـی پایـتەخت لـە کـوێ .... ڕۆیشـتن و بـوون بـە کارەکـەری بـنەماڵەی خاڵـو .... خاڵـۆ زاکـان، ئـێواران لـە حەوشـدا، کـۆ دەبـوونەوە .... کـوڕ و کچـە گەورەکانـی خاڵـۆ پـیرە، بانگـیان لـە تـۆ و بـرا گەوەرکـەت دەکـرد .... تۆ

هەشت ساڵان بوویت و براکەت دە ساڵان و گوڵێ دوازدە ساڵی بوو ....

گوڵێ نەدەهات و لە ژێرخانەکە لە کن دایکت خۆی دەشاردەوە .... دایەت گەوجانە پێدەکەنی ودەی گوت: گوڵێ گیان دەی تۆش بچۆ کچێ .... عەیبی چیە .... یاریتان لەگەڵ دەکەن ئەوانە .... خزمتانن، عەیبی چیە .... ئاخر بۆ ناچی .... بەڵام گوڵێ زۆرتر خۆی دەشاردەوە و گوێ بۆ قسەی دایکە گەوجەکەی شل نەدەکرد .... بەڵام تۆ و براکەت دەڕۆیشتن .... خاڵۆزا گەورەکان دوو قرانیان فڕێ دەدایە نێو ئاوی حەوزەکە و تۆ شەش دەور لە حەوزەکە دەسووڕایت .... لە سەر چۆك دەڕۆیشتی و دەبوویتە سەگ و دەوەڕیت .... شەش جارگشت ڕۆژێ، شەش جار دەبوویتە سەگ و ئەوان وەختە بوو پیران بکەن لە پێکەنیندا و پاشان براکەت هەشت دەور دەبووە کەر .... لە سەر چۆك دەڕۆیشت و و خێرا دەڕۆیشت و دەی سەڕاند .... هەشت جاردەبوو بە کەر و هەر دەیسەڕاند، هەندێ جار وا زۆری بۆ قوڕگی دەهێنا، دەنگی گڕ دەبوو .... گشت ڕۆژی لە باتی ئەو دووقرانە دەبوونە سەگ و کەر پاشان پێکەوە

دەپەڕینە نێو ئەو ئاوە پیسە و لە سەر دوو قرانەکە دەپەڕین بە یەکدا و لە یەکترتان دەدا .... ئەوەی زۆردارتر بوو دەبووە خاوەنی دووقرانەکە و زۆرتر براکەت پیرۆز دەبوو .... سەرکەوتن هی ئەو بوو و تۆ بێ بەش دەمایتەوە .... گەورەترین خاڵۆزاش پەرویز بوو، پەرویز شازدە ساڵ تەمەنی بوو .... بە هێواشی ئاماژەی لێت دەکرد و تۆ خۆتت دەدزیەوە و بۆ نیۆ ئەو داڵانە تاریکە وا بۆنی شێی پێوە دەهات و گەچی دیوارەکانی دارژا بوونە خوارەوە و سەدان قۆلانچە و هەزارپای هەڵهێنا بوو، دەڕۆیشتی و پاشان ئەو دەهات و پانتۆڵە تەڕەکەتی دادەکەند و تۆ چاوەکانت دەقوچاند و لێوت دەکوروژاند .... لێوت دەکروژاند و ژان وەختە بوو بتکوژی .... دەنگی هەنکە هەنکی پەرویزت دەبیست و هەر نەتدەتوانی بسووڕیتەوە و سەیری رووی بکەیت .... ئەگەر بتتوانیبایەش، هەر نەدەسووڕایتەوە .... نا .... نا نەدەسووڕایتەوە و نینۆکەکانت دەچەقاندە نێو پێست و گۆشتی ناو لەپتەوە .... ئەو نینۆکانە وا ژێرەکانیان پڕ بوو لە چڵك و پیسایی، و چاواکانت نەدەکردەوە .... تەنیا بیرت لە بنێشت و شکلاتەکەی دووکانی ئەو پیرە پیاوە دەکردەوە وا بەردەوام و مست،

مست لە هەموویانی هەڵدەگرت و دەیکردە نێو گیرفانەکانی گوڵێوە و تەنانەت جارێکیش قلێ لەو شتانەی بە تۆ نەدەدا و هەرچی دەپاڕایتەوە سوودێکی نەبوو .... ئەو شتانە تەنیا هی گوڵێ بوو و تۆی بە شەق دەردەکردە دەرێ .... و تۆ بیرت دەکردەوە ئەوە هەندێ جار بۆ گوڵێ ون دەبێت و کەس نایدۆزێتەوە؟ ....

پانتۆڵەکەت تەڕدەبوو و ئیدی ئەگەر دەیان جاریش تەڕی بکردایێ پەرویز، کەس تێ نەدەگەیشت و کەس بە نهێنیەکەی ئەو دڵە چکۆلەتە نەیدەزانی .... کەس لە ڕازی ئەو دوو قرانە نەدەگەیشت وا گشت ڕۆژێ بە شەلە شەل دەڕۆیشتی و خەرجت دەکرد .... شەوانە لە ئامێزی گوڵێدا دەخەوتی .... تەنیا لە لای گوڵێوە ئۆقرەت دەگرت .... حەزت دەکرد شەو زووتر بهاتبایا تا تۆ زووتر بخرابایتە ئامێز گوڵێوە .... هەندێ جار، چەندە حەزت لە ڕانەکانی گوڵێ بوو .... واتدەزانی ئەو تێناگەیەت و خۆتت بە هێواشی دەساویە ڕانەکانی گوڵێوە .... و توند، توند ماچت دەکرد و زۆر حەزت دەکرد بە ئەو ئیشانە لەگەڵ گوڵێدا .... هەر زۆر حەزت لە ئامێزی گوڵێ وە بوو .... گوڵێ تێدەگەیشت و خۆی لێ گێل دەکرد

و هیچی نەدەگوت .... هەر نەی دەخستە خۆی .... هیچ کاتێ نەتبیست تەنانەت لە ژێر لچیشەوە بیڵێ: ئەوە چ دەکەی شیلان .... ئەی بێ حەیا ئەوە چی دەکەی؟ ....

پاش پێنج ڕۆژ گەوەر مرد .... لە ناخەوە ئاخت هەڵکێشا و کوتت: لە ژێر دارە زەیتوونەکە خاکی کەن .... شێخ لە ژێر لچەوە گوتی: ئاخ و سۆزی دەمانگرێت .... خودا ڕەحمان لێ بکات و پشتی تۆ تەزی پێداهات و هەناسەت گیردرا .... دەتزانی شێخ لە خۆیەوە هیچ نالێ و ماجد ئیدی تەنانەت هەر ناوی شیلانیشی نەهێنا .... پاش مردنی گەوەر ئیدی گەرۆی ماجد خوێنی هەڵدەهێنا و کەوتە جێگەوە .... ئیدی نەیدەتوانی تەنانەت وشەییێکیش بڵێت .... بە تەواوی خنکا و بێ دەنگ بوو و تۆ هەستت بە تەنیایی و سەرما دەکرد ....

دەقا و دەقی ئێستا وا بە هیچ کلۆجێ گەرمت نابێتەوە .... هەست بە سەرما و سەهۆڵ بەندان دەکەیت .... کاتێ کە دەڕۆیتە کن دایەگەورە و لە ئامێزی دەگری، ئەو تێدەکۆشێ، ئامێزت بۆ بکاتەوە

و تۆ تێدەکۆشی کە ماچی لچەکانی بکەی .... بیمژی ئەو لچانە وا هێشتا هەر جوانن ....

ــ: دەم زەریف .... دەمت زەریفە .... دەمت جوانە، بۆ مژین ئەنالێنێ ئەو لچانە .... من کەی لەو لێوانە بخۆم؟ .... ئەو بۆ لای دایکی ڕای دەکردو حەزت لێ بوو، پێت وا بوو ئەگەر تەواو ئافرەتەکانی جیهان کۆ بکەنەوە، بە قەد ئەو، حەزیان لێ ناکەی .... گوتی: بمڕفێنە .... گوتت: هەر لێرە داگیرت دەکەم .... پاشان ئەتڕفێنم .... گوتی: نا .... لێرە نا .... ناهێڵێن .... جەلیل لە پام وەستاوە و ناهێڵێ .... و تۆ ویستت دەم بنێیتە نێو دەمیەوە، بەڵام ئەو لە ژێر دەستتەوە ڕای کرد و گڕی دەروونت هەر لە شەماڵەدا بوو و بە هیچ شتێ سارد نەدەبووەوە .... گەنج بوویت .... عاشق بوویت و گڕت بوو و سارد نەدەبوویتەوە .... بەڵام ئێستاکە سارد و سڕی و هەر گەرمت نابێتەوە .... ئەو تێدەکۆشێ دەستەکانی بخاتە دەور ملتەوە و دەس دەبەی بۆ مەمکەکانی .... بەڵام نا .... ناکرێ .... نەدەستی ئەو دەگاتە ملی تۆ و نەدەستەکانی تۆ دەگەنە مەمکەکانی ئەو .... نە ئەو دەتوانێ

ئامێـزێت بـۆ بکاتـەوە و نـەزاری تـۆ دەگاتـە زاری ئـەو .... نەلچـی تـۆ دەنیشـێتە سەرلچـی ئـەو و نـەزاری ئـەو دەگاتـە زاری تـۆ .... بـا ئەلوورێنـێت و تـۆ تێدەکۆشـی خـۆت بلکێنیـتە سـەر زك و جەسـتەی ئـەو .... بـەڵام نـا .... ناکـرێ .... جەسـتەت نالکـێ بـە جەسـتەی ئـەوەوە .... ئـەو رێکـی جەسـتەی تـۆ نابـێ و تـۆ ناتوانـی لەگەڵـی جـووت بـبی .... نـا .... ناتوانـی .... ناکـرێ .... وەخـتە تەقـە بکـەی .... وەخـتە تەقـەبکات، دەلوورێـنن و تێدەکۆشـن لەگـەڵ یـەکتردا جـووت بـبن .... نـا .... ناکـرێ .... ناتـوانن .... خـەتای ئـەو گەردەلـوولەیە .... ئـەو گەردەلـوولە ناهێلـێ، ئـەو سروشـتە ناهـێڵێ پـێت وایـە، تەنانـەت سروشـتیش لەگەڵـتدا هاتـووەتە شـەڕ و دوژمەنـی .... رەنگـە ئەگـەر بتوانـی لـەو سروشـتە وەحشـیەش بـەر ئەبـیت و دار و بـەرد و کـیۆ و ئـاو، گـولله بـاران دەکـەی .... ئاخـر بـۆ ناتوانـی لەگەڵـیدا جـووت بـبی و تەنانـەت بـۆ سـاتێکیش هەسـت بەگـەرما و تـین بکـەی .... هـیچ حـەز و خۆشەویسـتییێك ناتـوانێ ئـەو سـەهۆڵە لـە تاپـۆە خەمگینەکانـتان بکاتـەوە و .... تـۆ دەبـۆڕێنی و دەکۆشـی لچـت لـە لچـی و جەسـتەت لـە جەسـتەی دابنێـی .... ناتوانـی .... ئـەو دەگـری و وەخـتە پـیران بکـات

و بـا ئەهاژێـنێ و تـۆ ئەڵێـی هـیچ کاتـێ لـە هـیچ شـوێنێکدا ئـەوت لـە ئامێـز نەگـرتووە .... ئـەو ئافـرەتە جـوانە .... ئەڵێـی هـیچ کـات لەگەڵـیدا جـووت نەبوویـتە و ماچـت نەکـردووە و ئەڵێـی هـیچ کـات ئـەو خێزانـی تـۆ نەبـووە .... بـا ئەهەژێـنێ و تـۆ لـە ئـەو دوور دەخاتـەوە .... هەڵدەسـتیتەوە سـەر خـۆت و ئەبـۆڕێنی وەکـوو ورچ وەکـوو حەیـوان ئەبـۆڕێنی .... دەنگـی نەڕەنەڕەکانـی تـۆ و پـرمە پرمـی گریانەکانـی ئـەو لەگـەڵ لـوورە لـووری بـا ئاوێـتە دەبـێت و جەلـیل دەخاتـە گـێژاوی خـەم و خەفەتـەوە و دەیکاتـە گـریانەوە .... تەنانـەت ئـەویش ناتـوانێ ئـەو کـارە سـاتە وا بـۆ تـۆ خـولقاوە قـبووڵ بکـات و حـەزی لـێ بـێ .... ئـەویش لەگەڵـتدا هـاودەردی دەکـات .... لـە خەمـتدا شـەریکە جەلـیل، وەکـوو ئـەوە کـە تـۆ عەزیـزێکت مـردبێ .... لـە پرسـەی تـۆدا بەشـداری دەکـات، بـە گریانەکانـی، بـە خـەم خواردنـی .... بـێ ئـەوە تـۆ بزانـی، جەلـیل لەگەڵـتدایە .... دەگـری و فرمێسـك دەرژێنێـتە نـێوان ئـەو قـوڕە تەڕانـەوە و چـنگی تـێ دەکـوتێ .... ئـەویش رەنگـە دڵـی لەگـەڵ تـۆدا سـاف کـردووە، بـەڵام تـۆ بـڕوات پێنـیە .... بـڕوات بـە هـیچ نەماوە .... بـڕوات بـەوە نـیە وا ئـەو هەرەسـە خـۆت هێـناوتە بـە سـەرخۆتدا ....

بــڕوات نــەماوە .... هــیچ .... گــریان .... نەڕانــدن .... هــاوار كــردن .... ئیشــت بــووەتە هــەر ئەمانــە .... مانــدووم .... گەلــێ .... زۆر مانــدووم، بــە دەســتی تــۆوە .... ئاخــركەی لــە دەســتتەوە رزگــار دەبم .... وەكــوو ســاویلكەكان هــەر لــە دەوری خــۆتدا دەســووڕێت و هــەر خــۆت دووپــات دەكەیــتەوە .... ئــیدی منــیش هێــزم نــەماوە .... چــیت لێ بكەم ئاخر .... چیت لێ كەم لەحنەتی ....

ماجـد مـرد .... بـێدەنگ و پـڕ لـە رق و قیـنەوە مـرد ماجـد .... سـەری نایـەوەو بـێدەنگ بـوو .... دڵـۆپە خوێـنەكان وا لـە جیاتـی فرمێسـك لـە چـاوەكانی دەبـارین، لــە كونەكانــی كەپــۆ و زاریشــی دەتكایــە خــوارەوە .... ئاگـر لـە جـەرگت بـەر بـوو .... بـڕوات نەدەكـرد ئـەو بمرێ .... بەو ئاسانیە بمرێت و بەجێت بهێڵێ ....

ــ: بیسـتوومە مـل هـۆڕی ئـەم عەشـیرەیتە كـۆ .... ــ: بـا .... مل هۆڕم و ملـی تـۆش دەشـكێنم .... ــ: ملـی مـن دەشـكێنی؟ .... دەی گـوو ئەخـۆی تـۆ .... پلكـیانە یـەكترەوە لـە خـاك و خـۆڵدا گـەوزان .... دایكـت هـاواری لـێ بـەرز بـوەوە: كـوڕی خـەڵكت كوشـت یـا خـودا كوێـر بـی .... دایكـی ئـەویش ڕای كـرد بـۆ لاتـان .... لـە یـەكتر جـودا

بــــوونەوە .... ســــەر و رووی یــــەکترتان زامــــدار کــــرد بــــوو .... بــــرا گەورەکــەی بــە کــۆکە کــۆك لــە ڕەشماڵەکــەیان هاتــە دەرێ .... ئــەیان گــوت بــراکەی ئــازاری ســلی گــرتووە و ئــیدی عەلاجــی نایــێت .... هــەر کــە ئــەوهات زورتــە کەوتــە چــاوانی ماجــدەوە، واتدەزانــی لــە بــراکەی دەترســێ .... بــەڵام بــراکەی هــات و دەســتی خســتە ســەر شــانیەوەو بــان ســەری نەوازشــت کــرد .... لــە پــڕ کــۆکەی بــۆ هــات و بــە پەلــە دەسماڵێکــی لــە گیرفانــی دەرهێــنا و گــرتیە بــەر زاریــەوە .... ڕەنگــی زەرد هەڵگــەڕا بــوو و زۆر لاواز بــوو .... هــەر ئــەوت نەبــینی بــوو .... تــازە هاتــبوونە عەشــیرەوە، بــەڵام کــەس ئــەو کوڕەیانــی نەدیــبوو، تەنــیا باسیان دەکـرد و ئەیانگـوت دەردە باریکەیەتـی و تـۆ قیـزت لـێ دەکـرد، بــەڵام لــەو کاتــە وا هــات و دەســتی خســتە سەرشــانی ماجــدەوە تــۆ هــەر قیــزت لــێ نەکــرد هــیچ، تەنانــەت دڵیشــت بــۆی ســووتا .... فرمێســك نیشــتبووە نــاو چــاوانی ماجــدەوە .... ئــەو کــوڕە گچــکە وا بــە تەمــەن لە تــۆش گچــکەتر بــوو، هــەر کــە دەیەویســت لــە یاریەکانــی منداڵەکانــی عەشــیرەدا بەشــداری بکــات، تــۆ چــۆن ســەر دەســتەی منداڵەکانــی عەشــیرە بــوویت، نەتدەهێشــت و رێگــات بــۆی نەدەکــردەوە .... ئــەو

غـــەریب بـــوو، تـــازە هاتـــبووە عەشـــیرەوە، بـــەلاّم لـــەو کاتـــە هەســـتێکی عەجـــیب بـــۆ لای ماجـــد، پەلکێشـــتی کـــرد، بـــرا نەخۆشـــەکەی دەســـتی خســـتە سەرشـــانی تـــۆش و گوتـــیهەر دووکـــتان بـــران .... پـــێکەوە یـــاری بکـــەن و پشـــت یـــەکتر بـــەر نـــەدەن .... لـــەو ڕۆژەوە بـــبوون بـــە بـــرا .... زۆرت خـــۆش دەویســـت بەڕاســـتی ببیـــتە بـــرای ماجـــد و لـــە دڵـــی خـــۆتدا بـــوویت بـــە بـــرای .... ئـــەو کاتـــەش وا مـــرد هەســـتی بـــراییەکەت کەمـــی نەکرد بوو ....

تـــا ئاخـــرین کـــات، تـــۆ و دایەگـــەورە لاتـــان چـــۆڵ نەکـــرد .... لـــەو کاتـــەوە وا ماجـــد مـــرد، هەســـتت بـــە ســـەهۆڵ بەنـــدان کـــرد لـــە دەرونـــتدا .... ســـەهۆڵ داتـــی گـــرت و پشـــتت شـــکا .... ماجـــدت لـــە کـــن ئـــەو دارە تەماویـــە وا بـــبووە ناوەنـــدی گۆڕســـتانە گچـــکەکەت، لـــە گـــۆڕ نـــا .... هـــەر لـــەو ڕۆژەوە وا شـــێخ بووکـــی پـــرچ شـــۆڕی بـــۆ گـــەوەر درووســـت کـــرد، داگـــیرای و ڕۆحـــت پەریشـــان بـــوو، هەســـتت دەکـــرد، کـــارە ســـاتێکی مـــەزەن لـــە ئارادایـــە .... بابەگـــەورەت دەبـــینی کەچـــەندە خـــەمین و پەڕۆشـــە .... ماجـــد بـــە مســـت و زللـــە لـــە گـــەوەر بـــەر بـــبوو .... ڕۆیشـــتی و دەســـتی

ماجدت گرت: بەسیە .... بەسیەتی زاڵم .... ئاخر چ گوناحێکی کردووە .... بۆ لێ دەدەی؟

.... دەستت بردوگوریسی دەستەکانی گەوەر بکەیتەوە .... ماجد دەستی تۆی توندگرت و تۆ ترسای، نەکا ئاوری نیگای ماجد بتسوتێنێ .... نا .... ماجدیش گۆڕدرا بوو .... خێرا سووڕایتەوە و ڕۆیشتی و ئەو دوو چارە رەشە ئاگرینەت بە جێ هێشت ....

جەلیل حەزی لە با نیە .... کاتێ کە با ئەهوەن دەبێتەوە و باران دادەکا .... حاڵ و دۆخی جەلیل دەگۆڕدرێ و حەزی لێیە لێت نزیك ببێتەوە و بێ بە لاتا .... بەڵام چاکی دەزانێ کەتۆ ئەگەر ئەو ببینی یەکسەر شێت دەبیت و رقت هەڵدەستێ و دیسانەوە ئەو بووکە قوڕینە وەحشیانە دەنێریتە سەر سەری و هەرا و هوورای لێ بەرز دەکەیتەوە .... هاوار و قیژەی ئەو کچانەش دەردێنی .... جەلیل بەردەوام حەزی لێیە لە نهێنیەکەی ماجدت بۆ بلێ و بیدرکێنێ .... بەڵکوو ئەو ماجدە هەژارە ئەوەندە نەگری و ئازار نەبینێ .... تا خەفەت نەیخنکێنێ .... ئەگەر تۆ گوێ بۆ نهێنیەکەی ماجد شل بکەی، رەنگە لە پڕ دەنگی ئەو بەر ببێ و بکرێتەوە و بتوانێ خۆی

هەمووشــتێکت بــۆ بگێــڕێتەوە ئاخــر ماجــد نهێنــیەکەی لای کــەس نەدرکانــدووەو لەگــەڵ خــۆیدا بــردوویە گــۆریەوە .... بــەڵام ئێســتاش هێــز و دەســەڵاتی ئــەوەی نیــیە تــا نهێنــیەکەی لــە دەروونــی دەربێــنێ و ئــازادی بکــات .... نهێنــیەکەی لــە قوڕگــیا گــیری کــردووە و بــۆی دەرنایــێت .... دەس بــە داوێــنی جەلــیل بــووە ماجــد .... تــا بەڵکــوو ئــەو گــرفتەکەی لــێ بکاتــەوە .... بــەڵام جەلــیل لــە تــۆ دەترســێ و خــۆی لــە تــۆ دوورەوە خســتووە .... ئــەو ناتــوانێ و بــۆ لای گــەوەر ڕۆیشــتووە و دەس بــە دامانــی گــەوەر بــووە .... گــەوەر لــە تــۆ ناترســێ .... ڕەنگــە تــۆزێ بترســێ بــەڵام زۆر نــا .... زۆر ناترســێ .... گــەوەر لــە نهێنــیەکەی ماجــد تــێ دەگــات و خەمــی بــۆ دەخــوات و ماجــدیش لــە ڕووی نایــێ لەگــەڵ گــەوەردا بــدوێ .... وەخــتە بخــنکێ ماجــد .... ئــەو دەردە هێشــتا لــە گۆڕەکەیشــدا، وازی لــێ ناهیــنێ .... جەلــیل بــاش گــەوەری تــێ گەیانــدووە .... گــەوەر بــە خەمــەوە ســەیری ماجــد دەکــات و فرمێســك لــە چــاوانی ماجــدەوە دەوەرێــتە خــوارەوە .... جەلــیل پێــی دەڵــێ ئــەبێ ئــەم نهێنــیە بدرکــێنێ لای ئــەو .... تەنــیا بــەو جــۆرە ماجــد

ڕەحەت دەبێت و ئۆقرە دەگرێ .... باران دەبارێ، بەڵام تۆ حەزت لە باران نیە و خۆتی لێ دەشاریتەوە ....

تەنیا «با»یە کە دەتوانێ حاڵت بگۆڕێ .... کاتێ باران دەبارێ هەست بە زیندوویی ناکەی .... بە تەواوی هەر دەمری و ئاسمانیش دەبارێتە سەر سەرت و تۆ بڕوا دەکەی کە ئیدی نەماوی و ئاسمانیش بۆت دەگری .... خۆت لە باران و بەفر دەشاریتەوە .... بەڵام با .... بای دەوران .... با .... با هەموو شتێکت لێ دێنێتە سووڕان و زیندوویان دەکاتەوە .... ئەو کاتە وا باران دەبارێ، گەوەر لە دوورەوە دێت .... لەو سەری دەشتەوەدێت .... فرمێسك ڕژان دێت و ئەسرین دەبارێنێتە سەر گۆڕەکەی تۆدا و ئەسرین و بارانەکان، کونێ لە سەر گۆڕەکەت درووست دەکەن و لەوێوە دەڕژێنە خوارەوە و دەوەرێنە سەر سەری تۆوە .... بەڵام تۆ خۆ حەزت لە باران نیە و لە قوڕە تەڕەکان بێزاری .... هاوارت لێ بەرز دەبێتەوەو چنگ دەکوتیتە نێوان قوڕەتەڕەکان و حەزت لێ نیە گوێ بۆ قسەکانی گەوەر شل بکەی .... قسەکانی گەوەر لە گەڵ دڵۆپە بارانەکان و گریانەکانیدا، جار، جار دەتکێنە نێوان گۆڕەکەتەوە .... م .... ا

.... ج .... ع .... ش .... ق .... د .... ا .... ی .... ه ....

گ .... و .... ر .... ب .... ۆ .... چ .... ت .... ێ .... ن

.... ا .... گ .... ی .... بەڵام .... تۆ گوێ کانت دادەپۆشی .... حەزت لەباران نییە و رقت لە قوڕە تەڕەکان هەڵدەستێ .... گوێ بۆ ناڵەکانی گەوەر شل ناکەی و گەوەر فرمێسک رژان لە نێوان دڵۆپە بارانەکاندا لە بەرانبەر تاپۆە خەمگینەکەی جەلیل و ماجد و ئەوانی تر تێدەپەڕێت و بە هێواشی لە رووی هەواوە دەخزێت و بەرەو ئەو سەری دەشتەکە دەڕوات و جارێ هەر ناگەڕێتەوە گەوەر .... کەسێ زۆڵەکەی سۆمای نابووە کن جەستە مردووەکەی سۆماوە و هەر دووکیانیان هاوێشتبووە ژێر دارە زەیتوونەکەوە .... واتە ناوەندی گۆڕستانە نوێکەتەوە .... باسیان دەکرد پاش گەڕانەوەی سۆما بۆ لای بابی، جەمیل بە قەرەبووی پەنەکەی گەوەر و پەنەکەی لچی کانیاوەکەی ماجد، سۆمای لە بابی ڕفاند بوو و برد بووی و پاش ساڵێك سۆما دەزێت و بە سەر زگەوە دەچێت .... ئەوانیش لەگەڵ زۆڵەکەیدا، شەوانە بێ ئەوە کەس بزانێ هێنا بوویانە دەڤەری

نوێــی عەشــیرەوە، واتــە وڵاتەکــەی خــۆتان .... شــێخ گوتــی: خــودایا شوکرت، ئەو گەوەرە چارە ڕەشە نیە ئەم دیمەنە ببینێ ....

یــا خــودا گــۆڕت هەڵتەکێــنن، هــەی .... بــبوویت بــە گۆڕکەنــی مــردووەکان .... چ ئێشــێکی مــەزن .... چ ئاخــر و ئاکامــێ، ببویــتە ئیشکچــی گــۆڕەکانت و مــردووەکانت .... چ بۆنــی .... چ بۆنێکــی پــیس .... کێ ئـەم لـق و پـۆپانەی بـڕیوەتەوە؟ ئـەم بـۆنە چیە .... بـۆن .... بۆنــی پــیس .... بۆنــی گەنــیوو .... بۆنــی دەهــات .... هــەر دووکونـیکەپـۆت لـە بۆنـی گۆشـتی گەنـیو ئـاخنی بـوو .... پـڕ بـبو ئـەو لـووتە بـەرزەت لـە بۆنـی گۆشـتی گەنـیوی جەسـتەکەی سـۆما .... لـق و پــۆپەکانت لابــرد .... چــی لــە ژێــریدا شــاردرابووە وە .... جەســتەی ســۆما و زۆڵەکــەی وا لــە برســاندا لــە ســەر خــۆ چــوو بــوو .... چ دیمەنێکی دڵتە زێن ....

بــەڵام دڵــی تــۆ خــورپەی پــێدا نــەهات .... فێــری بیــننی ئــەو جــۆرە دیمەنانــە بــبووی .... تــۆزێ نــاو چــاوانت گــرژ کــرد و بەدەســتی چــەپت کەپــۆتت گــرت و گــوتت خاکــی کــەن .... دەســتوورت دا جەســتەی ئــەو کچــە هــەژارە لــە کــن دایکــیدا بــە خــاك بســپێرن .... زۆڵەکــەی

سۆماشت نایە ئامێزی شیلانەوە: ئاگاداری بەو گەورەی کە .... ڕەنگە خودا لێت گەڕێ .... شیلان ئاوری تێ بەربوو و ساواکەی فڕێ دایە سووچێکەوەو قیژاندی: بۆ، چیم کردووە ها .... چیم کردووە .... ئەوە بزانن لە هەمووتان بێگوناحترم، پاکترم .... من لەگەڵ هەمووتان جیاوازیم هەیە .... من لە ئیوە نیم .... ئێوەوا نەفرین بوونە و ڕەنگی خۆشیتان نەبینیوە .... نا .... من لە ئێوە نیم .... ئەمەش، ئەمەش لە ئێوە نیە ....

بە پەلە بۆ لای ساواکەڕۆیشت، ساواکە دەی نووزاندەوە .... شیلان وەکو شێتەکان منداڵەکەی لە ئامێز گرت و نوقمی ماچی کرد .... شێتانە ماچی دەکرد .... لە ڕەشماڵەکەی ڕای کردە دەرەوە و ڕوو لە خەڵك منداڵەکەی بە هەردوو دەس بەرز کردەوە و گوتی: ئەمەش لە ئێوە نیە .... من و ئەمە هاودەردین .... دەبچن .... لاچن ....لاچن .... بە دەستێکی کۆرپەکەی نووساند بوو بە سینگیەوە و بە دەستەکەی تری بەرد و کلۆی هەڵدەگرت و لەو خەڵکە وا لە ڕەشماڵەکەی کۆ ببوونەوە بەربوو .... دەی قیژاند و نەفرینی دەکرد .... کەف دەوری لچەکانی ئاخنی بوو .... تۆ بە هێواشی ....

وەکوو سێبەر بێ ئەوە دەنگ بکەی لە ڕەشماڵەکە هاتیتە دەرێ و لەوێ دوورەوە کەوتی ....

شیلان ماندوو و پەرۆش و تووڕە، کەوتە سەر زەوییەکە و منداڵەکەی لە داوێنی داناو هەناسەی تازە کردەوە .... چ دەڵە دێوێ بوو لەو کاتەدا شیلان .... دەڵە دێوێکی ماندوو و سەرگەردان .... ساواکەی ماچ دەکرد و دەی گوت: غەڵەتم کرد .... گووم خوارد .... مەگری .... دەمەگری .... تۆ بە خودایێ مەگەری .... ناوت دەنێم گەوەر .... باشە؟ .... باشە گەوەر گیان و منداڵەکەی بردەوە ڕەشماڵەکەی خۆیەوە و تا دوو ڕۆژی دووایی کەس شیلانی بە چاو نەبینی .... مانگێ تێپەڕی و زۆرتر لە یەك مانگی تر، بە ساڵی نوێی فەلەکان نەما بوو و تۆ دەترسای .... لە دارەکە دەترسای .... بەڵام ترسی چی .... لای خۆت بیرت دەکردەوە وەکوو جاران بە نووکی چەقۆکەت جەنمزەکەت دەکێشی بە دەوری دارەکەدا و هەمووشتێ ئاکامی دێ .... ئەو پەرێشانی و قەدەرە ڕەشە، ئاکامی دێ خەلاس .... بەڵام تۆ لە چی ئاگات بوو .... چیت دەزانی، وا چی لە ئارادایە ....

بـۆڵە بـۆڵ دەکـەی و تێدەکۆشـی تـیرێ بتەقـێنی .... کلاشـینکۆفەکەت لـە ئامێـز گـرتووە و هـەر خەریکـی گەلەنگـەدەنەکـەی و ئەتـەوێ تـیرێ بتەقـێنی .... ئێسـتاش هـەر دەس هـەڵگیری ئـەو کلاشـینکۆفە هـەژارە نـیت، ئەتـەوێ تـیرێ دەربکـەویت، بـەڵام ناتوانـی، تێدەکۆشـی .... نـا .... ناکـرێ .... ناتـوانێ .... هـاوار دەکـەی .... داوای یارمەتـی دەکـەی و ئەتـەوێ کەسـێ بێـتە هاناتـەوە .... بـەڵام ئـیدی کـەس حـەزی لـەتیر تەقانـدن نـیە .... کـەس تاقەتـی تـیر دەرکردنـی نـەماوە .... و تـۆ هـەر هـاوار دەکـەی و کلاشـەکەت فـڕێدەدەیتە سووچـێکەوە .... کـلاش لـە پـڕ دەکوتـرێتە جەسـتەی دارە زەیـتوونەکەوە و هـەر لـە خـۆیەوە تـیر دەتەقێـنێ و رەهـێڵە فیشـەك بەرئـەدا و تـۆ لـە ترسـی ئـەوەی کـە نـەکا بەرگـوللەکان بکـەوی، پەنادەبەیـتە کـن دایەگـەورە .... هـاوارت لـێ بـەرز دەبێـتەوە: هەڵسـە .... هەڵسـە بـزانە ئـیدی تەلیسـمەکەمان شـکا و لـە ئاکامـدا کلاشـەکەم تـیری دەرکـرد .... گـوێت لێـیە .... گـوێ لـەو رەهـێڵە تـیرە بگـرە .... بـەڵام دایەگـەورە زۆر مانـدووە و خەوتـووە .... دایەگـەورە لـە تـۆی قـوڕە تـەڕە ئاودارەکانـدا خەوتـووە و هەرچـی دەکـەی و ئـەیشـەکێنیتەوە و بانگـی لـێ دەکـەی، سـوودی نـیە .... ئـەو

نابیسـێت و خـەوی لـێ کەوتـووە و تـۆ دەگـریت و گـوێ بـۆ دەنگـی رهێڵەی کلاشەکەت هەڵدەخەیت ....

خـەو .... خـەون .... خـەونت دەدی، خـەون بـە دایـە گـەورەوە .... بـە ئەویشـەوە خـەونت دەدی .... دار لـە خوێـندا نـوقم بـبوو تیرێکـی وێـڵ هـات و لـە پەراسـووی دایەگـەورەی‌دا .... دایەگـەورە کەوتـە سـەرزەویەکە و خـوێن گـەمارۆی دا .... سـێبەرێکی ناسـك لـە پشـت دارەکـەوە خـزایە دەرەوە .... بینـیت .... خـۆی بـوو .... هـەر خـۆی بـوو .... دانیشـت و سـەری دایەگـەورەی لـە ئامێزگـرت .... خـەریك بـوو گیانـی ئـەدا دایەگـەورە .... خـەریك بـوو بمـرێ .... فرمێسـکەکانت چۆڕایە سـەر زاری دایەگـەورە و ئـەو لـە ژێـر لچـەوە گوتـی: حـەزت لـە کامـە ئەسـتێرەیە بۆتـی بچـنم حـەیاتم .... تـۆ گـریای و کچـە دوازدە سـاڵانەکە لـە بـنی دارەکـەوە بـەرە و تـۆ هـات بـریقە کەوتـبووە لەشـی دایەگـەورەوە و تـۆ گـوتت: نامـری .... نـا .... تـۆ نەمـری .... نەمـر، بـیرت نیـیە هـەردووکمان نەمـرین .... مـن و تـۆ هـەتا هـەتایین شـایەتی حاڵـی مـن و تـۆ ئـەو مـنداڵانەن .... ئـەی ئـەو شـیعر و چـیرۆك و سـرودانە چـی .... ئەوانـە چییان بـە سـەردا هـات .... بـڕوا بکـە مـن و

تـۆ نەمـرین .... تـین و رووناكـیەكەی ئـەو جەسـتە ساردەوە بـووە، هـەر زۆری دەكـرد و كچـەكە لـە دایەگـەورە نـزیكتر دەبـووەوە .... دایـە نـوزاندی: حـەزت لـە كامـە ئەسـتێرەیە حـەیاتم .... بیڵـێ .... بیڵـێ .... هـەر كامـەیانت بـوێ بۆتـی دەچـنم حـەیاتم .... هـەر كـە هاتـی بـێژی: ئـەو ئەسـتێرە هـەتا یـیەم دەوێ .... ئـەو گیانـی دەرچـوو و مـرد و ئاسەوارێك لە كچەكە نەما ....

خـەون .... خـەیاڵ .... هەسـتت بـە سـەهۆڵ بەنـدان دەكـرد .... هەسـتت بەكارەسـاتێكی شـووم دەكـرد .... چـیت بـە سـەردا هاتـبوو .... ئـەو كۆچـە نەفـرینناویە چـی بـە سـەرتدا هێـناوە بابەگـەورە .... ئەتۆ لە كۆیی واقیع و خەیاڵدا دەژی حەیاتم ....

كـورەكەی شـێرۆ، چـوار كەسـی لـە دار و دەسـتەكەی جەمـیل كوشـتبوو .... لـە ئـەو سـەهۆڵبەندانی رۆح و هەسـتەدا، شـێخ، خەڵكـی هـان دەدا بـۆ بـەرێ خسـتنی جـێژن و شـادی .... شـادی كوشـتنی چـوار لاوی چەكدار بە دەس كورەكەی شێرۆ .... ئای شێخ خودا كوێرت بكات

دەقیژێـنم و دەڵـێم .... نابـێ .... نـا .... ناكـرێ .... ئـەو جـێژنە ئـەبێ تێكـی بـدەی .... شـێخ دەڵـێ: زۆر مانـدووین لـەم مانگـە ....

لـەم کۆچـە دووایـیـە .... ئـەم خەڵکـە هـەر وچانێکیشـیان نەبـووە .... هــەر پرســە .... هــەر نەخۆشــی هــەر مــردن و هــەر پــەرەپێدانــی گۆڕســتانەکە .... بــزانە چــەندە خۆشــی .... خــەڵك ئەیانــەوێ هەڵــپەڕن و شــادی بکــەن .... ڕەنگــە، ڕەنگــی ئــەم ماتەمــە تــۆخە لــە ســەر عەشـیرەکرمان لا بچـێ و ڕزگـار بـین لـە دەسـتی ئـەم دۆخـە شـوومە .... بـەرز دەڵـێم: ئاخـر مەگـەر شـێتن ئـەم خەڵکـەی تـۆ؟ .... ئاخـر جـێژن بـۆ چـی؟ بـۆ بـراکوژی؟ .... بـۆ مـردن وکوشـتنی چـوار مـرۆڤـ؟ ....بـۆ مەرگـی چـوار لاو کـە هـەزاران ئارەزوویـان بـە دڵ بـوو .... بۆچـی بـۆ ئـەوە بـاش دەتـوانن لـە هاوخـوێنی خـۆیان بکـوژن؟ هـا .... نـا .... نـا .... ناکـرێ .... هـەر بـیری خـۆت مەکـەرەوە .... لاچـۆ .... لای بـە ئـەم شـاییە خوێنیـنە .... بیـبڕەوە ئـەم زۆڕنـاو سـەما گوناحـبارە تـۆ هەرئـەم ئێشـانە دەکـەی وا دەسـتەکانم پاکـژی هەڵناگـرن .... بـراکانیان دەکـوژن و شـتەکانیان دەدزن و دێـنەوە جـەژن و ئاهـەنگ بـەڕی دەخـەن سـەیرە بـرا .... سـەیرە .... ڕادەکـەم و ڕادەکـەم و دەخـزێمە سـەر بـەرد و دار وهەواوە .... نا .... ناکرێ ....

شـێرۆ سـواری ئەسـپەکەی، لـە نـێوان سـەرما و بـادا خێـرا بـەرە و تـۆ هـات .... لـە ئەسپە شێ داپـەڕی و بـۆ لات هـات و لـە گوێـتدا شتێکی چپاند .... شـەوی دوێـنێ تاپـۆی ماجـد و گـەوەر و جوانـوە سـپیەکەت لـە تەنیشـتی ڕەشماڵەکـەی شـێخەوە بـینی بـوو و بینـیت کـە شـێخ بـە هێواشـی وەدووی ئـەو سـێ تاپـۆوە کـەوت و لـە نـێو دڵـی تاریکـیدا نـوقم بـوو و تـۆ مـات و وڕ، هیچـت لـێ نـەدەهات و بەیانـی هەسـتت دەکـرد کاتیەتـــی .... کاتـــی کارەســـاتەکەیە .... لـــە دڵـــە کـــزە نەتتۆانـــی چاشتانەکەشـت بخـۆی و شـێرۆ هەواڵـە شـوومەکەی دەرخسـت .... شـێخ بانگـی لـێت کـرد، پیویسـتی نەدەکـرد شـتێ بڵێـی شـێخ لـە هەمـوو شتێ ئاگـادار بـوو .... لـە تـەواو نهێنـیەکان، تەنانـەت لـە نهێنیەکانـی نـێو دڵ و مێشکدا ئاگادار بوو ....

گۆتـی: کـەس مـافی ئـەوەی نـیە لـەو ئـاوە بخـواتەوە و سـەرەڕای ئەمـەش کـە نابـێ کـەس لـەو هەواڵـە ئاگـادار بـبێ .... بـەڵام کـەمـتر لـە ڕۆژێکی نەخایانـد، کـە تـەواو خەڵکـی عەشـیرە لـە هەواڵـە شـوومەکە ئاگـادار بـــوون و وەحشـــەت و تـــرس هەســـت و نەســـتیانی ئـــاخنی و هێـــز و دەســـەڵاتی لێـــیان ســـەندەوە .... دەوڵـــەت و حکومەتـــیەکان، ســـەممێکی

زۆر مەترسی هێنەر و کوشندەیان ڕژاند بووە سەرچاوکەی ئاوی عەشیرەوە .... کانیاوە مەزەنەکەیان ژەهراوی کرد بوو .... پووتێکی تەواو سەمی کیمیاییان رژاندەبوو نێو ئاوەکەوە .... شێرۆ و چەن کەس لەو دەوروبەرانە ئێشکیان کێشاوەو بینیویانە .... هەمووشتێکیان بینیوە ....

هاتن .... سواری جیپەکە بوون، شێرۆ گوتی .... بە ئەسپایی لە جیپ دابەزین، شێرۆ گوتی ....، بە هێواشی چووار کەسیان پووتە سوورەکەیان هەڵگرت، شێرۆ گوتی .... سەریان بە پارچەی سپی داپۆشی بوو .... مۆریەکە سپی بوو، سپی وەکوو پێستی هێلکە .... تۆزێشی پێوە نەبوو، شێرۆ گوتی .... هەڵیان گرت و ئارام، ئارام هێنایانە لچی ئاوەکەوە .... سەرچاوکەکە، کانیاوێکی گەورە و بەرین بوو، وەکوو چاوی قرژانگ رۆشن و خاوێن بوو .... ئاوی کانیاوەکە شیرین بوو .... دووکەسیش لە گەڵیدا بوو شێرۆ، شێرۆ گوتی .... بەڵام تەنیا دە فیشەکیان پێ بووە، هەر سێ کەسیان دەفیشەکیان پێ بووە، شێرۆ گوتی .... نەیانوێراوە تەقەیان لێ بکەن، پووتەکەیان داناو، شێرۆ گوتی .... پاشان یەکێکیان ڕۆیشت

و چـوار دانـە ماسـك و چـوار جـووت دەسکێشـیّ، لـە جیـپەکە هێـنا، شـێرۆ گوتـی.... دڵـی هەرسـێ کەسـیان وەکـوو دڵـی چـولەکە وا بـوو، ترسـا بـوون حەپەسـاو و بـێ دەسـەڵات، شـێرۆ گوتـی .... سـەیریان دەکـرد وا چـۆن ماسـکەکانیان لـە دەم و چـاویان نـاو دەسکێشـەکانیان وە دەس کـرد و بـە هێواشـی سـەری پـووتەکەیان کـردەوە، مـۆریەکەیان لابـرد و سـەریان کـردەوە و پـووتەکەیان لـێژ دایـە نـێوان ئـاوە چـاوقژانگیەکەوە، شـێرۆ گوتـی .... هیچـیان لـێ نـەهات، پاشـان خێـرا پـووتەکەیان هەڵگـرت و سـواری جـیپ بـبون و ڕۆیشـتن، شـێرۆ گوتـی .... هەرسـێ کـیان ڕۆیشـتنە لچـی ئـاوە بـەتین و چـاوقرژانگیەکەوە، ئاوەکـە ڕەش هەڵگەڕابـوو و ڕەشـاییەکە هـێدی، هـێدی پەنگـی دەخـواردەوە، شـێرۆ گوتـی .... ئاوەکـە بـێدەنـگ خـەریك بـوو بمـری، شـێرۆ گوتـی .... ئـاوە کەئـیدی زیـندوو نەبـوو، شـێرۆ گوتـی .... وەکـوو مرۆڤێکـی لـێ هاتـبوو وا خەریکـە دەمـرێ، شـێرۆ گوتـی .... ئاوەکـە خـەریك بـوو گیانـی دەر ئەچـوو، گیانـی ئـەدا ئاوەکـە، شـێرۆ دەکـوتێ بـە سـەریدا و هـاواری لـێ بـەرز دەبێـتەوە و خێـرا بـەرەو عەشـیرە تـێ

دەتەقـێنی، شـێرۆ ....، تـۆ بـە بیسـتنی چیرۆکی ئـاو و شـێرۆ، بـاش تێگەیشتی کارەساتەکە هاتووەتە ئاراوە و قوربانی ئەوی ....

خەڵکـی عەشـیرە زۆر ترسـا بـوون .... زۆری پـێ نەچـوو رووناکـی و تـینی ئاوەکـە، ئـەو ڕەشـاییەی خـوارد .... ویسـتیان ئـاوە کـە ئەزمـوون کـەن بـە خـواردن، شـێخ نەیهێشـت و خـۆی و چـەن کـەس ڕۆیشـتنە سەرچـاوکەکە و ئـەو بلـۆرە ڕەشـانەیان بـینی وا لـە بـنی کانـیاوەکەدا خۆیانـیان داکـوتا بـوو .... شـێخ وەختـە بـوو بـتۆقێ .... گوتـی: هـەر زوو، خـەونم بـەم بلـۆرە ڕەشـانەوە بینـیوە .... کـەس مـافی ئـەوەی نـیە لـەم ئـاوە بخـواتەوە .... شـەیتان تفـی لـەم ئـاوە کـردوە .... پـڕیە لـە جـندۆکە و شـەیاتینی .... ئەوانـە وا شـێرۆ و هاوڕێیەکانـی بینـیویانە شـەیاتینی بـوونە وا بـە ڕواڵـەتـی مـرۆڤ دەرهاتـوونە .... نەیخـۆن .... نەیخـۆن ئـەو ئـاوە .... هـەر هـار دەبـن .... شـێت دەبـن ئەگـەر بـیخۆن .... گـوتت: چـارە چـیە .... گوتـی بگـەڕە، سـەر چـاوکەیێکی دیکـە بـدۆزەرەوە .... ئـەم ئـاوە ئـیدی مـردووە .... مـردوو خـۆ زیـندوو نابێـتەوە .... گـوتت: کـۆچ کـەین؟ شـێخ لـە ژێـر لچـەوە گوتـی: مەگـەر

شـومێران نەیگـوت کۆچـێکی دیکـە لـە ئـارادا نـیە جگەلـەم کۆچـە .... ئیدی بەرەوکوێ بچین و دەستی نایە دارە زەیتوونەکەوە ....

لــە ژێــر ئــەودارە پــیرە بینــیت و دەســتت لــە نــاو قــەدی ئالآنــد وگــوتت: پــێکەوە بــژین؟ کوتــی: بــژین بــەڵام دیــنەکەت؟ .... یاســاکانت؟ .... ئــەو قسـانەوا سـەرت پـێ سـپاردووە؟ .... کـوتت: ئیشـت بـە سـەریانەوە نــەبێ، تــۆ فــڕت نــەبێ بەوقســانەوە .... گوتــی: مــنت ئــەوێ شــێخ؟ گـوتت: گەلـێ حـەزم لێـتە .... تـۆ تەنـیا ئـەوینی مـنی .... مـن لـە عەشــق و ژنــدا، زۆر دەس نەخــواردوومە .... گوتــی: وەکــوو گــوڵێ وا هــــیچ کــــات نەیانچــــنیوە؟ گــــوتت: بــــا .... هــــیچ کاتــــێ دەســــتێکم نەدۆزیـەوە وا حـەزم لـێ بـێ بمچـنێ .... نـارین لـە قاقـای پێکەنـینی دا و گوتـی: هـەر دەسـتێك بـووە وا حـەزی لـێت بـێت و بـیهەوێ بـێخواسـتی خــۆت، بتچــنێ؟ .... گــوتت: دەســتەکانی نــارین .... ئــەو کچــە ئەرمەنـیە .... نـارین لـە ژێـر لچـەوە گوتـی: حـەزم لێـتە .... بـا .... ڕاسـتە .... ڕاسـتە بـەڵام ئـەبێ وەکـوو مـن بـیر بکەیـتەوە .... هـەنگاو بنێیــتە نــێو دونــیای ئــازاد و بــەرینی مــنەوە مــن زۆر رەهــام یــا شــێخ .... حـەزم لـە یاسـاو پاسـا نـیە .... یاسـاکانت بـەر ئـەدەی؟ .... و تـۆ

سـووڕایتەوە و نارینت بـە جـێ هێشـت .... بـە تەنـیات هێشـت نـارین ....

گـوتت: ئێسـتا بـەرەو زسـتان دەڕویـن .... کانـیاو و ئـاو لـە کوێـیە .... شـێخ گوتـی: سـەرۆك تـۆی .... ئـەبێ تێبکۆشـی هـۆزەکەت لـە تینوویەتـی نەمـرن .... شـێخ ڕۆیشـت و تـۆ وەخـتە بـوو بتۆقـی .... خـەڵك هـەر نەیاندەێـرا بـەرە و ئـاو بچـن .... پـاش یـەك ڕۆژ زۆریـان پـێوەوە دیـار نەبـوو بـێئاویەکـە .... هـەر کەسـێکت دەبـینی لەگـەڵ یـەکتردا بـەرە و سووچـێك دەڕۆیشـتن و شـتێکیان بەدەسـتەوە بـوو و خەریکـی کەندنـی زەویـن بـوون .... بایـیە و گـۆزە و پـووتەکان لـە ڕۆژی دووهەمـدا خاڵـی بـوونەوە .... ئـاو نـەما و خـەڵك سـەرگەردانی دۆزیـنەوەی ئـاو، ڕەشماڵـەکان و هەمـوو شـتێکیان، بـە جـێ هێشـت ....، بـەڵام کـوانێ ئـاو .... ئـاو لـە کوێـیە .... سـەیری ئـەو خەڵکـەت دەکـرد وا خـەریك بـوو لـە بـێ ئـاویدا قـڕ بـبێ .... ئـاو نەبـوو بـۆ خـواردن، بـۆ چێشـت لێـنان، بـۆ شـتن، کاتـێ لـە لای یـەکترەوە تـێدەپەڕین بـە قیـزەوە ئاوڕیـان لـە یـەك دەدا کەپـۆیان دەگـرت، بـێ ئـەوە بـزانن ئـەو بـۆە، لـە خۆیانیشـەوە بـڵاو ئەبێـتەوە .... بۆنـیان دەهـات و لـە ئـاو

دەستەکانیشــەوە ئــاو نەبــوو بــۆ خۆشــتن .... بۆنــی گــو، میــز و چــڵك و پیســایی و تینویەتــی و برســیــیەتی و پەرێشــانی و ســەرگەردانی، وشــەڕ و قــین، هەمــووی عەشــیرەی ئــاخنی بــوو .... ســەیری دایەگــەورەت دەکــرد .... ئــای ئــەو جوانــیە چــی لــێ هــات .... لــە پــڕ بــەرە وکــوێ ڕۆیشــت ئــەو بــەژن و باڵایــە .... پشــتی مووچــا بــووەوە .... ڕوومەتــی چــرچ و زەرد هەڵگەڕابــوو ئــەت گــوت ناتبینــێ، بــە کەوچــکێکی داریــنە، خەریکــی کەندنــی زەویــن بــوو ، ئــەویش بــە شــوێنی ئــاودا دەگــەڕا .... نا .... نەدەکــرا .... ژیــن و ژیانــت خــەریك بــوو لــە بــێ ئاویــدا دەمــرد .... کــۆچ .... بــیرت کــردەوە دەبــێ هــۆزەکەت کــۆچ بــدەی .... کــۆچ باشــترین و گــرنگترین ئیشــە لــەم کاتــەدا .... بــەم جــۆرە دەتتوانــی عەشــیرە نــەجات بــدەی .... بــۆ لای شــێخ ڕۆیشــتی و ســەیری ئــەوت کــرد: شــێخ گوتــی نــا .... نابــێ .... نابــێ کــۆچ بکــەین .... لــە چارەنووســەکەماندا، ئــاو هەیــە، ئــاو، زۆرە ئــاو .... نــارین گوتــی .... دەبــێ بگەڕێــی .... نــارین گوتــی کــۆچ واتــە مــەرگ .... نابــێ کــۆچ بکــەی .... ئــاو بــدۆزەرەوە .... کــوتت: ئــاو؟ .... تــۆ باشــتر لــە مــن ئەم وڵاتــە دەناســی ئــاو نــیە .... ئــاو نــیە .... ئاخــر نــارین کێــیە وا دەبــێ

ئـیمه لـه سـەر قسـەی قـۆڕی ئـەو، ئـەم خەڵکـه لـه تینوویەتـیدا بکـوژین .... هـا؟ .... نـارین چ گوویـێکه ....شـێخ تـیژ تـیژ سـەیری تـۆی کـردو گوتـی .... لـه بـەر چـاوانم ون بـه .... دەی .... ڕۆیشـتی و بـه جـێت هێشـت ئـەو شـێخه تیـنوویه وا خـەریك بـوو شـێت بـبێ .... کـه دەڕۆیشتی هەستت کرد شێخ دەیەوێ بگریت ....

ئـێواره بـوو ....تـێ فکـریت ڕنگـه گـۆڕدرا بـێت ئـەو کچـه ئەرمەنـیه .... نارینـه پلکـه شـۆڕەکه ڕۆیشـتووەته دەشـتەوه .... بـەرەو داره پـیره زەیـتوونەکه ڕویشـتووه و ڕەشماڵەکـەی هەڵکـردووه .... نـارین .... ڕۆیشـتی؟ .... لـه خـەڵك هەڵاتـبوو نـارین .... پـاش مردنـی دایکـی، لـه خـەڵك هەڵاتـبوو .... سـەرەڕای جوانـیەکەی ئـیدی عاشـقەکانی .... دەسـتیان لـێ هەڵگـرتبوو، جگـه لـه تـۆ .... نـارین سـیحرکاره .... نـارین ئەڵـێن لـه ئـاور درووس بـووه .... جـنۆکەیه نـارین .... جـنۆکەی هەیـه نـارین .... بـه دەیـان جـار بیـنویانه لەگـەل جنۆکەکانـیدا .... یـاری دەکـا لەگەڵـیاندا .... نـارین .... نـارین نـارین زۆر بـه تەمەنـه بـه سـیحر و جـادوو خـۆی جـوان و گـەنج دەکاتـەوه ....نـارین .... نـارین .... نـارین .... ئـەو قسـانه لای تـۆوه ، بایخێکـی نەبـوو، کـه بـرا

گچـــكەكەت ئـــەو كچـــە جـــوانەی ڕفانـــدو ڕۆیشـــتە ئـــەو دیـــوی سـنوورەكانەوە، زۆر بـە تەنـیا مایـت .... تـۆ بـوویت و عەشـیرەیێكی بێخـاوەن .... تەنـیا نـارین بـوو وا ئەیتوانـی گـەرما ببخشـێ بـە ژیـان و هەسـت و نەسـتێ تـۆ ....نـارین گوتـی: هاتیـتەوە یـا شـێخ؟ ....لـە ڕازەكانـی بـا گەورەكانمانـدا بیسـتبوومان شـێخێ دەسـتی لـە دیـن و یاسـاكانی هەڵگـرت لـە بـۆ جـوانە ژنێكـی ئەرمەنـی، بـەڵام تـۆ زۆر لاوی .... ئـەوەی زۆرە ئافـرەتە و ئەویـنە لـە عەشـیرەكەتدا .... خۆتـیش خـۆ خەریكـی دەبیـتە خـودایان .... ئـیدی لـەدووی مـن بـۆ دەكـەوی؟ .... لـە لای ئـەو ئاگـرە ویسـتت لـە گەڵـیدا جـووت بـیت .... ئـای چـەندە حـــەزت لـــەو ناریـــنە بـــوو .... بـــەڵام نـــارین ركـــی كـــردبوو و داوای گەوهـــەری و جـــوودی تـــۆی دەكـــرد ....هەڵاتـــی و ڕۆیشـــتیتەوە بـــو عەشیرە و نارین و ئەو ئاگرە بڵێسەكەرەت بە جێ هێشت ....

لـــە پـــڕ یـــەكێ هـــاواری لـــێ بـــەرزەوە و بـــوو .... ئـــاو .... ئـــاو .... هەمـــوویان بـــەرە و ئـــەوێ هـــەڵاتن .... تـــۆش ڕۆیشـــتی .... لـــە پـــڕ زیـندوو بوویـتەوە .... لـە لای دایـە گـەورەوە خێـرا تێـپەریت .... ئـەو گوێـی بـۆ كـەس شـل نەكـرد بـوو و خەریكـی ئـەو كـونە بـوو وا دەمـێك

بــوو لــە ســینگی زەویدا کــرد بــوویەوە .... خــەڵکت لادا و لــە کــونەکە ڕۆیشــتیتە پێشــەوە .... ئــاو بەقــەد تەشــتێك لــە کــونەکەدا گۆمــی بەســتبوو .... هــەرا و زەنایــێك بــوو، مەحشــەری پــێ نەدەگەیشــت .... دڵــت دەلــەرزا .... بڵێــی ئاویــان دۆزیبێــتەوە ....ئــەو پــیرە پــیاوە وا ئاوەکــەی دۆزیــبوەوە خــۆی کشــا بــووە ســەر ئاوەکــە و قامکەکانــی هــەر دوو دەســتی چــەقاند بــووە نــێو قــوڕەکان و هــاواری دەکــرد: ڕاوەســتن کافــر .... دەی بگەڕێــنە دواوە کافــر .... بــزانین زۆرەوە دەبــێ ئــەم قــوڕاوە .... خــەڵك ئارامــی لــێ بــڕا بــوو و پــێکەوە هوروژمــی دەهێــنا .... چەن کــەس بــە مســت و لەقــە لــە خــەڵك بەربــوون و ئەیانەویســت بــیاندەنە دواوە، بــەڵام نەدەکــرا .... خــەلك هیچــی لــێ حاڵــی نەدەبــوون، ئــیلا ئــاو نــەبێ، خــەڵك تیــنوویان بــوو و هــرووژمیان دەهێــنا .... خــەڵك خــۆی لــە ئاوەکــە کشــایە پێشــەوە ....کافــر .... لاچــن .... ئــەی خــودا هــەی .... لاچــن کافــر .... کافــر .... لا .... پــیرە پــیاو لــە ژێــر پێــی خەڵکــەوە کەوتــبوو لــە چــاو تــروکانێکدا بــۆ تاوێکــی زۆر کــورت، پێڵاوەکانــی ئەوانــەوا لــە پێشــەوە بــوون ئاوەقــوراویەکەیان هــەڵ کێشــا بــە خۆیانــنەوە و ئــیدی ئاســەوارێ لــە ئــاو نــەماو پــیرە پــیاویش تــێدا چــوو و

مـرد .... گۆڕێکـی دیکـە .... جەسـتەی پـیرە پـیاوەکە دافلـیقا .... لـە نزیکـی کونـی یەکەمـدا وا پـیرە پـیاوەکە بـوو بـە قوربانـی، کونێکـی دیکـەیان دۆزیـەوە .... پـیرە پیاوێکـی دیکـە بـوو .... خـەڵك ئـیدی وازی لـە هـروژم هـاوردن هێـنا بـوو، لـە سووچـێکی نـزیك بـە قـوڕە تـەڕەکان ڕاوەسـتابوون و هەمـوویان وەکـوو گورگـی برسـی بـە چـاوە تینوەکانـیانەوە سـەیری دەسـتی پـیرە پـیاوەکە و قوڕەکانـیان دەکـرد .... تـۆ رۆیشـتیتە پێشـەوە .... گـوتت: ئەمـە خـو ئـاو نیـیە .... پـیاوەکە وا بـە پەلـە خەریکـی هەڵشـێواندنی قـوڕە تەڕەکـە بـوو و تۆزێکـی قـوڕی تـەڕی بـە دزیـەوە لـە زاری نابـوو، سـوور هەڵگـەڕا و گوتـی: ئـەی ئەمـە چیە؟ .... بـۆ وا تـەڕە؟ .... خـۆ بـابم میـزی پـێدا نەکـردووە .... یـان نەنکم تێ خۆشاند بێتی .... ئەم تەڕاییە هی ئاوە ئاو ....

سـڕ بـوویت .... خـەڵك پـێکەوە لـە کـونە تەڕەکـە کـۆ بـبوونەوە .... بـەڵام چاوەڕوانی سـوودێکی تـێدا نەبـوو، تـا ئـێوارە ئـەو قـوڕە تەڕە وشك وشـك هەڵگـەڕا و دەنگـی گـریان و ناڵـەی خـەڵك بـەرزەوە بـوو .... دایـە گـەورە ریشـەی چـەن گـیای دەشـتی دۆزیـەوەو لـە زاری منداڵەکانـی نـا و خۆیشـی ریشـەی گیایێکـی لـە زاری نـا .... ئـەو ئـێوارەیە خەڵکـی

عەشیرەتت بینی وا هەر كامەیان لە ورد و درشت، سەریان بەرە و ئاسمان گرتبوو و ریشەی گیاپێكی سەحرایی‌یان بەزارە بوو و دەیان مژی، .... زمانت لە زارتدا نەدەگەڕا و شەقار، شەقار ببوەوە .... كەسێ بانگتی كرد، سووڕایتەوە، دایەگەورە، چەپكی گیای ناسكی بۆت هێنا بوو، پشتت لێ كرد و ڕۆیشتی بۆ لای شێخ، شێخ گرژ و ناو چاو ترشاو، هەر سەیری تۆی نەدەكرد و خەریكی درووس كردنی بووكێكی سەرسووڕهێنەر بوو .... جووتێك بوون .... نەتتوانی بڵێی، زمانت لە زارتدا وشك هەڵگەڕا بوو و نەتوانی بڵێی: ئەو ئاوە كە لە خەڵكەكەی قەدەغە دەكەی چۆن خۆت ئەیهێنیت و قوڕی پێ درووس دەكەی و بووكی لێ دەخولقێنی، ها؟ .... ئەتۆ .... چەندە .... چەندە .... دوو ڕۆوی ....

لەو شەوەدا، لەو نیوە شەوەدا چی قەوما یا شێخ؟ چون ڕازی بوویت؟ .... چیت بینی وا سەرە و خوارتی كرد .... گۆڕدرای .... ئاخر چیت بینی ....

جەستەی نارین زۆر جوان بوو، هەر زۆر جوان بوو .... لە جوانیەكەی تێفكریت و لەو نیوە شەوەدا شێت بوویت و بۆ لای نارین و ئەو دارە

مەزنــە زەیــتوونە هەڵاتــی .... پــرچ، زار، مــێ .... ژن .... چــەندە سـەرنج ڕاکـێش بـوو نـارین .... پرسیارت لـە خـۆت دەکـرد، ئایـا نـارین چ شـتێکی لـە ئافرەتەکانـی دیکـە زۆرتـر بـوو؟ .... جگـە لـە مـێ بوونـی چ شـتێکی زۆرتــر هەبــوو، وا ئــاوا شــێتانە بــەرەو ئــەو دەچــوویت؟ .... هیچـت پێـیەوە نەبـینی بـوو، نـە جـندۆکە، نەسـیحر .... نـارین خـودی سـیحر بــوو .... ئــاور بــوو .... ئەوشــەوە ســووتاندتی نــارین نەیهێشــت نقـە بکـەی و لـە ژێـر ئـەو دارە زەیـتوونە سـوارت بـوو .... ئـەو سـواری تـۆ بـوو، نەیـەك جـار بەڵکـوو، بـیرت نایـێ چـەن جـار سـوارت بـوو و تـو هیچـت پـێ نەکـرا و تەنـیا تەسـلیم بـوویت تەسـلیمێکی پـڕ لـە حـەز و خۆشەویسـتی .... لـە کـنی نارینـدا .... لـە ئامێـزی نارینـدا، هەمـوو یاســاکان و دیــنەکان و گــرفتەکان، لــێت دوورەوە بــوون و نــەمان .... نــوقم بــوون .... نــارین جنۆکەکانــی مێشــکی تــۆی، لــێت دوورەوەکــرد، لــە ئامێــزی نارینــەوە هــەر بوویــتە ئــاو .... ئــاو و هیچـت لـێ نـەما و توایــتەوە .... بەیانــی ڕەشماڵەکــەی نارینــت کــۆ کــردەوە و بــۆ نــێو ئــەو مــەغارە بــردت وا بۆنــی دوعاکانــی نــیوە شــەوانتی هێشــتا پــێوە بــوو .... نـــارین جێگـــری ڕاز و نـــیاز و ویـــرد و پاڕانـــەوەی نیوەشـــەوانتی

گـرتەوە .... وریـای نـارین بـوویت و نـارین بـبوو بـە خێـزانت .... ئـەو خێـزانە وا کـەس هـەر بـە بوونـی بـیری نەدەکـردەوە و هەستیشـی پـێ نەدەکرد ....

ئیشـی خـۆت تـەواو دەکـەی و دەڕۆی .... لـەو جەهەنـنەمەدا، هێشـتا هـەر خەریکـی درووس کردنـی بـوو کـە قوڕیـنەی .... بـیرت نایـێ، هاتـیت و گـوتت لـە ناویـان ببە؟ ئـەی بـو هـەر پـەرەیان پـێ دەبەخشـی .... ئـەم دوو بـووکە، چـەندە جـوانن .... پـێم وایـە بـووکن .... دێمـە سەرسـەریان و تێدەکۆشـم ژیانـیان پـێ ببەخشـم فێـریان کـەم چـۆن نهێنـیەکەی شـێخ بپارێـزن .... بـەڵام ئـەو دووانـە لەوانـیتر ناچـن و لەگـەڵ ئەوانـیتـردا جـیاوازیان هەیـە .... ڕاوەسـتە بـزانم .... لـەم بـێ ئـاوی و برسـیەتی و قـڕانە و مـەرگ و مـیرەدا، ئـەم دوو بـووکەت بـۆ کـێ درووس کـردووە؟ .... ئەمانـە هـی کـێن؟ .... نـا .... ناکـرێ .... تێدەکۆشـم و دێـم و دەڕۆم و بـە هێواشـی و بـە تـوندی و بـە ئارامـی و بـە قـیژە و .... نـا .... ناکـرێ .... ئەتـۆ کـەی ئەمانـەت بینـیوە و مـن نـەم زانـیوە .... هـەی بـە لەحـنەت بـی هـەی .... ئەمانـە خـۆ قسـە حاڵـی نـابن و ڕەنگیانـیش گـۆڕدراوە .... نـەکا .... هـی ئـاوە

مەسمـــومەکەیە و لـــە قـــوڕەکە کـــاری کـــردووە .... ڕەنگـــە .... نـــازانم .... بـەڵام مـن هەسـت بـە مەترسـی دەکـەم شـێخ .... بابـە .... شـێخ .... لـە کوێـی بابـە ....لـە کامـە شـوێندای .... وەرە .... بـە نـیازی تـۆم .... نـەکا سـەر لـە نـوێ نوقمـی زەریـای تـوولە مـار و بێچـووە مشـکی و دیسـانەوە مـنت لـە بـیر کـردووەتەوە؟ .... وەرە کارەسـاتێ لـە ئارادایــە .... وشــەکان .... وشــەکانم .... ئــەو پیــتانە وا خــەریکم فێـریان دەکـەم .... ناچـنە مێشـکیانەوە .... ئـەوە چییە .... بـۆ لـە وشـەکانم حاڵـی نـابن ئـەم دووانـە .... هـەی چارە ڕەشـی هـەی .... وشــەکان وا ئــەبێ فێــریان کــەم بــۆ لای خــۆم هەڵدەگەڕێــنەوە .... دەوروبــەرم پــڕ دەبــێت لــە وشــە و پــیت .... هەمــوویان تــووڕەن .... وشـەکانم تـووڕە بـوونە .... تـووڕە و سـەرگەردان .... کـەس قبووڵیانـی نەکــردووە .... بــووکە قوڕیــنەکانت قبووڵــی ناکــەن .... هەســت بــە مەترسـی دەکـەم بابـە .... وشـەکانم تـووڕە و سـەرگەردانن و نـازانن لـە کــوێ ئــەبێ بنیشــنەوە .... ئــەم دوو ســەگبابە ئەوانــیان نــاوێ و لــە قســەی مــن تــێ ناگــەن .... لــە پــڕ، وشــەکان و پیــتەکان بــەرەو مــن هــوروژم دێــنن و دەلکێــنە مــنەوە .... مــن داگــیر دەکــەن .... هــاوار

.... نـا .... نـا .... وەكـوو زالـوو دەمـژن .... ئـەو وشـانە نـاڕون و لـە مـن نابـنەوە .... پـێم وایـە هـەر زیـادیش دەكـەن و دەزێـن و منداڵـیان دەبـێ ئـەو وشـانە .... شـێخ .... هـاوار هـەر زۆر دەبـنەوە .... زەرد و رەش و شـین .... وشـەی رەنگـی .... شـێخ .... شـێخ نـیە .... نـیە شـێخ .... دیسـانەوە نـەماوە شـێخ .... بـا ئەلوورێنـێت و مـن و وشـەكان لەگـەڵ خـۆ، دەبـات .... مـن و وشـەكانم دەفـڕین و ون دەبـین .... با .... ش ....

لـە پـڕ ماجـد خـۆی كـردە مەغارەكـەوە .... تفەنگیكـی پـێ بـوو .... لە پـڕ رەق بـوو و گـێژ و وڕ بـوو .... كاسـی كـرد ماجـد .... تـۆ لەگـەڵ ناریـندا، لـە كـن كـۆرپەكەتاندا، نانـتان دەخـوارد لـەو مـەغارە .... هەركـە ماجـد هـات، ئـیدی هیچـتان پـێ نەكـرا ....تەنـیا لـە ژێـر لچەوە گـوتت: مـافی ئـەوەت نـیە لای كـەس بیدركـێنی و ماجـد لەویـوە هـەڵات .... مـەغار و كـۆرپە و نـارینی جـوان، تـۆ و ماجـدی لـە یـەك نـزیك كـردەوە ....ماجـد نهێنـیەكەی تـۆی داپۆشـی و تـۆش دەسـەڵاتت پـێدا .... هیـزی زۆرت دا بـە ماجـد .... هـێدی، هـێدی ماجـد بـبوو بـە سـێبەری تـۆ .... خـەڵك زۆر لـە ئـەو دەترسـان و تـۆ هیچـت نەدەگـوت

.... هەر هیچت نەدەگوت و ئەو ببوو بە شێخێکی تایبەت لە بۆ عەشیرە ....هەموو شتێکی بۆ ڕێك کەوتبوو کەس بەرگری لە ئیشە خراپ و پیسەکانی ماجد نەدەکرد تۆ ببووی بە شوورای پشت سەری ماجد و ئەو پاڵی پێتەوە دەدا و هەندێ جاریش هەستت دەکرد زۆرت لێ دەکا تا تۆ بڕوخێنێ .... بەڵام نەیدەتوانی و هەندێ جار بێدەنگ دەبوو و تۆ دەتبینی و هیچت نەدەگوت لە بەر نارین .... لە بۆ خاتری کچەکەت .... خەڵك لەو بنەماڵەی کچەکەی تۆ، تێ بگەیشتایێ، بە تەواوی پشتیان لێت دەکرد و تۆ ئیدی نەتدەتوانی نەخشەکانت بەڕێوە ببەی .... نازانی شێخ، هەر نەتزانی کێ بوو وا هەواڵی مردنی نارینی پێت ڕاگەیاند ـ: ئەو قەیرە کچە فەلەیە مرد یا شێخ .... ـ: چۆن .... چۆن مرد .... ـ: شەوێکیان ئاوری زۆری بەرپاکردبوو ـ خۆی لە پڕ فڕێدایە نێوان ئاورەکە و یەکسەر سووتا .... ـ: کێ بینیویە .... کێ لەوێ بووە؟ .... ـ: هیچ، کەس نەیبینیووە و کەسیش لەوێ نەبووە .... هەر لە ڕاستیدا کەس بە چاوی خۆی نەیبینیوە .... بەڵام لە خەودا بینیویانە .... ـ: کێ کێ بینیویە ئەوخەوە؟ .... ـ: کەس نازانێ کێ لە سەرەتاوە ئەو خەونیە

بینـیوە، بـەڵام، ڕۆژی پـێش لـە مـردنەكەی، لـەو كوێسـتانە بـەڕەڵڵا بـووە و لـە مەغارێكـدا، ئاورێكـی گـەورەی هەڵكـردووەو، قەیـرە كچـی فەلـە، لـە پـڕ پەڕیـوەتە نـێوان ئاورەكـە و سـووتاوە و تاپـۆی قەیـرە كچـی فەلـە، لـە بـەر چـاوی خەڵكـی ئـەو دەڤـەرە سـڕاوەتەوەو هـیچ ئاسـەوارێكی لـێ نــەماوە و لــەو ســاوەوە خــەڵك نازانــێ بــۆ، بــەڵام، هەســتیان بــە سـەرگەردانی كـردووەو كـەس نـیە خۆیانـی پـێ ببەسـتنەوە و خۆیانـی پـێ هەڵواسـن و .... خەڵكـی ئـەو دەڤـەرە یەكسـەر ئـاوارە بـوونە .... نـارین مـردووەو خـەڵك پێیـان زانـیووە و تـۆش پـێت وا بـوو هـەر ئاگـاداری ئـەو هەواڵـە بوویـتە .... چـۆنكە ئـەو هەواڵـە هـەر كـاری لـێت نەكـرد و بـە ئەهەوەنـی وەرگـەڕایت و بـەرەو جانـتای بـووكە قوڕیـنەكانت ڕۆیشـتی ....

شـیلان هـەر لـە یەكـەمین ڕۆژی كارەسـاتەكەدا، زۆڵەكـەی سـۆمای لـە ئامێزگـرت و ڕۆیشـت، كـەس تاسـەی ئـەوی نەكـرد و لێـی نەپرسـی، ئـەویش هـەر نـەما .... ئەڵێـی هـیچ كـات لـەوێ نەبـووە .... هەركـە ڕۆیشـت، هـێدی، هـێدی، عەشـیرەكە تـێك چـوو، بـبوو بـە قوربانـی كارەسـاتی بلـۆرە ڕەشـەكانی كانـیاوەكە .... هەمـووان بـە شـوێنی ئـاودا

بـەرەڵا بـوون و سـەر سـوورهێنەریش ئـەوە بـوو، کـەس ئـەوە نەگەیشـتە مێشـکیەوە، بـۆ خـۆی لـەوێ بـڕوات و لـەو کارەسـاتە دوورەوە بـێت .... ئـەو خەڵکـە وەکـوو گوێـرەکە خـەریك بـوون دەمـردن و هـەر هێشـا چـاوەڕوانی قسـە و تەکـبیر بـوون لـە لایـەن تـۆ و شـێخەوە .... هەنـدێ جـار لای خـوت بـیرت دەکـردەوە .... ئـەوە بـۆ ئـەو گەوجانـە بـە قسـەی شـێخ دەکـەن و هـیچ هەڵوێسـتێکیان لـە خـووە نـیە خـو ئەگـەر هەمـوویان بەرانـبەر بـە شـێخ دابنیشـن و بمیـزن، خـۆ هـەر، شـێخ میـز ئەیـبات .... ئـەوە بـو وایـە .... وەڵامـت نەبـوو .... ئاخـر خوتـیش لـەو خەڵکـە بـوویت و نەتدەزانـی .... تـۆش سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەرۆکی عەشـیرەکەت بـوویت بـەڵام وەکـوو ئـەوان سـاویلکە بـوویت و لـە دەسـتەکانی شـێخدا وەکـوو بـووکە قوڕیـنە دەسـوڕایت و سـەمات دەکـرد .... ئەگیـنا سـەدان جـار و هـەزاران جـار تـأ ئێسـتاکە خـۆم ئەتمکوشـت .... تـۆ و خەڵکەکـەت تەنانـەت لـە شـیلان کـەمتر بـوون .... ئـەو خـۆی ڕزگـار کـرد، چـۆن لـە ئـێوە نەبـوو ....ئـەو .... ئـەو پـیرە سـەگەی نەخۆشەی، سووزمانیە، خۆی لە شێخ رزگار کرد، بەڵام تۆ.

لــە ســێهەمین ڕۆژدا گــوتت بــا بــڕۆینە شــوێنێ، ئــاو بێــنین .... نــا ....نابــێ .... ناکــرێ وا نابــێ ئــەو خەڵکــە دەمــرن .... گوناحــیان هەیــە .... بــە خــودا .... بــە خــۆت ســوێند دەخــۆم ئــاو نــیە .... لــەم دەڤــەرە ئــاو نــیە .... شــێخ هیچــی نەگــوت .... بانگــت لــە هــەر کــەس دەکــرد وەڵامــی نەدەدایــەوە، خــۆت بــەرەو جیــپەکان ڕۆیشــتی .... بەنــزینیان نەبــوو .... خــۆ هــار بــوویت، شــێت بــوویت .... ڕاســتی ڕۆژی چــەن جــار هــار دەبــوویت، یــان شــێت دەبــوویت؟ نەتدەزانــی .... ژمارەکەیشــی لــە دەســـتمدا نەمابـــوو .... بانگـــت لـــە هـــەر کـــەس دەکـــرد، وەڵامـــی نەدەدایــەوە ....خــۆت بــەرەو جیــپەکان ڕۆیشــتی، بەنــزینیان نەبــوو .... دەبــوویت بــە کــەر و دەتســەڕاند ....کــەس وەڵامێکــی نەبــوو، خــۆت بــەرەو جیــپەکان دەڕۆیشــتی، بــە نــزینیان نەبــوو .... دەبوویــتە ســەگ و دەوڕیـــت .... کـــەس نقـــەی نەدەکـــرد .... خـــۆت بـــەرەو جیـــپەکان دەڕۆیشـــتی .... بەنـــزینیان نەبـــوو ئـــەو جیـــپانە .... بـــە چ کـــەڵکێ دەهــاتن ئــەو جیــپانە .... هــەر هــیچ .... هــەر هــیچ .... لــە کــن یــەکێ لـــەو جیـــپانە کەوتیـــتە ســـەر زەویەکـــە و ئـــیدی تـــا کاتـــی کارەســـاتە مەزنەکە هەڵنەستایتە سەرخۆت ....

سـەرت سـووڕاند و .... لـە لای ئـاوە چـاو قـرژانگیەکەوە وا لـە تەنیشـتی ڕەشماڵەکانـدا تـێدەپەڕی، ئـارام .... ئەهـوەن .... ئەڵێـی گـوێ کـەڕە و دەنگـی ئـەو هـەرا و زەنـا و مەحشـەرە نابیسـێ و هـەر وا، بـێ پەلـە لـە تێپەڕیـندا بـوو، لاشـەی ئەسـپەکان و قاتـرەکان و مـەڕ و ماڵاتەکـەت بـینی، وا مـردارەوە بـبوون و کـەس خـۆی لـە سـەریان نەدەکوشـت و کفـری نەدەکـرد و بـێوە ژنێکیشـت تەنانـەت نەدەدۆزیـەوە تـا لـە سـەر یەکێکـیان تەنـیا دوو دڵـوپ فرمیسـك بوەرێـنێ .... ئەڵێـی ئەوانـە هـەر بـەرەڵا بـوونە و هـەر خاوەنـیان نەبـووە و بـوون و نەبوونـیان سـوودێکی بـۆ کـەس نەبـووە .... تەنانـەت جووجکەیەکـیش نەمابـوو .... مـردارەوە بـبوون، لـە نـێو هـیلکەکاندا مەسمـوم بـبوون، .... چـیت بکـردایێ بـاش بـوو؟ .... بـریا هێـزت بـبوایێ بچـوایی گوریسـێکت هەڵبخسـتایێ و سـەرێکت ببەسـتایەتە سـپەری جیـپەکەت و ئـەو سـەرەکەیت ببەسـتایەتە ملـتەوە و پاشـان خـۆتت بخسـتایەتە نـاو ئاوەکـەوە تـا دەمـردی .... یـان پێویستیشـی بـە گـوریس نەبـوو، خـۆ ئاوەکـە هـەر دەتـیخـنکاند .... ئـیدی گـوریس بـۆ چـی .... ئاهـا ....گوریسـت بـۆ ئـەوە بـوو بـا پـاش مردنـی تـۆ، ئـەو خەڵکانـە وا

دەهـاتن و ئـێوەیان لـەو دۆخـە دەربـاز دەکـرد و عـەشـیرەیان نـەجات دەدا، تـۆ دەربهێـنن و بـزانن کـە تـۆ لـە خولقاندنـی ئـەو بلـۆرە ڕەشـانە بەشـدار نەبوویـتە .... لـەو کارەسـاتە ئاگـادار نەبوویـتە و خۆتـیش هـەر قوربانـی ئـەو کارەسـاتە بوویـتە بـەڵام دیسـانەوە ئەوانـە خـەیاڵ بـوون و تـۆ تینوو و برسـی و بـێدەسـەڵات لـە کـن یـەکێ لـە جیـپەکاندا درێـژ ببوویـتەوە و لە جەســـتەی حەیـــوانەکانـــی عەشـــیرەکەت دەڕوانـــی و خـــەمت بـــویان دەخـــوارد » ڕەنگـــە گوریســـەکەت هـــەر لـــە جیـــبەکەت گـــرێ نەئـــەدا و دەتبەستە چیا ئاگرینەکانەوە ....

ئاخـر لـەو کاتـە کـە نـیگات لـە سـەر قاتـر و ئەسـبە مـردارەوەبووەکان هەڵگـرت، بـردت و خسـتتە سـەر چـیاکانەوە .... پاشـان ئـەو سـەرەکەی دیکەشـــت دەبەســـتە بلـــۆرە ڕەشـــەکانەوە و خۆتـــیش وەکـــوو ئارەشـــی کـەمانگیر، ناوەنـدی گوریسـەکەت دەگـرت و هـەر دەتکشـا و دەتکشـا .... وەکـوو ئارەشـی کـەمانگیرت لـێ دەهـات وا کەوانەکـەی کێشـا و پاشـان گیانـی خـۆی کـردە نـێو تیرەکەیـەوە .... تـۆش گیانـی خـۆتت دەخـزاندە نـێو گوریسـەکەوە و بلـۆرە ڕەشـەکانت هەڵدەتەکانـد و ئـەوانت بـە گوریســەکەوە لــە دەوری ســەرت دەســووڕاند و دەســووڕاند و پاشــان

فـڕیت دەدایــە نـێو كونـی مەزەنـی، كـێوە ئاگـرینەكانەوە، كێوەكانـیش زاریـــان بـــاش بـــاش ئـــاوەڵا دەكـــرد و لـــە چـــاوتروكانێكدا بلـــۆرە ڕەشـــەكانیان دەجـاوی و قووتـیان دەدا و قورقێنەیشـان لـێ دەدا و ئـیدی جەســتە بێگـیانەكەی تـۆ دەكەوتـە نـێو سەرچـاوكەی بـەرین و ڕووناكـی كانــیاوەكە و تــۆ لــەو كاتــەدا دەمــردیت و دەچــوویتە ژێــر ئاوەكــەوە و عەشـیرەكەت زیـندوو دەبـوونەوە و رزگـار دەبـوون لـەو دۆخـە سـامناكە و تـۆ هـەر لـەو ژێـرەوە ئـاوی خـاوێن و پـاك بـە سـەرتدا تێدەپەڕی و تۆ هەر مـرد بـوویت، بـەڵام مـەڕ و مـاڵات و حەیـوان و پشـیلە و سـەگ زیـندوو دەبـوونەوە و جـوجكەكـان پێسـتی هیلكەكانـیان دەتـروكاند و دەهاتـنە دەرێ و فێـری چـینە كـردن دەبـوون و تـۆ هـەر مـرد بـوویت و لـە پـڕ دو چـاوی مەزەنـی ڕوونـاك وەكـوو چـاوی قـرژانگ دەهـاتن و لـەو ژێـرەوە بـەرەو سـەر بەرزتـیان دەكـردەوە و تـۆیان دەخسـتە سـەر ئاوەكـەوە .... خەڵكـی عەشـیرە تـۆیان دەدی و لـە ئاوەكـە دەتـیان گـرتەوە و پاشـان زاریـان دەنایـە سـەر ئاوەكـەوە و بـە قەدچـوار ڕۆژ ئاویـان هەڵدەلووشـی و ئەوەنـدەیان دەخـواردەوە و هـەر دەخـواردەوە، .... ڕەنگـە كانـیاوەكە و شـكی بكـردبایێ بـەڵام تـا ئـەو دوو چـاوە قـرژانگیە لـەو ئـاوە دایـە، ئـاو

وشـكایی هەڵناگرێت و هـەر زۆریـش دەکـات و بـەڵام ئەوانـە خـەیاڵ بـوون خـەیاڵ .... خـەڵك هـەر تیـنوو بـوون وشـێتانە لـە ئـاو دەگـەڕان .... شـێرۆ خـۆی خـزاندە لات و لـە گوێـتدا چـپاندی ئیـزنیان بـدە .... بـا بـیکەن .... گوناحـی چـی و گـووی چـی .... چـاوەکانت نـووقاند واتـە باشـە .... ئیــزنیان دەدەم .... ئــاوران لــە چــاوتروکانێکدا هەڵكــران .... تاریکـی داهاتـبوو .... وەکـوو ئاورەکانـی نـارین .... گەڵـێ مـەزن بـوون ئـەو ئاورانـە .... خـەڵك لـە دەوریدا کـۆ بـبوونەوە ، سـەیریانت دەکـرد خەڵكـی تیـنوو و برسـی لـە تـینی ئاورەکـە گیانـیان تێکـەوت، خـەڵك لـە ئـاور کـۆ بـوونەوە .... دایەگـەورە، لاواز و چـرچ، چـەقۆی لـە ملـی گەرۆیشـك نـا و ملـی قـرتاند .... خوێـنەکەی پـرژایە نـێو تەشـتەکەوە و ئـەو بـە پەلـە قامكـی لـە خوێـنەکە کـرد ولـەزاری منداڵێکـی نـا .... مـنداڵەکە قامكـی ئـەوی مـژی، دایکـەکان لـە خوێـنەکە هاتـنە پێشـەوە و پـیاوەکان و مـنداڵەکان لـە تەشـتەکە نـزیکتر بـبوونەوە و لـە پـڕ سـەدان قامـك لـە خـوێنی کەروێشـكدا ڕۆچـوو .... دەنگـی زیقەیـێك هـات، خـەڵك بـەرە و دەنگەکـە ئـاوریدا، پـیاوێك مشـكێکی قەڵـەوی سـەربڕی و خوێـنەکەی پـرژایە نـێو دەفرێکـی

گەورەوە .... چەن کەس بەرەو مشك و خوێن ڕۆیشتن، لە لاییێکی دیکەوە حەیوانێکی دیکەیان کوشت، تا بەیانی خەڵك حەیوانە وەحشیەکانیان دەگرت، دەیان کوشت و خوێنەکەیان دەمژی و گۆشتەکەیان دەبرژاند .... پاش چەن ڕۆژ ئیدی بێسانەکانیش وشکەوە بوون و میوە و خواردەمەنیەکانیتریش وشك هەڵگەڕان و ئیدی هیچ حەیوانیکیش لەوێ تێنەپەڕی تا خەڵك بیانگرن و خوێنەکەیان بمژن .... پێنج ڕۆژ دەبوو خەڵك تامی ئاوی نەکرد بوو خۆی بە ریشەی گیا و ئاوی تەماتە و شوتی و لە ئاکامیشدا خوێنی حەیوانەکان، ڕاگرتبوو .... نازانم ئەو خەڵکە بۆ وای دەکرد .... کاری من نەبوو .... من لەم دوایانەدا فرم بەشێخەوە نەبوو .... خۆی دایدەبڕی و خۆیشی دەیدووراند .... بریا هەر لە سەرەتاوە نەدەمامەوە و دەڕۆیشتم .... بەڵام گریانەکانی، ئاگرەکەی جەرگی، ئەوانە نەیانهێشت بە جێی بهێڵم .... ئەم خەڵکە لەڕاستیدا سیحر کرا بوون و هەڵویستیان لە خۆیان بڕی بوو و بێ وچان لە خزمەتی شێخدا بوون، شێخ گوتبووی نابێ ئەم دەڤەرە چۆڵ بکەن سەرەڕای بێ ئاوی و بێ نانی، ئەوانیش قبووڵیان کرد و تەنانەت پرسیارێکشیان

نەکــرد و ملــیان شــۆڕەوە کــرد و گوتــیان ئــێمە عەبــدی تــۆین یــا شێخ ....

ئــیدی شــێخ فێــر بــبوو، هــەر خــۆی بپەرەســتێ .... شــێخ بــە تەنیایــی ئێشــی دەکــرد و ئاکامــی ئــەم خەڵکــەی بــەرە و ئێــرە هێــنا بــوو و مــنی بــەردا بــوو شــێخ .... وەکــوو بــراکەی وا بــەری دا و هێــز و دەســەڵاتی لــێ ســەندەوە و بــە جێــی هێشــت، ناتوانــی .... ناتوانــی هێــز و دەســەڵات لــە مــن وەربگــری، چــۆن ئــەو دەســەڵاتە هــی تــۆ نەبــووە .... هــی خــۆم بووە، ئەمــە مــن بــووم وا هێــز و دەســەڵاتم بەخشــی بــە تــۆ .... مــن تــۆم نەمــر کرد .... من فێری تۆم کرد چی بکەی و چی بڵێی ....

ئێســتاکە لــە کــنی ئــەو دارە راکشــاوی و لــە ئامێــزی دەگــری؟ .... لــەم مەحشــەرەدا؟ .... لــەم قــات و قــڕیەدا؟ .... ئــیدی مــن نابــینی .... مــن ئــیدی بــۆ تــۆ تــەواوم .... تــەواوم دەمــێکە .... لــەو کاتــەوە وا نەمتوانــی ئــەو دووبــووکە قوڕیــنە ڕام بکــەم و فێــری وشــە و پیتەکانــیان بکــەم .... لــەو کاتــەوە لــە نــێوان مــن و تــۆدا شــتێ ڕووی دا .... شــتێکی هەرەمــەزن .... ئــەو شــتە، نــێوان مــن و تــۆی کــون کــرد .... شــەقار شــەقاری کــرد نــێوانمان و تــەواو دۆســتایەتی و گــەرما و

خۆشەویستیەکەمان لەو کونەوە چۆڕەی کردە خوارەوە و ئیدی هیچی لێ نەما .... حورمەتی نێوانمانیش لە دەس دەرچوو تۆ خاینی خاین .... تۆ منت لە بیر کردەوەو خۆت بە تەنیایی خەریکی ئەم خەڵکەی

ئێستا کە لە ئامێز ناریندا .... نارینە پەلکە شۆڕەکەتدا، ڕاتکشاوە و لە دونیای شەهوەتی دیل کراوی هەزاران ساڵە نوقم بوویتە و لە بیری خۆتت کردووە چ مەحشەرێ بەر پایە و نارین ئیدی گەنج نیە و پەلکەکانی شۆڕ نین و تەنانەت وەکوو دایەگەورەش هیچ جوانیەکی پێوە نەماوە و ئامێزیشی سووتاوە و هەر یەکسەر جەستەی سووتاوە و نارینەکەت پەکەی کەوتووە و .... ئای دایە .... دایە پیرەکەم ئەتۆ چیت پێوەماوە پێشکەشی بابە شێخەکەی منی بکەی .... جگە لە پەرۆشی و ترس و خەم و چارە ڕەشی .... بەڵام تۆ، تۆ نارینی ئەو سەردەمانەت لە ئامێز گرتووە .... نارینی ژێر ئەودارە زەیتوونە وا لە یەکەمین شەوی شەهوەت و ئەویندا، دین و یاسای پێتەوە نەهێشت، تۆ ئەو نارینەت لە ئامێز گرتووە و چاوانت ئاوەڵا ناکەی تا حەقیقەتی نارینی سووتاو ببینی .... ئاوەڵای بکە ئەو چاوانە با بزانی چ ڕووداوێ لە ئارادایە .... زەمەنی نارین و تۆ

تێپەڕیووە .... ئێستا کە ئاوی عەشیرە سیحر کراوەکەت مەسموومە و خەڵکەکەت خەریکی خوێن خواردنەون لە جیاتی ئاو .... عەشیرەکەت خەریکە لە ناو بچێ .... چاوەکانت ئاوەڵا بکە شێخ .... شێخ .... نارین .... نارین .... تۆ، شتێکی لۆ بێژە .... تۆ .... بەڵام نارینی سووتاو، دەمێکە مردووە و هیچ نابیسێ .... هەر هیچ نابیسێ .... سوودێکی نییە، تۆ چاوەکانت ئاوەڵا ناکەی .... منت هەر ناوێ .... منت لە بیر بردووە تەوە .... هاوماڵەکانی من باڵایان کردووە و قەڵەویش بوونە .... جوان بوونە، بەڵام من .... **من چی** .... ئەمە منم وا بە تەنیا، گچکە و سپی ماومەتەوە .... کوڕان و کچانی عەشیرەکەمان باڵایان کردووە و ڕەنگیان گۆڕاوە و ژنیان هێناوە و مێردیان کردووە، بەڵام من .... من هێشتا لە دۆخی بێچوە مشك و تووولەمارەکەدا ماومەتەوە .... من هێشتا گرفتی ئەو کاتەم بۆ چارەسەر نەکراوە .... تۆ خەتاباری، تۆ .... ئەو ترسە ناهێڵێ من گەورە ببم .... ناهێڵێ و کەسیش نییە یارمەتی من بدات .... تۆ .... تۆیش هەر ناتوانی یارمەتی من بدەی .... نارین .... نارین؟ .... نارین دەمێکە مردووە بۆ من

.... بەلام تۆ .... تۆ چی .... تۆ خۆ هێشتا زیندوو بووی .... زیندووی بۆ من .... من لە گەڵتدا بووم و بۆ یەکجاریش لە خۆت پرسیارت نەکرد .... ئەتۆ کچەکەم بۆ بالا ناکەی .... بۆ ناگەشێتەوە .... بۆ گوشت ناگری .... بۆ جیاوازیت هەیە لە گەڵ هاومالەکانتدا .... تۆ پیسی .... پیس .... تۆ چەپەڵی .... پووچەڵی .... پووچەڵ .... تۆ .... تۆ .... تۆ ناهێڵی من گەورە ببم .... تۆ ناهێڵی و ئێستاکە لە ئامێزی سووتاوی ناریندا خەوتووی و من نابینی .... من لە کن تۆدام .... چۆن من نابینی .... من لێرەم .... لە کن پێخەفەکەدا دانیشتووم و سەیری قاچ و قولی رووتی هەردووکتان دەکەم .... سەیری پێستە زەردو لاواز و داچۆڕاوەکەی تۆ و قاچ و قولی سووتاوی نارین دەکەم .... سەیری جەستەی هەزاران سالەتان دەکەم .... من ببینە .... من .... من خودای تۆم .... خودا .... بەندە خۆ خوداکەی لە بیر ناکاتەوە ....من لە بیر مەبەرەوە یا شێخ .... من خودام، نە تۆ .... من لە بیری خۆت .... با .... هەڵدە .... کات .... با دەمبا

.... یــا شــێخ .... یــا .... شــێ .... مــن .... خ .... و ....
دا .... م

تـۆش زۆرت حـەز لـی بـوو تامـی ئـەو خوێـنە بکـەی .... بـەڵام نـا ....
نەتدەتوانـی .... بەیانـی بـە دەنگـی گـریان و پیرانـی منداڵـێك بـە خەبـەر
بوویـــتەوە .... دایکەکـــەی بـــە زۆر خـــوێنی دەرژانـــدە نـــێو زاری و
مـــنداڵەکە نەیدەخـــوارد و پیرانـــی کـــردبوو و دایکەکـــەی وەکـــوو شـــێت لـــێ
بەربـــبوو .... ســـەیری دەم و ســـەر و چـــاوی خەڵکەکـــەتت کـــرد، پیســـایی
و خـوێن، پـاك لـە کاریانـی خسـتبوو .... کەسـت بـە دووی شـێخدا نـارد،
نەبـــوو ....هـــەر نەبـــوو و نەمابـــوو، ئەڵـــێ هیچـــکات نەبـــووە ....
هلـیکوپترەکانـی دەوڵـەت لـە سەرسـەرتانەوە لـە سـووڕاندا بـوون و کـەس
هێــزی تەقــەی نەبــوو لێــیان .... خــۆتت بــەرەو کلاشــەکەت خــزاند و
هــەڵت گــرت، بــەڵام کــوانێ هێــز؟ .... چــۆن ئــەو کلاشــە بتەقــێنی ....
نەتتوانــی و ئــەوان ڕۆیشــتن و دڵــۆپە فرمیســکێ لــە چــاوت تکایــە ســەر
کلاشــەکەت .... شــێرۆ هــات و لــە گوێــتدا چــپاندی .... نەڕانــدت و
هەســتایتە ســەر خــۆ .... خودایــێ .... بــەرە و ســەرکانی هەڵاتــی ....
دەکــەس بــوون .... دوو بــنەماڵە پــێکەوە ســەریان کەوتــبووە نــێوان

ئاوەکـەوە و هـەر وا لەکاتـی خـواردنەودا مـرد بـوون .... بـە چـەرمە سـەرێ مـردووەکانتان کشـایە، ژێـر دارە زەیـتوونەکەوە و شـڕ و پـڕەکانیانتان کێشـا بـە سـەریاندا .... کـوا هێـز و تـوانای گـۆڕ کەنـدن .... تـا ئـێوارە خـەڵك لـە جـڕ و جانـەوەر گـەڕان، نەبـوون .... یـان ئەگـەر بـبوایێ لـە ترسـی خەڵکـدا، هـیچ جانـەوەرێك نەیدەوێـرا بێـتە ئـەو دەڤـەرەوە .... تەنانـەت مشـك و مـاریش لـەوێ هەڵهاتـبوون .... گـیایش نەمابـوو لـەڕەگ و ریشـە دەریـان نەهێـنابێ و هەڵـیان نەمـژی بـێ .... سـەیر بـوو .... دەشـتێکی زۆر سـەیری لـێ دەرهاتـبوو .... تـا چـاو هەتـەری دەکـرد، کـون کـون بـبوو و وەکـوو جەرگـی زلـێخا هەپـرون، هەپـرون بـبووەوە .... تەنـیا دارە زەیـتوونەکە بـە سـاغ دەرچـوو بـوو .... تـۆ هـەر بـیرت نەدەکـردەوە، تەنانـەت بـۆ سـاتێکیش، نەگەیشـتە مێشـکت ئـاوا بکـەی .... چ بکـەی .... وا بکـەی کـە .... ئـەو دارە لـە ریشـە دەربهـێنی و هـەر تاڵـێ لـە ریشـەکەی لـە زاری کەسـێ بنێـی و خـەڵك لـە تینوویەتـی ڕزگـار بکـەی .... عەشـیرە تێـر ئـاو بکـەی و پاشـان لـەوێ کۆچـیان بـدەی، بـەڵام کـوانێ زات .... کـوا دەسـەڵات .... کـوا دڵ .... خـۆ شـێخ هـەر بـە سـیحر و جـادوو دەتانـی کـردە بووکـی

قوڕینەوە .... ئەی سەرت بخوا ئەو قوڕانە هەی .... با هەڵی کرد بوو و خاك و خۆڵ هەوای ئاخنی بوو، ئەو خەڵکە، تینوو تر و بێهێزتر دەبوونەوە .... دەم و پلی شەقار شەقار .... زمانی پڕ لە زام و ئەو بایشە کونی کەپۆ و چاو و گوێیانی لە خاك و خۆل ئاخنی بوو .... با هەڵی کرد شڕ و پڕەکانی سەر مردووەکانی لا دا .... هەستایتە سەر خۆت، بەلارە لار و لەرزە لەرز ڕۆیشتیتە سەریانەوە، هێزی ڕاوەستانت پێ نەبوو .... باکەش ویستی لێت بڕی بوو .... ڕۆیشتی تا بە کەل و پەلەکان، مردووەکانت داپۆشی .... خۆتت کێشایە پێشەوە .... گەیشتیتە سەر سەری مردووەکانت .... سەر و سیما و جەستەیان لە مەترسی خاك و خۆڵ بە دوور ما بوون .... با هەر تازە شڕ و پڕەکانی لە سەریان لا برد بوو .... سەیری مردووەکانت کرد .... یەکسەر گۆڕدرا بوون .... ترسای .... زۆر .... زۆر ترسای .... وەکوو حەیوانیان لێ هاتبوو .... سم و تووکیان دەرهێنا بوو .... ویستت بەشتێ بیانپۆشێنی ....

نەکا کەس لەو نهێنییە تێ بگەیێ .... بەلام هیچ نەبوو .... با هەمووشتی لەگەڵ خۆ برد بوو .... سووڕایتەوە و سەیری

خەڵکەکەت کرد، بە ترسەوە سەیریانت کرد و باش تێگەیشتی ئەو هەژارانە زۆر لەوە بێهێزترن وا لەو نهێنیە تێ بگەن .... بابەگەورە .... بابەگەورە .... خەریکی چیت .... باوان و ماڵباتمان بە بادەدەی خۆ .... خاپوورمان دەکەی ئاوا .... بابەگەورە چاو زەنگیانەکەم، هۆزەکەمان کۆ کەرەوە و بیان بە لەم دەڤەرە شوومە .... دووریان کەرەوە لەم دارە شوومە .... ئاخر بۆ لێرە ناڕۆی .... بۆ لەم دارە سووتێنەرە کۆ ببوونەتەوە .... بەڵام مەخابن .... مەخابن تۆ قسەکانی من نابیسی .... بەرەو شوێنەکەت ڕۆیشتی و مردووەکانت وەکوو خۆیان بە جێ هێشت و لەوە تێفکریت کە ئایا بەیانی دەبینی؟ ....

گۆڕستانەکەت چەندە زوو پڕ بوەتەوە .... مەزن بووە ئەو گۆڕستانە .... ڕەنگە ئەگەر دەساڵیش لەوێ ببوایی ئەوەندە مردووت کۆ نەکردایەتەوە .... بەڵام لەو دوو مانگە چیت کردبوو بابەگەورە .... زۆرتر لە دە ڕۆژ بە ساڵی نوێی فەلەکان نەمابوو .... لە کاتی هاتندا، فەلەکان وریاتانیان کردەوە لەو دارە .... بەڵام تۆ و شێخ گوێتان بۆ قسەی کەس شل نەدەکرد .... ئەلیاس گوتی: ئەو دارە لە

نزیکی تازە بوونی سالّی فلەکانەوە، پێست دەخات .... وەکوو مار کاژ دەخات .... ڕوالّەت دەگۆڕێ ئەم دارە .... بەلاّم کەس بە باشی باسی خوێنەکەی نەکرد .... خۆتیش دەتزانی و بایخت بەو قسانە نەدەدا .... ئاخۆ چیت بکردایێ باش بوو ....

خەونت دەدی .... خەونی ئەو دیمەنە سامناکە .... خەون .... خەون .... خەونت دەدی با هەلّی کرد بوو .... بای سەرسووڕهێنەر ئیسك و پرووسکی عەشیرە سەرگەردانەکەتی تێکدا و شڕ و پڕی سەر ئەو .... سەیرت کرد .... ئەوانە خۆ مرد بوون .... هی چی بوو وایان لێ هاتبوو .... تۆ .... تۆ بووی .... تۆ .... تۆ کردت .... ئاوی مەسمومت دەرخواردیان دا .... بە هەر کامەیان یەك کووپە .... نەیانەدە خوارد .... سەریان وەردەگێڕا و نەیانەدە خوارد تۆ .... تۆش .... سواری بەلەمێ بوویت و ڕۆیشتیتە ناوەندی کانیاوە مەزنەکە و کوپەیەك ئاوت خواردەوەو ئەو دە کەسەت لە خۆ کۆ کردبوو .... ئەوان سەیری تۆیان دەکرد و بڕوایان پێت نەبوو .... زانیبویان ئەو کاتە وا کووپە ئاوەکەت لە کانیاوەکە پڕ کرد بە دزیەوە لە گەلّ کوپە ئاوێکی تر وا پێشتر ئامادەت کرد بوو، گوڕات

و ئـاوی کانـیاوەکەت هـەر نەخـوارد بـوو .... تـۆ ئـەو دە کەسـەت فـریودا و ئـەوان بـە تـۆیان زانـی، بـەڵام زاتـیان نەکـرد لـە تـۆی بدرکێـنن .... تـۆش بـە زۆر، هـەر بـە زۆر یـەکێ چـەن کـوپە ئـاوت لـە زاریـان ڕژانـد .... ئەوانـیش کەفـیان هـەڵهاورد و مـردن و لـە چـاو تـروکانێکدا کـوڵك و مـــوویان هەڵهێـــنا و سمـــیان دەرهـــاورد و جەســـتەیان مووچـــایەوە و چـــاویان دەرپۆقـــی و پـــاش هەڵکردنـــی «بـــا» کـــە، کـــە ڕۆیشـــتیتە ســەریانەوە، چــاویان کــردەوە و بــە جەســتە ســامناکەکەیانەوە بــەرە تــۆ هورووژمـــیان هێـــنا .... هـــاتن .... هـــاتن .... هـــاتن کـــە لـــە ئـــاوی کانـــیاوی ژەهـــراوی لـــە زارت بـــڕژێنن .... ئـــاوی مـــردوو .... ئـــاوی تیســـك دەرهێـــنەر .... ئـــاوی ســـم دەرهێـــنەر .... ئـــاوی خولقێـــنەری حەیوانـــیەت .... ئـــاوی کوشـــندە .... بـــەس کوشـــندە .... زۆر مـــەرگ هێنەر ....

بـاش بـوو، هەمـووی خـەون بـوو .... خـەون .... هەناسـەت لـێ بـڕا بوو، بـەڵام ئەهـوەن بوویـتەوە کاتـێ وریـا بوویـتەوە و زانـیت ئەوانـە خـەون بـوونە .... خـەون .... کەسـێ بـانگتی کـرد .... چـاوەکانت کـردەوە .... ڕوومەتـی چرچـی دایەگـەورەت بـینی ....لێوەکانـی تـەڕ بـوون ....

هەركــە تەڕایــی لچــەكانی دایەگــەورەت بــینی، بــە خــودا پــێت وا بــوو هەمــووی خــەون بــووە .... خــەون .... خــەونت دەدەی هــا .... بــەڵام نــا .... بــە خــودا ڕاســت بــوو .... چــۆن زانــیت؟ ئــەرێ بــە ڕوومەتــە چرچــەكەی ئــەو، بــە ڕواڵەتــە ســەد ســاڵەكەی ئــەو ئافــرەتە چــل ســاڵانە .... بــەوە زانــیت هەمــووی حەقیقەتــی تــەواو بــووە .... بەیانــیت بــینی لــە كاتــێكدا دایەگــەورە ئاوێــتەی بــبوو و لــە هــەمان كاتــدا ســوێندت خــوارد هەمــوویان .... هــەر ئــەو ڕۆ .... هەمــوویان كۆبكەیــتەوە و كۆچــیان بــدەی .... لــە گــەورە و بچــووك لــە پــیر و گــەنج لــە جــوان و ناحــەز .... هەمــوویان و هەمــوویان لــەوێ كــۆچ بــدەی و بیانبەیــتە ئــەو شــوێنەوا ئــیدی هــیچ دارە زەیتوونێكــی تــێدا نــیە تــا هەمــوو ســاڵێ جارێ خــوێنی لاّ بوەشــێتەوە .... ئاوەكەشــی كــەس مەسمووــی نــەكات و هــیچ شێخێكیشــی تــێدا نــەبێ تــا یاســاكانی بگــۆڕێ .... ئەگــەر شــێخ یاســاكانی نەدەگــۆڕا .... ئەگــەر ئــەو هەمــوو عەبــد و مــوریدەی بــۆ خــۆی كــۆ نەدەكــردەوە .... ئەگــەر ئــەو كــوڕو كچــانەی بــە بــڕە شــیعرێك بــۆ یــەك حــەڵاڵ نەكــرد بایــێ .... ئەگــەر حكــومەت لێتانــی هەڵنەدابایێ .... ئــای .... چــەندە مانــدووی .... بــۆ بــە تەنــیا ماویــتەوە .... تــۆ و

كۆمەڵێك پیاوی ماندوو و بێ هێز و دەسەڵات .... دەستت كێشایە سەر شاڵەكەت .... نەكا ڕۆحی پشتیوانی عەشیرەكەت هەرەسی هێناوە .... نەكا شكا بێ .... نەكا داكەوتبێ .... ئای .... دەبوا بتزانیابێ چ قەوماوە بۆ بەختەوەری سەری لە هەمووتان وەرگێڕاوە؟ .... تۆ نەمری عەشیرەكەت بوویت .... ئەی ئەو مندالآنە چی .... ئەو مندالآنە وا سروودەكانی تۆیان دەخوێندەوە و تۆیان لە بەر كردبوو چی .... ئەوان چییان بە سەردا هاتبوو .... ئەو هەموو شیعرە .... سروودەكان .... داخی هەموویان وەختە بوو بتكوژێ .... واتە درۆبوون ئەوانە؟ .... درۆ؟ .... ئای بابەگەورە نوقمی چ زەریاییێكی خەمبار ببوویت تۆ .... واز لە خۆت بێنە .... ئەو پرسیارانە چییە وا لە خۆتی دەكەی .... ئەبێ بێ بڕوایی بخەیتە سووچێكەوە .... بڕوا بكە .... بڕوا .... نا .... نا .... دەستت كێشایە سەر شاڵەكەتەوە .... دەسماڵە ڕەشەكەت هێنایە دەرێ .... گرێكەت كردەوە .... ئەو دەنگانە چی بوون وا بیستت .... ڕەنگە هەمووی خەون بێ .... خەیاڵ بێ .... دەبیسی كە خەڵك بە ئۆف و ئۆخەوە خەریكی ئاو خواردنن .... ئاویان دەخوارد و تۆ دەرقەیدی

نەبووی و تەواو بیرو هۆشت لای ئەو دەسماڵە رەشە بوو و بە گوێی خۆت بیستت وا پیرە پیاوێ گوتی: ئۆخەی .... زەلاڵەوە بووم .... سوێندەکەت لە بیر بردەوە .... ئەو سوێندە وا بۆ شێخت خوارد بوو .... ژنێ هاواری کرد گۆزەکەش پڕ کە .... شێخ وتی مافی ئەوەت نیە بیکەیتەوە و سەیری بکەی .... بەلام تۆ گرێکەت کردەوە .... ژنێ گوتی وەختە بتلێشم یا غەوز، وەرن لەم ئاوە دوورم خەنەوە .... پەیکەرێك بوو .... پەیکەری کچێکی منداڵ کار دە یان دوازدە ساڵ .... منداڵێ زیراندی: ئەخۆمەوە .... تۆ بە خودایی دایە .... ئەخۆمەوە .... دەتزانی شێخ بۆ هەموان بووکەقوڕینەییێکی درووس کردووە، دەقاو دەقی خۆی .... بەلام هینەکەی تۆ .... تەواو جەستەت دەهەژا .... پیاوێ گوتی .... بخۆن .... بخۆن .... بە گونانمانەوە .... چیمان بە سەردێ، با بێ .... بووکەکە لە چێو درووس ببوو .... هەرچی بیرت دەکردەوە ئەو ڕوومەتە تەماویەت لە کوێدا بینیوە، نەدەچوویتە سەری .... ژنێ گوتی بەستەزمان ئەلێی ماسیە ....هەرتێر ناخوا .... بۆ شێخ وای لێت کرد بوو .... رەنگە بە هەلەدا چووە و بووکی کەسێکی دیکەی بۆ تۆ داناوە .... بەلام نا

.... هەڵــە هەربــەلای شــێخەوە نەدەچــوو .... شــێخ کچــێکی درووس کــردبوو بــە ڕواڵــەت ئاشــنا، کاتــێك لــە نــێوان دارێکــەوە دەهاتــە دەرێ .... کچــێ بــە شــەرمەوە گوتــی: دایــە قوونیشــم لــەو ئــاوە بشــۆم؟ پــیاوێ هــاواری کــرد: لــەو خــوارەوە بیشــۆ .... لــەو خــوارەوە خــۆتان بشــۆن بــا ئاوەکــە پــیس نــەبێ .... کچــەکە وەکــوو دار لــق و پۆپــی بــوو .... لــە داریــش درووس کــرا بــوو، بــەڵام لــە واقــیعدا وێــنەی کچــێك بــوو وا لــە زگــی دارێکــەوە دەر دەهــات .... ژنــێ بــە گاڵــتەوە گوتــی: ئــەی بــۆ هیچــمان لــێ نــەهات؟ .... خــودا کوێــرتان کــا هــەی ....تــۆ تــەواو ئــەو ســاڵانە وێــنەی دارێــك و کچــێکت لــە شــاڵەکەت شــارد بــووەوە .... تــووڕە بــوویت .... چــاوەکانت نــووقاند .... ناتوانــی .... مافــت نــیە .... ڕووی قســەکانی کــچ لــە شــێخ بــوو، بــەڵام شــێخ وەرگــەڕا و ڕۆیشــت و ڕۆیشــت، دەنگــی کچــەکە وا دەیقــیژاند: تــۆمافی ئــەوەت نــیە .... مافــت نــیە، لــە گوێــتدا بــوو، ئــەو کاتــە وا دیســانەوە چــاوەکانت کــردەوە .... دایەگــەورە وەکــوو خــۆی مابــووە و بــەڕووی تــۆدا نووشــتبوەوە و لێوەکانــی تەڕبــوون و بــریقە کەوتــبووە چــاوەکانیەوە .... دایەگــەورە بــە لــێوە تەڕەکانــی ســەیری تــۆی دەکــرد نــە بــە چــاو .... هــەر تەنــیا

لێوەکانــی بــوو وا لــە تــۆدا ڕامابــوون: ئــاو بخــۆ حــەیاتم .... لچــت بــنێ ئێــرەوە .... ئــا .... گــۆزەکەی لــەزارت نــزیك کــردەوە: هەمــوومان خــواردوومانە تــۆش بخــۆ .... چــی دەبــێ بــا بــبێ حــەیاتم .... ســەرت ســووڕاند .... هێــزی قســەت بــۆ نەمابــوو .... تەنــیا چــاوە بــریقەدارەکانت و گوێــیەکانت بــە هێــزبوون .... شــێرۆ دەســتی خســتە ژێــر ســەرتەوەو ناڵانــدی: دوێــنێ شــەو شــێخ ڕۆیشــتووە .... بــە تەنــیا لەگــەڵ ئــەو کــوڕ و کچــە غەریــبانە وا بــبوون بــە مــوریدی و دەســتەیێك لــە مــنداڵە سرودخوێنەکانیشــی بــردووە .... کــەس نازانــی بــەرە و کــوێ .... بــەڵام دیاریــان نــیە و کــەس هەواڵیانــی نــیە .... زارتــی لکانــدە گــۆزەکەوە شــێرۆ .... بۆنــی گــۆزەڵەی تــەڕ، کەپۆتــی ئــاخنی و دەنگــی دایەگــــەورەت بیســــت: بخــــۆ حــــەیاتم .... بخــــۆ .... هەمــــوومان خــواردوومانە .... تــۆش بخــۆ .... نەتخــوارد .... ئاوەکــە ڕژایــە ســەر چــناکە و ملــتەوە .... چــاوەکانت نــووقاند .... کچــە کــە دەیقــیژاند: تــۆ مافــت نــیە و پاشــان کەوتــە ســەر زەویەکــەوە و دای لــە پــرمەی گــریان .... بــووکە قوڕیــنەکان هــاتن و قامچــیەکانیان فــڕێ دایــە سووچــێکەدە و لــە پشــت ســەری ئــەودا، پــێکەوە دایــان لــە پــرمەی گــریان ....

دایەگەورە خەریك بوو بمرێ .... گوللەیێك دابووی لە پەراسووی و کونی کردبوو .... دایەگەورە نالاندی: کامە ئەستێرەت دەوێ حەیاتم بۆتی بچنم .... دایەگەورە ببوو بە ئاوێنەییێکی ڕووناك و تەڕ لە دەستەکانی تۆدا .... دەنگی گریانی کچ و بووکەکان بڕایەوە و ئاوێنەکە لە دەستت داکەوت و ورد و خاش بوو و تۆ تێ گەیشتی دایەگەورە مردووە .... بە تەواوی مردووە .... فرمێسك نیشتە نێو چاوانتەوە و چاوت کردەوە و ڕوومەتە چرچەکەی دایەگەورەت بینی وا بە بزەوە دیگوت: بخۆ .... دەی تۆش بخۆ .... دەبێ بخۆی .... ئەگینا دەمری .... چاوانت گێڕا .... خەڵك خەریکی ئاو خواردن بوون و هێدی، هێدی خەریك بوون سم دەربێنن .... سەیری دایەگەورەت کرد، تووکی دەرهێنابوو و هەستی پێ نەدەکرد .... شێخ هەمووتانی بە جێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوو و خەڵك لە ئاوەکەی خواردبوو و تۆ خەریك بوو دەمردی .... دەستی دایەگەورەت گرت: خەلاسم کە .... تەواوم کە .... تۆ بە خودایێ .... دایە گەورە قسەکانی تۆی نەدەبیست و هەر تێدەکۆشا گۆزەکەی بلکێنێتە لچتەوە .... و بە لچە تەڕەکانی لە تۆدا ڕامابوو .... بەهەر جۆرێ

بــوو هەســتایتە ســەرخۆ .... بەلــەرزە لــەرز هەســتایت .... گــۆزەکە داکــەوت و ورد و خــاش بــبوو .... ئاوەکــە ڕژایــە ســەرداوێنی دایەگــەورە و شــێرۆ پــەلاماری بــۆ تــۆدا .... دەســتت پێــیەوە نــا و چــنگت کــوتا بــۆ کلاشــــینکۆفەکەت و لەچــاوتروکانێکدا بـــە ڕەهـــێڵەی فیشـــەك لێـــیان بەربــووی .... لــە هەمــوویان .... وەکــوو دار داڕووخانــە ســەر زەویەکــەو گوڵلەیــێك پەراســووی دایەگــەورەی کــون کــرد و ورد و درشــت داڕووخانــە ســەر زەویــن و هەمــوویانت کوشــت .... هەمــوویانت کوشــت .... تــۆ کوشــتت .... ژن و مێــرد و مــندالّت کوشــت .... شــێرو و دایـــە و هەمــووی هــۆزەکەت کوشــت .... رهــێڵەگوللەت بەردایــە ســەر پــیاوەکان ....

گــوللەت بارانــدە ســەر دارودەســتەکەتەوە، وەکــوو بــاران .... وەکــوو بــاران حــەزت لــە بــاران نــیە .... نــا .... نــا .... بــۆ کلاشــینکۆفەکەت وای لـــێهاتووە؟ .... چ بـــێ ڕەحمـــە ئـــەو کلاشـــە .... ئـــەو هەمـــوو فیشــەکە لــە کــوێ بــوون؟ ئــیدی ئیختــیاری کلاشــەکەت لــە دەســتتدا نەما بــوو .... کلاشــەکەت خــۆی خــەریك بــوو خەڵکــی دەکوشــت و تەنــیا تــۆ ئــەوەت لــێ دەهــات لــەو هەمــوو فیشــەکە بــیر بکەیــتەوە ....

كلاشـەكەت قەرەبـووی ئـەو دوو مانگـە بـێ دەنگیـیەی كـردەوە .... تەنـیا یـەك گـولله مابـوو .... هەمـوو كەسـت كوشـتبوو .... عەشـیرەت لـە نـاو بـرد .... شـێخیش ڕۆیشـتبوو و ئـەو هەمـوو بـووكە وەحشـیەی بـە جـێ هێشـتبوو .... خێـرا بەویسـتی خـۆت ئـەو تـیرەت لەمێشـكی خـۆتدا تەقانـد .... هـەر دەزانـی ئەوەكێـیە وا خەریكـە ئەتنـێژێ؟ .... هـەر بـیرت دەكـردەوە ڕۆژێ بەودەسـتانە بـە خـاك بسـپێردرێی؟ خـۆت، خـاو و خێـزانت، پـیاوەكانت .... خەڵكـی عەشـێرەكەت .... هەمـووتان .... تەنانـەت لـە بۆتانـیش بگـری؟ .... دەسـتەكانی میهـرەبان بـوونەتەوە .... دەزانـی ئـیدی رق و قـینی تێـیدا نـەماوە ئـەو دەسـتانە .... بەفـرەكان لائـەدا و زەویـنەكە هەڵدەكـەنێ .... تـۆی بـۆ خـۆی دانـاوە .... بـەو دەسـتانەی، تـۆ دەنـێژێ .... چـەن وەخـتە هەسـتت بـە میهرەبانـی نەكـردووە؟ .... باشـە ئێسـتاكە دەسـتەكانی ئـەو میهـرەبانن .... ئەیهـەوێ خـۆی تـۆ لـە خـاكدا بـنێ .... ڕەنگـە دەستەكانی ئـارام و ئوقـرە بگـرێ .... ڕەنگـە بـۆ هەمیشـە بـە هـۆی ئەو بـە خـاك سـپاردنەوە رق و قـین و دوژمنایەتـی لـەو دەسـتانە بسـڕێتەوە .... خـۆزگا هەمووشـتێ تـەواو بـبێ .... ڕەنگـە عەشـیرەكەی ئـەویش

ئارام بگرێ و ڕەنگە ئەگەر کەسێکیش لە عەشیرەکەی تۆ بە جێ مابێ، ئەویش بیری تۆڵە و براکوژی لە بیری خۆی بباتەوە و هەمووشتێ تەواو ....تەواوی تەواو .... ئەو دەستانە هاتوونە تا تۆ ئارام بکەن .... پاش ئەوەی عەشیرەکەت و خۆتت کوشت، خاوەنی ئەو دەستانە هاتوونە .... ئەو کارەساتەیان بینیوە و وەختە بتۆقن .... سەیری ئێوە دەکەن و دادەگیرێن و کاس دەبن .... کەس زاتی ئەوەی نیە بگریت .... یەکەمین دڵۆپە ئەسرینەکان، لە چاوەکانی جەمیلەوە دادەبارێن و ئەوانیتریش دەستی پێ دەکەن .... پێکەوە لە بۆتان دەگرین .... دڵۆپە ئەسرینەکان، بەفرە خوێناویەکان کون دەکەن .... ڕواڵەتی پەکپارچەیی ئەو پانتاییە سوور و سپیە دەگۆڕدرێن و کون کون دەبنەوە، لە بەر بارینی دڵۆپە فرمێسکەکان .... لە گۆڕستانەکەتدا، هەمووتان بە خاك دەسپێرن .... دەتاننێژنە دڵی خاکی سارد و بەفراوییەوە .... باسی سەر چاوکەکە هەر لە لایەن حکومەتەوە درکابوو و جەمیلیش بیستبووی .... پاش بە خاك سپاردنی هەمووتان، لەگەڵ پیاوەکانیدا، سەر چاوکەکە کوێر دەکەنەوە .... سەر چاوکەی کانیاوە مەرگ هێنەرەکە، کانیاوە چاو

قــرژانگیەکە دەکــوژن و گیانــی دەکێشــن و ئــەویش بــە خــاك دەســپێرن .... تــا چــاو هەتــەر بکــات ئــێدی ئــاو نــیە .... کانــیا، تــۆ و عەشــیرە، نوقمــی زەریــای خــاك و قوڕبــوونە و هــیچ ئاســەوارێکتان لــێ نــەماوە .... جگـــە لـــە دارە زەیـــتوونەکە هـــیچ شـــتێ نـــەماوە .... جەمـــیل و پیاوەکانــی، هەرشــتێك کــە ماوەتــەوە، کــۆیان دەکەنــەوەو دەیــان بــەن و دەڕۆن .... هــیچ ئاســەوارێکیش لــە ژیــن و ژیــان لــەو دەشــتە نامــێنی .... ئەڵێـــێ، هـــیچ کـــات نەکانـــیاوێ لـــەوێ هەڵقـــوڵاوە .... نـــە عەشیرەییێك لـەوێ ژیـاوە و پاشـان نوقمـی مـەرگ بـووە .... ئەڵێـی هـیچ کـات خاوەنـی ئـەو دەسـتانە نەهاتـوونە ئـەو دەڤـەرە و کارەسـاتێ لـەوێ ڕووی نــەداوە و گۆڕســتانێ ئــاوەدان نەکــراوە و دەیــان پــیاوی چــەکداری ئەســـب ســـووار لـــەوێ، خـــەمگین و چـــاو بەفرمێســـکەوە، تێـــنەپەڕیون و تەنیا بەفرە و پانتاییێکی سپی و سوور ....

بەفــردەبارێ .... بەفــردەبارێ و تــۆ دەزانــی ئــەبێ لــەوێ بیــتە دەرێ .... بــاش دەزانــی کاتیەتــی و ئــەبێ لــەو ژێــرەوە دەربــی .... حــەزت لــە بەفرنیە .... خەمگینی .... بەڵام ئەبێ بیتە دەرێ ....

چــاوەڕوانی گــەوەری .... چــاوەڕوانی گــەوەر لــەو ســەری دەشــتەکەوە بـێت و لـە سـەر هـەوا و بەفـردا، بخزێت و لـە سـەربەفرەکانی گـۆڕەکەتەوە بنیشـێتەوە و بانگـت بکـات .... دەزانـی ئەگـەر گـەوەر بـێت سـەداو سـەد کونـی گوێیەکانت داناپۆشـی و گـوێ بـۆ هـەر وشـە و پیـتێ وا لـە گـەڵ ئەسـرینەکانی گـەوەردا دەتکێـتە نـێو گـۆڕەکەتەوە، شـل دەکـەی .... هەسـتت کـردووە .... ئێسـتاکە، جەلـیل و ماجـد لـە سـەرەوە، ڕاوەسـتاون و ئەیانـەوێ تـۆش بچـیتە دەرێ .... گـەوەریان داسـپاردووە کـە نهێنییـەکەی ماجـدت بـۆ بدرکێـنێ .... دایەگـەورەش لـە نزیکـی ئەوانـدا، لـە تێپەڕیـندایە و ئامـاژەت بـۆ دەکـات بـۆ لای بچـی و گـوێ بۆ قسـەکانی گـەوەر هـەڵخـەی .... ئـەو قسـانەوا هـیچ کـات نەتویسـتووە بیبیسـی، یـان چـۆن بـاش دەتزانـی و تێگەیشـتبووی، نەتدەوێـرا ببانبیسـی .... پـێت وایـە ئـەو دووکچـە، خاوەنـی ئـەو دەنگانـە، واتـە سـۆما و ئـەو کـیژۆڵە وا بـەردەوام چـپە چـپە کانـیان دەکەوتـە نـێوان گریانەکانی جەلێلدا، ئێستا کە ڕاوەستاون و لە چاوەڕوانی تۆدان.

دایەگــەورە چــاوەڕوانتە و ئیســماییلی هێــناوەتە دەرێ .... لەگــەڵ تارمایـی ئـەو کـرمانە وا لـە حاڵـی خواردنـی جەسـتەین .... عەشـیرە

چاوەڕوانتە وا بزانی .... پێت وایە ئەبێ بڕۆی و ئەوان لە دەس ئەو بووکە قوڕینە وەحشیانە دەرباز بکەی ....

بەفر دەبارێ .... بەفر دەبارێ و ئەبێ بڕۆی و دەڕۆی .... دەچیتە دەرێ لە گۆڕەکەت .... پێت خۆش نیە .... بەڵام خۆت دەکێشیتە سەرەوە .... سەختە .... زۆر، حەزت لە باران و بەفر نیە .... تەنیا با و گەردەلوولە وا سەرنجی تۆ ڕادەکێشن .... حەزت لە بایە بای دەوران .... بای دەوران بەرە و کوێ هێناتی حەیاتم .... خۆت لە گۆڕەکەت هەڵدەکێشی .... لە قوڕەکان تێدەپەڕی .... لە بەردەکانیش و هەر دەڕۆی .... کەم دەڕۆی .... زۆر دەڕۆی .... هەبوو، نەبوو .... پیاوێکی سەر سەخت بوو وا حەزی لە باران و بەفر نەبوو، بەڵام دەبوایی لە بەر هەندێ شتی زۆر گرینگ، هەر زۆر گرینگ، خۆی لە گۆڕەکەی دەرباز بکردایی و لەگەڵ ئەوشتانە وا حەزی لێیان نەبوو و لەگەڵ ئەو کەسانە وا لە چاوەڕوانی ئەودا بوون، ڕووبەڕوو ببێتەوە .... پیاو ڕۆیشت .... بە هەر کلۆجێ کەبوو، ڕۆیشت .... بەڕای تۆ چی لە ئاکامی ئەو پیاوەدا بوو .... تۆ بیڵێ .... تۆ چیرۆکەکە تەواو بکە .... بیڵێ، مەترسە .... ئەو ئیدی

دەسەڵاتێکی نەماوە .... بێ هێز و لاوازە و بەستەزمانە .... تازە بووەتە بێچووە مشکێکی ترسەنۆك .... دەستی بگرە .... دەستی بگرە با نەڕۆوخێ ....

تۆ خۆت لە گۆڕەکەت هەڵدەکشی .... زۆر جار پیش دەبوا ئەو کارەت بکردایە، بەڵام نەتکرد ئەو ئیشە .... هەڵبەت دێر نەبووە .... خۆت باشترە چیرۆکەکە تەواو بکەیت، خۆت هەڵدەکشی لە گۆڕە نەفرنیاویەکەتەوە .... دەگریت و چاو بە فرمێسکەوە لە گۆڕ دەچیتە دەرێ .... پێش چاوانت لە پشت پەردەی فرمێسکدا باش دیار نیە ....

دوو دڵۆپی گەورەی فرمێسك لە چاوانت دەوەرێن و پێش چاوانت دیار دەبێ ....

کەس نیە .... هیچ کەس .... دەنگێ نابیسی ....تەنیا بەفرە دادەبارێتە خوارەوە بە پەلە .... هیچکەس نیە .... کەس نیە .... لە بیرت نایێ چەن وەختە بەفرت نەبینیوە .... وڕ وکاس لە گۆڕەکان نزیك دەبیتەوە ....: جەلیل .... جەلیل .... جەلیل .... ئێستا وا لە جەلیل بانگ دەکەی و زارت بە ناوی جەلیلەوە، قوڕگت بە ناوی

جەلـیلەوە دەکـرێتەوە، ئـەو نـیە وەڵامـت بداتـەوە .... هیچـکەس نـیە .... ئەلێـی جەلـیل هیچـکات نەبـووە تـا وەڵامـت بداتـەوە .... تەنـیا ئـەو دارە شـوومەیە وا لـە بەفـردا پۆشـراوە .... پۆشـراوە لـە بەفـری ساڵی نوێـی فەلـەکاندا .... بـێ دەنـگ و مـت ڕاوەسـتاوە دارە شـوومەکە .... دەترسـی .... نـا .... نابـێ بترسـی .... نابـێ بترسـی .... بانگـت دەکـەم .... ـــ: وەرە .... دەسـووڕێتەوە .... بـڕوا ناکـەی .... لـە دارەکـە دێمـە دەرێ .... بـەرە و مـن رێدەکـەوی .... نەرمـەبایێ هەڵدەکات و بەفـرەکان دەپـرژێنێتە سـەر و ڕووتـدا، بـەڵام تـۆ ئاگـات لـە دەوروبـەری خـۆت نـیە .... سـەیرم دەکـەی و نازانـی ئـەبێ چ بکـەی .... ئێسـتا کـە وا ئـیدی کـەس نـەماوە و ئەتـۆش هەسـتت بـە مـن کـردووە، .... ژیانـی مـن تـەواوە .... تـەواو .... ئـای، تـۆ لـە چ کاتـێکدا مـن دەبـینی وا خـەریکم هـەرەس دێـنم .... مـەخابن .... مـەخابن چ کاتـێکە ئـەم کاتـە .... ئـەو بـووکە قوڕیـنانە ئـیدی گـوێ بـە قسەی من نادەن .... ئیدی من هیچم هیچ ....

بـا هەڵـی کـرد بـوو و لـەدارە زەیـتوونەکە خـوێن چـۆڕەی دەکـرد، خـوێنی سـووتێنەر. خـوێن گۆڕەکانـی گـەمارۆ دابـوو و «مـێرا» ئـەو نەمـرە ئەفسـانەییە، سەرسـووڕماو و کـاس سـەیری دەکـرد وا چـۆن چـۆنی هـەر وەکـوو مـۆمێ وا لـە سـووتاندایە و دایمـە کـەم دەکـات، لـە بـاڵای ئـەو دارە کـەم دەبێـتەوە. خـوێن گەیشـتە بـەر پێیەکانـی مـێرا، ژێـر پێیەکانـی ئـەویان نەسـووتاند، خوێـنەکان، چـۆنکە پـێیەکانـی مـێرا، ئـیدی لـە سـەر زەویـن بـڕا بـوون، کاتـێ کـە ئـیدی جگـە لـە پانتایـی بـەرینی خـوێن، لەو دارە زەیـتوونە، هـیچ نـەما، سـاڵی نوێـی مەسـیحیەکان، دەسـتی پـێ کـرد و خێـرا خـوێن لـە تـەواو گـۆڕەکاندا، ڕۆ چـوو. ئـیدی نـە ئاسـەوارێك لـە دار مـا ونـە لـە مـێرا و نـە لـەو کچـە دوازدە سـاڵانە .... لـە سـەر گـۆڕەکەی مـێرا و ئەوکچـە وا لەگـەڵ یـەکتردا تـێکەڵاو بـبوون، چـرۆیێ چـەکەرەی کێشـا بـوو کـە لەگـەڵ سـروەدا، دەهـەژا و سـەمای دەکـرد و شەوانە ڕەنگی دەگۆڕا.

شـیلان، زۆڵەکـەی سـۆمای لـە ئامێـز گـرتبوو و لـەو سـەری دەشـتەکەوە هات، تا گەیشتە تەنیشتی گۆڕەکەی مێراوە: چ چرۆیێ لەم بەفرەدا.

نووشــتەوەو چــرۆکەی بــە ڕەگ و ریشــەوە دەرهێــنا: لــە ئــاوی دەنــێم، تــا ریشــەی نــوێ دەربکــات، پاشــان لــە خاکــی نوێــی گوڵدانێکــی ســووری دەکێڵم و نێوی دەنیم، گەوەر .... گوڵی گەوەر، بۆ گەوەرگیان.

**«تەواو»**